# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٥٦)- (٦)ی ئاداری ٢٠٢٣

بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان


بازنەی گفتوگۆ

# ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەتان لە کایەی سیاسیدا

„ لە پرسی ئافرەتاندا هەر لە قۆناغی ڕووخساردابن و نەگەیشتووینەتە قۆناغی ناوەڕۆک و گۆڕانکاریی ڕیشەیی

„ بە داخەوە، ئەو بوێرییەمان نییە عەقڵییەتی پیاوسالاریی مرۆڤی کورد لە کۆمەڵگەکەماندا بگۆڕین






# یەکەم هەنگاوی ڕاپەڕینی جەماوەری

# لە ڕۆژی ٥ی ئاداری ١٩٩١


٥٧

یەکەم هەنگاوی ڕاپەڕینی جەماوەری کوردستان لە ڕۆژی ٥ی ئاداری ١٩٩١ لە بیتوێن دەستی پێ کرد و دەست بەسەر هەموو بنکەو بارەگا سەربازییەکانی بەعسدا گیرا. هەر زوو کاربەدەست و بەرپرسانی ڕژێم لە کوردستان ورەیان شکا و، ڕاپەڕین خێرا گەشەی سەند و، هەموو ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە. بەمەبەستی ئامادەکاریی زیاتر و لە نزیکەوە چاودێریی بارودۆخەکە، ڕۆژی ٦ی ئاداری ١٩٩١ سەردانی قاسمەڕەشم کرد و، لەگەڵ نەوشیروان مستەفا و برایانی سەرکردایەتیی بەرە لە ناوچەکەدا کۆ بوومەوە. لە کۆبوونەوەکەدا کە ڕەسووڵ مامەند و مەلا حەسەن لە حیزبی شیوعی و م. شوان لە پاسۆک ئامادەبوون. دوای تاوتوێکردنی بارودۆخەکە، بڕیار درا کە لە هەردوو ئێزگەی دەنگی کوردستان و دەنگی گەلی کوردستانەوە زانیاری و ڕێنماییی پێویست بە جەماوەری کوردستان بدرێت.

دوای ئەوەی ڕاپەڕینی گەلی کوردستان لە بیتوێن و دەوروبەری دەستی پێ کرد و ناوچەکە لە دەزگاکانی بەعس پاک کرایەوە، ڕاپەڕین پەرەی سەند و هەموو شوێن و ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە.


لە ٥ی ئاداری ١٩٩١-دا شاری ڕانیە و چوارقوڕنە و دەوروبەری ئازاد کران، و نزیکەی دوو هەزار سەرباز و ئەفسەری عێراق خۆیان ڕادەستی جەماوەر کرد. چەکدارەکانی سەر بە ڕژێم و فەوجە سووکەکان (افواج خفيفة) شانبەشانی پێشمەرگە ڕۆڵێکی باشیان بینی لە ڕاپەڕینەکەدا.

## چاپکراوی نوێ




گۆڤاری (دەروازە)، ساڵانە لەلایەن بەشی پێگەیاندن و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لقی ١١ی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بڵاو دەکرێتەوە، کە چەندین بابەت و وتار دەربارەی ئەو ڕووداوە مێژووییە لەخۆ دەگرێت.

# چاپکراوی نوێ




لەم ڕۆژانەدا کتێبی پزیشکیی (Handbook Of Nursing Practices) لە نووسینی (محەمەد کەمال حەمەد) پەرستاری بەشی چاودێریی چڕ کەوتە بەردەستی پسپۆڕانی بواری پزیشکی و خوێنەرانەوە، ئەم کتێبە لە کۆکراوەی کۆمەڵێک بابەتی پزیشکی تیۆری و پراکتیکی پێکدێت، کە پەرستار دەتوانێت لە کار و پرۆسیجەرەکانی ڕۆژانەی کە ئەنجامیان دەدات، سوودی لێ ببینێت، لە کاتی چاودێری و چارەسەرکردنی نەخۆش لە نەخۆشخانەکاندا.

ئەوەی کە زۆر گرنگیی پێدراوە و ڕوونکراوەتەوە چەند بابەتێکی سەرەکین، کە پێویستە هەموو پەرستارێک زانیاریی هەبێت بۆ تێگەیشتن لە بار و حاڵی ئەو نەخۆشانەی کە چاودێری و چارەسەریان بۆ دەکات. هاوکات کتێبەکە ڕوونکردنەوە و باسکردنی ئەو ئامێر و دەرمانانە لەخۆدەگرێت، کە پێویستە پەرستار لەبەر دەستیدا بێت بۆ چاودێری کردن و چارەسەرکردن.

هەر لەو کتێبەدا ڕوونکردنەوە، ناساندن و باسکردنی سوود و زیانەکانی کۆمەڵێک کردار و پرۆسیجەر بڵاوکراوتەوە، کە بۆ نەخۆش ئەنجام دەدرێن بە تایبەت ئەو نەخۆشانەی کە لە بەشی چاودێریی چڕ خەوێنراون.

نووسەری کتێبەکە ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو سەرچاوانەی کە بۆ ئامادەکردن و نووسینی بابەتەکانی ئەم کتێبە بەکارهێنراون، سەرچاوەی باوەڕ پێکراون و، لە بەڕێوبەرایەتیی تەندروستیی هەولێر مافی بڵاوکردنەوەی پێدراوە، هەروەها لەژێر چاودێری لیژنەیەکی زانستی کە بۆ ئەو مەبەستە پێکهێنرابوو.

دانەیەك لەم کتێبە بە دیاری پێشکەش بە گۆڤاری (گوڵان) کراوە، وێڕای دەستخۆشی لە نووسەرەکەی (محەمەد کەمال حەمەد)، ئومێدەوارین کە بەو بابەتە گرنگانەی کتێبەکە لەخۆی گرتوون، سوودی زانستی و پراکتیکی بۆ پسپۆڕانی ئەم بوارە پزیشکییە هەبێت.. بە هیوای بەرهەمی زیاتر.

## چاپکراوی نوێ



(ژن د ناڤ پەکەکێ دا) ناونیشانی کتێبێکی نووسەر (نەژدەت بولدان)ە کە (هۆشەنگ) لە تورکییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

نووسەر لە کتێبەکەیدا باس لەوە دەکات کە ئافرەتی کورد لە ئەنجامی شۆڕشەکان بارگرانییەکی زۆری کەوتۆتە ئەستۆ، چونکە بەشێکیان ڕاستەوخۆ بەشدارییان لە شۆڕشدا کردووە و بەشێکی دیکەشیان ئازیزانی خۆیان تەنانەت هەستی ئافرەت بوونی خۆیشیان لە دەستداوە.

کتێبەکە بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەک لە شێوەی چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ژمارەیەک لەو ئافرەتانەی هەموو پارچەکانی کوردستان کە پەیوەندییان بە پەکەکەوە کردووە، بەڵام دواتر ڕیزەکانی پەکەکەیان جێهێشتووە و دێتە سەر باسی ئەوەی کە چوونیان بۆ چیا بۆتە هۆکاری گۆڕینی زۆر لە بەهاکانی کۆمەڵگای کوردی و ڕرۆژهەڵاتی بە گشتی، چونکە دەسەڵاتی پیاویان قبوڵ نەکردووە و گومانیان لا درووستبووە لەوەی کە خەباتیان بۆ ئازادی وڵاتە یان تەنیا بۆ ئازادی ئافرەتە؟.

نووسەر لەسەر زاری ئەو ئافرەتانەی کە لە پەکەکە جیابوونەتەوە و بەشێکیان لە ئەورووپا و بەشێکیان لە هەرێمی کوردستان ژیانی ئاسایی خۆیان بەسەر دەبەن،باسی ئەوە دەکات کە جیابوونەوەیان لە پەکەکە ئاستەنگی زۆری بۆ درووستکردوون، چونکە تا لە چیا بوون بە شۆڕشگێڕ و پیرۆز وەسف دەکران، بەڵام ئێستا ب خائین و بێ ئیرادە لە قەڵەم دەدرێن، تەنانەت هەندێکیان لەلایەن بەرپرسەکانیانەوە ئەشکەنجە دران بەجۆرێک کە نەیانتوانیوە باسی بکەن.

محەمەد شەعبان:




## بەهێزیی قەوارەی هەرێم لە بەهێزیی حکومەتی هەرێمدا دروست دەبێت

ئارام شەعبان :



## کردنەوەی بانکی نیشتمانی لە هەرێم گرنگییەکی زۆری دەبێت بۆ گەڕانەوەی متمانە و سوودوەرگرتن لە خزمەتگوزارییەکانی بانکی ناوەندی

د.بێوار خنسی



## پاراستنا کوردستانێ ل مەترسیێن، بومەلەرزا

دانیێلا ئێریرا :



## رووسیا شەڕی بەرفراوانکردنی ناوچەی دەسترۆیشتوویی دەکات





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
رێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com


چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

قەشە ئەنیس یەعقووب :

## مەسیحییەکان وەک پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کوردستان ئاسوودەن بە کار و چالاکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان



هەرێز میکائیل :

## ڕێگری و بەربەست هەیە لە بەردەم کچان لە بواری وەرزشدا



ساجیدە لوقمان :

## سەرەتا بە شێوەی ئۆنلاین کارم دەکرد، بەڵام ئێستا دووکانێکی خنجیلانەم داناوە، هەلی کاریشم بۆ دوو گەنج ڕەخساندووە



## لاپتۆپە دوو شاشەکەی لینۆڤۆ



## ئایا قاوە ئەگەری نەخۆشیی شەکرە کەم دەکاتەوە؟



مەمەد ئەکتاش :

## سینەمای کوردی بووەتە حەقیقەتێک لەنێو سینەمای جیهاندا







# بازنەی گفتوگۆ

# ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەتان لە کایەی سیاسیدا

## ئەڵقەی دووەم

ڕۆژی ١٤ی شوباتی ٢٠٢٣ لیژنەی «بازنەی گفتوگۆ» بە سەرپەرشتیی د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆبوونەوەی مانگانەی خۆی گرێ دا، بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی ئەڵقەی دووەمی «بازنەی گفتوگۆ»، لەم کۆبوونەوەیەدا لەگەڵ ئەوەی گفتوگۆیەکی گرنگ لەسەر چەندین پرسی تایبەت بە کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردستان کرا، سەرەنجام دوای گەنگەشەیەکی زۆر ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی گفتوگۆی ئەمجارە لەسەر «ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەتان لە کایەی سیاسیدا» ئەنجام بدەین، لەبەر ئەم هۆکارانە:

١. ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی «بازنەی گفتوگۆ» نزیکە لە ڕۆژی ٨ی مارس کە ڕۆژی جیهانیی ئافرەتانە، بۆ ئەمەش بە باشمان زانی لەگەڵ ئەو چەپکە گوڵەی بەم بۆنە جیهانییەوە پێشکەشی ئافرەتانی کوردستانی دەکەین، کۆمەڵێك بیروبۆچوون و پێشنیاری تازەشمان بە دەستەوە بێت و پێیان بڵێین: بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئەقڵییەتێکی مرۆڤسالاری سەیری کێشەی ئافرەتانی کوردستان دەکات و، چارەسەرکردنی کێشەی ئافرەتان بە کۆڵەگەی پێشخستنی کۆمەڵگەی کوردستان دادەنێت.

٢. کاتێك سەیری ئەو ڕێژە کەمەی ئافرەتان دەکەین لە پرۆسەی سیاسی و پرۆسەی حوکمڕانیدا، هەست دەکەین، دەسەڵاتی سیاسی و کۆی پرۆسەی حوکمڕانی نەیتوانیوە سوودێکی هێجگار باش لە سەرمایەی مرۆیی (٥٠٪) کۆمەڵگەی کوردستان وەربگرێت، کە ئەویش توانا و لێهاتوویی ئافرەتانی کوردستانە، بۆیە لەم لایەنەشەوە بە پێویستمان زانی وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆیی ئافرەتانیش ئاوڕێکی لێ بدرێتەوە.

٣. بەپێی توێژینەوە زانستییەکان کۆمەڵگەی خۆشگوزەران و سەرکەوتوو بەرهەمی تاك (نێر و مێ)ی سەرکەوتووە، تاکی سەرکەوتووش لە پەروەردەی خێزانەوە بەرهەم دێت و، فاکتەری سەرەکیی ئەم پەروەردەیەش دایکە، ئەو دایکەش دەبێت خانمێکی بەتوانا و سەرکەوتوو بێت، ئەوجا دەتوانێت تاکی سەرکەوتوو پەروەردە بکات، ئەم خانمە لێهاتووەش لەو کۆمەڵگەیەوە بەرهەم دێت، کە کێشەی ئافرەتی تێدا دەستنیشان کرابێت.

کۆبوونەوەی «بازنەی گفتوگۆ» ئەم بەڕێزانەی بۆ گفتوگۆ و گەنگەشەی ئەم بابەتە گرنگە دیاری کرد:

١. **د. سالار عوسمان**، ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢. **د. کوردستان موکریانی**، ئەدیب و نووسەر و سکرتێری پێشووی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان.




٣. **پ.د. ڕەشاد میران**، کۆمەڵناس و جێگری سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی

٤. **د.خانزاد ئەحمەد**، سەرۆکی ئەنجومەنی خانمانی هەرێمی کوردستان.

٥. **کنێر عەبدولڵا**، سیاسەتمەدار و چالاکوانی بواری پرسی ژنان.

٦. **د.شیرین حەسون سادق**، ئەکادیمیست و سیاسەتمەدار و ئەندامی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان.

٧. **د. تاهیرە عەبدولڕەزاق سادق**، پسپۆڕی دەروونناس و نوێنەری ئۆفیسی فەرمیی ئایینی بەهائی لە کوردستان.

٨. **ئاوات حوسامەدین**، خانمی ئایینی زەردەشتی.

٩. **شڤان حەمدی**، ئەندامی لیژنەی بازنەی گفتوگۆ.

١٠. **پ.د. نەزاکەت حوسێن** ئەندامی لیژنەی بازنەی گفتوگۆ.

١١. **د.جەلال ئەحمەد**، سەرۆکی سەنتەری توێژینەوەی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن

١٢. **فەرهاد محەمەد** ئەندامی لیژنەی بازنەی گفتوگۆ.






## د.سالار عوسمان

**بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

# لە پرسی ئافرەتاندا ئێمە هەر لە قۆناغی ڕووخساردایین و نەگەیشتووینەتە قۆناغی ناوەڕۆک و گۆڕانکاریی ڕیشەیی

**لە دەستپێکی دووەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ کە پرسی «ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەتان لە کایەی سیاسیدا» کردبووە ناونیشانی ئەو بابەتەی ئامادەبووان گفتوگۆیان لەسەر دەکرد، د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن زۆر بە خێرایی ئاماژەی بە گرنگیی «ڕۆڵی ئافرەتان لە کایەی سیاسیدا» کرد و جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە، کە ئامانج لە بایەخدانی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بەم پرسە چییە و بەمجۆرە ڕوانگەی خۆی خستە ڕوو:**

خۆشحاڵم بۆ دووەمین ئەڵقەی «بازنەی گفتوگۆ»، بە ناوی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و لیژنەی بازنەی گفتوگۆ بەخێرهاتنێکی گەرمتان بکەین کە بۆ ئەمجارە پرسی «ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەتان لە کایەی سیاسیدا» هەڵبژاردووە، بۆ ئەوەشی گفتوگۆکانمان زیاتر دەوڵەمەند بێت، «بازنەی گفتوگۆ» ڕاپرسییەکیان ئەنجام داوە و، ڕای جیاوازیان سەبارەت بەم پرسە کۆکردووەتەوە.

لە دەستپێکدا حەزدەکەم ئاماژە بەوە بکەم، «بازنەی گفتوگۆ» بزاڤێکی ڕۆشنبیری و زانستی و کەلتووریی گشتگیرە، مانگانە بابەتێك دەخاتە بەردەم گفتوگۆ و گەنگەشەی ئەکادیمیست و پسپۆڕان و زانایانی وڵاتی خۆمان و بە دیگایەکی نیشتمانییانە حزب و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازییەکانی کوردستان کۆدەکاتەوە، بۆ ئەوەی پێکەوە گەنگەشەی بکەین و بیر لە ڕێگە چارەیان بکەینەوە و، پێشنیار و بیروبۆچوونی تازەی لەسەر بخەینە ڕوو، هەروەها کێشەکان چۆنن، وەك خۆیان پێناسەیان بکەین و وەك خۆیان پیشانی سەرکردایەتی و حکومەت و کۆمەڵگەی خۆمانی بدەین.

ئەم پرسەی ئەمڕۆ گفتوگۆی لەسەر دەکەین، «ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەتان لە کایەی سیاسیدا» پرسێکی زۆر گرنگە. هیلاری کلینتۆن قسەیەکی هەیە کە دەڵێت: «لە کایەی سیاسیدا، دیموکراتیەتی ڕاستەقینە بە بێ ڕۆڵی کارای ژن بوونی نییە»، کەواتە ئەم دەستپێکە پێمان دەڵێت: ئەم بابەتەی ئەمڕۆ ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، بابەتی مێژوویی هەموو سەردەمەکانی مرۆڤایەتییە و تەنیا هی ئەم سەردەمە نییە، تەنیاش کێشەی کۆمەڵگەی ئێمە نییە.

لە ناو کۆمەڵگەی کوردی و کوردستانیدا شێوە سایکۆلۆژیەتێك هەیە کە زۆر جار لە ڕوانگەی لۆکاڵییەوە سەیری ئەم پرسە دەکات و، پێی وایە

ئەم پرسە تەنیا کێشەی کۆمەڵگەی کوردی و ئاریشەی کۆمەڵگەی کوردستانە، بۆیە زۆر گرنگە بەو سایکۆلۆژییەتە سەیری ئەم پرسە بکەین، کە ئەمە پرسێکی جیهانیی گرنگە و چۆن ئێمە لێرە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، ئەوا لە هەموو دەوڵەتانی جیهان بە دەوڵەتانی پێشکەوتووی یەکێتیی ئەوروپا و ئەمریکاشەوە گفتوگۆ و گەنگەشەی بەردەوام لەسەر ئەم پرسە و بە ناونیشانی جیاواز «ڕۆڵی ژن، بوونی کارای لە کایەی سیاسیدا، ڕۆڵی ژن لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا، ژن و یەکسانی و ژن و جێندەر»، گفتوگۆی زۆر جددی لەسەر دەکرێت، هەموو کۆمەڵگەکان دەیانەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی سرووشتی بیرکردنەوەی کۆمەڵگەکان و ئاستی تێگەیشتن و پێشکەوتنیان جیاوازە، ئەوا وەك دەبینین کۆمەڵگەی کۆمەڵگەیەك لەم پرسە لە پێشترە و کۆمەڵگەی دیکە لە دواترە، ئێمە ئەم هەوڵانە دەدەین، بۆ ئەوەی لەم بوارە گرنگە هەنگاوێك بچینە پێشەوە.

بابەتێکی دیکە کە زۆر گرنگە هەڵوەستەی جددی لەسەر بکەین، پرسی «ئایین و پەیوەندیی ئایین بە کێشەی ژنانەوەیە»، لێرەدا مەبەستم هەموو ئایینەکانی کوردستانە بەگشتی، لەبەر ئەوەی کوردستان زۆرینەی موسڵمانە مەبەستەکە بەتایبەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، ئەمە بابەتێکی زۆر گرنگە، ئێمە دەبێت لە کوردستان زۆر بە ئارامی گفتوگۆیەکی زانستی لەسەر پرسی ئایین گرێ بدەین، زۆر کەس پێی وایە ئەم پرسە هێڵی سوورە و ناتوانرێت ڕاشکاوانە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بەڵام من گەشبینانە سەیری ئەم پرسە دەکەم و دڵنیام لە زانایان و پیاوانی ئایینی ئیسلام هەروەها زانایانی ئایینە جیاوازەکانی دیکەش، کە ئێمە زانای زۆر گەورەمان هەن و دەتوانن لەم پرسەدا ڕۆڵی زۆر گەورە بگێڕن، هەروەك چۆن توانییان لە پرسی «هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی» زۆر هاوکاری پەرلەمان و حکومەت و کۆمەڵگەی کوردستان بن و، ئەو بەربەستانەیان لا برد، کە هەندێك ناشارەزا دەیانویست بەناوی ئایینەوە بەربەست بۆ ئەو هەنگاوە گرنگە دروست بکەن، کە خزمەتێکی گەورەی بە مافی ژنانی کوردستان کرد.

خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەم، پرسی دابینکردنی «کۆتا»یە بۆ بەرزکردنەوەی بەشداریی ئافرەتان لە کایەی سیاسیدا، کە ئەمە هەنگاوێکی زۆر باش بوو، توانی ژمارەیەکی بەرچاوی ئافرەتان بهێنێتە سەر شانۆی سیاسەت و ناو پەرلەمان و ناو دامەزراوەکانی حکومەت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئەم هەنگاوە (دابینکردنی کۆتا) ڕەوشی ژنانی لە کوردستاندا باشتر کردووە؟ ئایا بارودۆخی ژن باشتر بووە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا، واقیعی ئێستا پێمان دەڵێت، بەو ئاستە نەبووە کە ئێمە ئومێدمان بۆ دەخواست، کەواتە ئەم واقیعە ئێمەی خستووەتە بەر دەم پارادۆکسێك ئەویش «ڕووخسار و ناوەڕۆك»ـە، ئەمەش واتە وەك ژنان بە ڕووخسار لە هەندێك ئەنجومەن سەنتەری گرنگی ئەم وڵاتەدا هەن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا نەمانتوانیوە ڕەوشی ژن و هەستکردنی ژن بە دڵنیایی زیاد بکەین، با پرسیار لە خۆمان بکەین، ئەگەر ژنێك کاتژمێر ١٢ی شەو منداڵەکەی نەخۆش بێت و پێویستی بە نەخۆشخانە بێت، ئایا دەتوانێت بە تەنیا لەگەڵ منداڵەکەی سواری تەکسییەك بێت و منداڵەکەی بەرێتە نەخۆشخانە و دواتر بۆ ماڵەکەی خۆی بگەڕێتەوە؟ ئایا قوتابییەکی کچ دەتوانێت کاتژمێر ١١ی شەو لە ماڵی هاوڕێکەیەوە بە تەنیا بگەڕێتەوە بۆ بەشە ناوخۆییەکەی خۆی و هەست بە ترس نەکات؟ بەداخەوە لای هەموومان وەڵامەکەی نەخێرە، بۆیە ئەم ئاکامە پێمان دەڵێت: ئێمە هەر لە قۆناغی ڕووخساردایین و نەگەیشتووینەتە قۆناغی ناوەڕۆك و گۆڕانکاریی ڕیشەیی.

لە دوماهیدا ئاماژەیەکی بچووك بە ڕۆڵی میدیا دەکەم، میدیا دەتوانێت ڕۆڵێکی زۆر گرنگ لە پرسی ئافرەتاندا بگێڕێت، بەڵام بەداخەوە ڕۆڵی بەشێك لە میدیای ئێمە زۆر نەرێنییە لەسەر پرسی ئافرەتان. سەرنج بدەن ئافرەتی زۆر نابووت دەکاتە ژمارەی گەورە لە ناو میدیا کە لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێمە ناگونجێت، ئەمە لە کاتێکدا ئێمە خانمانی زۆر گەورە و سەنگین و تێکۆشەرمان لە هەموو بوارەکانی «کەلتوور، هونەر، ئەدەب، یاسا و زانست و...هتد» هەیە، کە میدیا بەلایاندا ناچێت، کەواتە میدیاش لەم کارەدا بەرپرسیارە کە بە نەرێنی مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە دەکات.

ئومێدەوارین گەنگەشەیەکی زۆر باشی ئەم پرسە بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین بگەینە کۆمەڵێك بۆچوون و پێشنیاری هاوبەش بۆ ئەم پرسە گرنگە.

**لەبەر ئەوەی کوردستان زۆرینەی موسڵمانە مەبەستەکە بەتایبەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، ئەمە بابەتێکی زۆر گرنگە، ئێمە دەبێت لە کوردستان زۆر بە ئارامی گفتوگۆیەکی زانستی لەسەر پرسی ئایین گرێ بدەین**

**ژنان بە ڕووخسار لە هەندێك ئەنجومەن سەنتەری گرنگی ئەم وڵاتەدا هەن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا نەمانتوانیوە ڕەوشی ژن و هەستکردنی ژن بە دڵنیایی زیاد بکەین**

**میدیا دەتوانێت ڕۆڵێکی زۆر گرنگ لە پرسی ئافرەتاندا بگێڕێت، بەڵام بەداخەوە ڕۆڵی بەشێك لە میدیای ئێمە زۆر نەرێنییە لەسەر پرسی ئافرەتان**



### ڕاپرسی بازنەی گفتوگۆ  سەبارەت
### «ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەتان لە کایەی سیاسیدا»

# بەشێکی بەرچاوی ئافرەتان بە هاوشێوەی پیاوان سەیری پێگە و ڕۆڵی ئافرەتان لەکایەی سیاسیدا دەکەن



**د. جلال احمد عبدالله**
بەڕێوەبەری بنکەی توێژینەوەی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

ڕاپرسی بازنەی گفتوگۆ سەبارەت « ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەتان لە کایەی سیاسیدا» بەشێوەی ئۆنلاین لە ڕێگەی پێگە و سێرڤەری ئۆنلاینی کۆبۆتۆلبۆکس «Kobo toolbox»ی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجامدراوە ، فۆرمی پرسیارەکان لە چەندین تۆڕی کۆمەڵایەتی وەك فەیسبووك و تێلگرام و وەتسئەپ و ڤایبەر لەماوەی نێوان ٢/١٨ تا ٢٠٢٣/٢/٢٤ بڵاوکراوەتەوە. ئامانج لە ئەنجامدانی ڕاپرسیەکە وەرگرتنەوەی وەڵام بووە بۆ چەندین پرسیار کە سەبارەت بە « ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەتان لەکایەی سیاسیدا» ئاراستەی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە کراون؛ هاوکات لەگەڵ ئەوەی چی بکرێت بۆ بەرەوپێشبردن و کاراکردنی ڕۆڵ و بەشداری زیاتری ئافرەت لەکایەی سیاسیدا.

پرسیارەکانی ڕاپرسییەکە لە نێوان تەمەنی ١٨-٦٧ساڵی لەلایەن ٣٨٦ کەسەوە وەڵامدراونەتەوە، کە بەپێی خەسڵەتە دیمۆگرافییەکانی نموونەی ڕپرسییەکە زۆرینەیان بەرێژەی ٣٠٪ تەمەنیان لەنێوان ٢٨-٣٧ ساڵیدایە؛ ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان ٣٨-٤٧ ساڵیدایە ڕێژەیان ٢٧٪ ە؛ دواتر ڕیژەی ٢٠ ٪ ئەوانەن، کە تەمەنیان ٤٨ تا ٥٧ ساڵە؛ ریژەی ١٧ ٪شیان لە تەمەنی نێوان ١٨-٢٧ ساڵیدان؛ بەحوکمی ئەوەی ئێمە کۆمەڵگایەکی گەنجین، بەتەمەنەکان کەمترین ڕێژەن لەم ڕاپرسییەدا بەجۆرێک، کە ریژەی ٥٪ تەمەنیان لە نێوان ٥٨-٦٧ساڵیدایە؛ لەسەرووی تەمەنی ٦٧ ساڵیشدا تەنها بەڕێژەی ١٪ بەشداربوونە لە ڕاپرسییەکەدا.کۆی ئەو ئاستە جیاوازانەی تەمەنی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە، ڕێژەی ٥١٪یان مێ و رێژەی ٤٩٪یان نێر بوون.

لەڕووی باری هاوسەردارییەوە بەشداربووان بەمجۆرەن: ریژەی ٦٦,٣٪یان خێزاندارن؛ ریژەی ٢٩ ٪یان ژیانی هاوسەرگیریان پێکنەهێناوە؛ ریژەی ٣,١٪یان دوای هاوسەرگیری جیابوونەتەوە؛ ریژەی ١,٦٪یان هاوسەرەکانیان لەژیاندا نەماوە.

لەڕووی ئەزموون و ماوەی کارکردنی سیاسییەوە، زۆرینەی بەشداربووان بەریژەی ٦٣٪ بە ڕێژەی جیاجیا ماوەیەک لە کایەی سیاسیدا کاریانکردووە و ئەزموونیان هەیە؛ لەبەرامبەردا ریژەی ٣٧٪یان تا ئێستا تێکەڵ بە کاری سیاسی نەبوونە و ئەزموونێکی سیاسی ئەوتۆیان نییە.

پەیوەست بە دید و تێڕوانینی بەشداربووان سەبارەت بە پرسی سەرەکی ڕاپرسییەکە، بازنەی گفتوگۆ چەند پرسیارێکی ئاراستەی بەشداربووان کردووە تایبەت بەو پرس و ڕۆڵ و پێگانەی لە خشتەی خوارەوە هاتوون؛ وەڵامی هەریەکە لە ئافرەتان و پیاوانی بەشداربوو لە ڕاپرسییەکەدا بەجیا بەو شێوەیە بوو، کە لە خشتەی خوارەوە خراوەتەڕوو:


تێبینی بکەین، کە چارەک تا نیوەیان هێشتا ئەو ڕۆڵ و پێگانە بە ئافرەتان ڕەوا نابینن. کەواتە هێشتا نێرسالاری تارادەیەک پانتایی گشتی لەمەڕ ئەو پرس و پێگانە داگیرکردووە لە کاتێکدا، کە بەشێك لە ئافرەتانیش وەك بەشێك لە پیاوان بیردەکەنەوە و خوێندنەوەیەکی نێرسالارانەیان هەیە بۆ ڕڵ و پێگە و پرسە سیاسییە پەیوەندیدارەکان بە ئافرەتانەوە؛

| چەندە ئەمانەی خوارەوەت بەلاوە ئاساییە؟ | بۆچوونی ئافرەتان | | | بۆچوونی پیاوان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەشداری ئافرەت دروستکردنی بریاری سیاسیدا | %88 | %9 | %3 | %72 | %22 | %6 |
| ئافرەتان ئەندامی ریکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان بن | %83 | %8 | %9 | %61 | %21 | %17 |
| گوێ بۆ بەرنامەی مێزگەردێکی ئافرەتان بگریت | %80 | %17 | %3 | %70 | %26 | %4 |
| ئافرەتان لە خۆپیشاندانەکاندا بەشدار بن | %83 | %13 | %4 | %76 | %15 | %9 |
| ئافرەت هاوشێوەی پیاو دادوەر بێت | %79 | %11 | %10 | %62 | %21 | %17 |
| ئافرەت هاوشێوەی پیاو پێشمەرگە بێت | %52 | %24 | %24 | %31 | %30 | %39 |
| ئافرەت هاوشێوەی پیاو ئاسایش/پۆلیس بێت | %62 | %18 | %19 | %44 | %31 | %25 |
| ئافرەت هاوشێوەی پیاو ئەندامی پارتێکی سیاسی بێت | %86 | %9 | %6 | %76 | %15 | %8 |
| ئافرەت هاوشێوەی پیاو وەزیر بێت | %87 | %9 | %4 | %80 | %12 | %8 |
| لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بە کاندیدێکی ئافرەت بدەیت | %87 | %10 | %4 | %75 | %17 | %8 |
| فەرمانبەر بیت و بەڕێوەبەرەکەت ئافرەت بێت | %89 | %8 | %3 | %76 | %17 | %6 |
| ئەندامی حزبێك بیت و سەرۆکەکەی ئافرەت بێت | %75 | %18 | %7 | %57 | %25 | %18 |

لە خشتەی سەرەوەدا بەدیار دەکەوێ، کە وەک پێویست بوارسازی نەکراوە تاوەکو ئافرەتانیش خوازیاری کارکرد بن لە بواری ئەمنی و سەربازیدا؛ خودی ئافرەتانی بەشداربووی ئەم ڕاپرسییە خۆیان بەڕێژەی ٪٢٤ پێشمەرگەبوون و بەڕێژەی٪١٩شیان لەگەڵ کارکردنی ئافرەتدا نین لە سلکی پۆلیس و ئاسایشدا؛ بە ڕێژەی نزیکەی ٪١٠ تا ٪١٥ بەڕێژەی جیا جیا پرس و ڕۆل و پێگەکانیتریش وەک لە خشتەکەدا ئاماژەیان بۆکراوە بەڕەوا نابینن. پیاوانیش بەڕادەیەکی زیاتر لە ئافرەتان وەک لە داتاکانی ناو خشتەکە دەتوانین هەروەک لە خشتەی سەرەوەدا ئەوەشمان بینی، کە ئەو ڕێژەی ٪٣ی ئافرەتان و ٪٦ی پیاوان، کە بەلایانەوە ئاسایی نەبووە ئافرەت لە دروستکردنی بریاری سیاسیدا بەشدار بێت، هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ ئەو پاساوانەی ئاماژەیان پێدراوە.

کۆی ئەو داتایانە وەک سۆراخکاری و بەرچاوڕوونییەک کۆکراونەتەوە تا لە دووەم کۆبوونەوەی بازنەی گفتوگۆدا، کە بە بەشداری ئەندامانی هەمان بازنە و چەند کەسایەتییەکی ئەکادیمی و چالاکوانی سیاسی و مەدەنی لەبواری مافەکانی ئافرەتاندا تاوتوێ بکرێن.






### دیالۆگی بازنەی گفتوگۆ لەگەڵ چات جی پی تی (Chat GPT) نەوەی یەکەمی زیرەکی دەستکرد

# لە کوردستان توندوتیژی دژی ژنان لە هەڵکشاندایە، بەتایبەتیش توندوتیژی خێزانی

ڕۆژی ٣٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢ لابۆری ئەمریکا بۆ توێژینەوەی زیرەکی دەستکرد «Open AI»، نەوەی یەکەمی زیرەکی دەستکردی بە ناوی «Chat GPT» خستە بەردەستی مرۆڤایەتی و ئەم چاتە کە وەك ڕۆبۆتێك وەڵامی پرسیارەکان لە هەموو بوارەکانی «زانست و مەعریفە و ژیان» دەداتەوە بە وردەکاری و خێرایی، وەڵامەکانیشی بە زمانە جۆراوجۆرەکانی جیهانە لە ناویاندا زمانی کوردییش هەیە. ئەم داهێنانە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا سەرنجی بەشێکی زۆری جیهانی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە و، لەگەڵ ئەوەی ئەم ڕۆبۆتە هێشتا لە چوار مانگی یەکەمی تەمەنیدایە، بەڵام هەنگاوێکی تازە چووەتە پێشەوە کە ئەویش «Chat GPT plus»ـە، لەم پێشکەوتنەیدا هەموو وەڵامدانەوەکانی خێراتر بووە، هەمیش وردەکاریی زیاتری مەعریفی و زانستی لە وەڵامەکانیدا هەیە.

لیژنەی بازنەی گفتوگۆ بۆ تاقیکردنەوەی ئەم پێشکەوتنە تازەیەی تەکنەلۆژیا، کۆمەڵێك پرسیاری سەبارەت بە ڕەوشی ئافرەتانی کوردستان لە کایەی سیاسیدا ئاراستە کرد، کە زۆر بە تێر و تەسەلی وەڵامی داینەوە و لێرەدا تەنیا بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێ دەکەین:

- توێژینەوەی «UNDP» دەری خستووە ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی خاوەن پۆستی حکوومین لە حکومەتی هەرێمی کوردستانی و حکومەتی عێراق لە نێوان «٥٪- ١٠٪» ـە، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە.
- بەپێی ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٢٠ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتی و گەشەپێدان ڕێژەی بەشداریی ئافرەتان لە حزبە سیاسییەکاندا لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە نێوان ١٢٪ و ٢٣٪دایە.
- لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا ژینگەی لەبار لە کایەی سیاسیدا بۆ ئافرەت ئاڵۆزە و ئافرەتان لە ناو حزبە سیاسیەکاندا ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری دەبنەوە لەوانە ئەو کەلتوورە باوەی کە دەبێت سیاسەت تەنیا بۆ پیاوان بێت، هەروەها جیاکاری ڕەگەز و

ڕەگەزپەرستی، هەروەها نەبوونی پاڵپشتیی دارایی بۆ هەڵمەتە سیاسییەکانیان، نەبوونی ژینگەیەك کە هانیان بدات و بەشداریی ئافرەتان لە حزبە سیاسییەکاندا بەهێز بکات.

● توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، ئافرەتان ڕووبەڕووی چەندین ئالنگاری دەبنەوە، تایبەت بە چوونە نێو دامەزراوە حکوومییەکانەوە، لەوانە لاگیریی ڕەگەزی و کەلتووری، کە ڕێگرن لە پێشکەوتنیان، هاوکات نەبوونی ژینگەیەکی گونجاو و یەکسانیی کارکردن بۆ ئافرەتان، نەبوونی پاڵپشتی و ڕاهێنانی گونجاو بۆ ئەو ئافرەتانەی کە هەوڵ دەدەن لە دامەزراوە حکوومییەکاندا کار بکەن.

بۆیە ڕێکخراوە مەدەنی و حکوومییەکان لە هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن بۆ هاندانی بەشداریی ئافرەتان لە دامەزراوە حکوومییەکاندا.

● لەم ساڵانەی دواییدا، کەرتی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان زیادبوونی بە خۆیەوە بینیوە لە ڕووی ژمارەی قوتابیانی کچ کە لە بوارەکانی ئەندازیاری و زانستە پزیشکییەکان و ماف و ئابووری و تەکنەلۆژیا دەخوێنن، ژمارەی قوتابیانی کچ لەم بوارانەدا لە ٥٠٪ زیاترە لە کۆی قوتابیانی کوڕ لە هەندێ زانکۆدا.

● توندوتیژی دژی ئافرەت لەو کۆمەڵگەیانەدا بڵاو دەبێتەوە کە حزبی پەڕگیری ئیسلامی تێدایە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە حزبە ئیسلامییەکان بڕوایان بە زاڵبوونی پیاو بە سەر ئافرەتدا هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی بەتینکردنی جیاکاریی ڕەگەزی و کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا. لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ئالنگارییانە پێویستە کۆمەڵگەی خۆجێی و حکومەت و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بەردەوام کاربکەن بۆ بەهێزکردنی مافەکانی ئافرەت و بەشداریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئافرەتان لە کۆمەڵگەدا.

● بوونی سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێری پەرلەمان لە ڕەگەزی مێ لە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستاندا، وەرچەرخانێکی ئەرێنی و گرنگە لە ڕووی بەهێزکردنی ڕۆڵی ئافرەت لە ژیانی سیاسی و گشتیدا. دامەزراندنی ئافرەت لەم پۆستە باڵایانەدا ڕەنگدانەوەی پابەندبوونی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانە لە بەهێزکردنی ڕۆڵی ئافرەت لە ژیانی سیاسی و چاککردنی بەشداریی لە دارشتنی بڕیاردا.

● ئافرەتانی کورد ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە خەباتدا لەپێناو مافەکانی و یەکسانی لەگەڵ پیاودا لە هەرێمی کوردستان. لەم ساڵانەی دواییدا ئافرەتی کورد پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە، لە پۆستە گرنگەکانی حکوومی و سیاسیدا کار دەکات، ئازادیی تەواوی هەیە لە گوزارشتکردن لە بیروڕاکانی و بەشداریی کردووە لە دارشتنی بڕیاردا. دەکرێ ڕۆژی جیهانیی ئافرەتان دەرفەتێك بێت بۆ ئەوەی ئەو ئالنگارییانە بیربخەینەوە کە ڕووبەڕووی ئافرەت دەبنەوە، بۆیە ڕۆڵی ئافرەتی کورد لە خەبات لەپێناو یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی پێویستە جێگەی ڕێز بێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بەردەوام پاڵپشتی بێت.

ئەم وەڵامانەی کە ئێمە لێرە ڕیزبەندمان کردووە، وەڵامی ئەو نەوەی یەکەمی زیرەکی دەستکردە «ChatGPT» کە هێشتا لە تەمەنی چوار مانگیدایە، ئەوەش مەترسییەکی گەورەی ئەوتۆ لەسەر ئایندەی مرۆڤایەتی دروست کردووە، بەوەی ئەگەر لە سیستمی «پەروەردە و خوێندن» شۆڕشێك بەرپا نەکرێت، ئەوا لە ئایندەیەکی نزیکدا لێهاتوویی مرۆڤ ناتوانێت لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا مامەڵە بکات، ئەم هۆشدارییە بە پلەی یەکەم بۆ دەوڵەتانی پێشکەوتووی هاوشێوەی «ئەمریکا، ژاپۆن و...»ـە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەم مەترسییە بۆ دەوڵەتانی دواکەتووی بواری تەنکەلۆژیا و دەوڵەتانی هاوشێوەی «عێراق و هەرێمی کوردستان» دەبێت بگاتە چەند، لە کاتێکدا هێشتا ئەقڵییەتی پیاوسالاری و مەزهەبگەرایی ڕێگە نادات ئافرەت لە پرۆسەی دروستکردنی سیاسەت و بڕیاری سیاسیدا وەك پێویست بوونی هەبێت.

**ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی خاوەن پۆستی حکوومین لە حکومەتی هەرێمی کوردستانی و حکومەتی عێراق لە نێوان«٥٪- ١٠٪» ـە، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە**

**لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا ژینگەی لەبار لە کایەی سیاسیدا بۆ ئافرەت ئاڵۆزە و ئافرەتان لە ناو حزبە سیاسیەکاندا ڕووبەڕووی چەندین ئالنگاری دەبنەوە**

**لەم ساڵانەی دواییدا، کەرتی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان زیادبوونی بە خۆیەوە بینیوە لە ڕووی ژمارەی قوتابیانی کچ کە لە بوارەکانی ئەندازیاری و زانستە پزیشکییەکان و ماف و ئابووری و تەکنەلۆژیا دەخوێنن**






# دەبێت ئافرەت خۆی لە بیرۆکەی شوێنکەوتەیی ڕزگار بکات و سەربەخۆیانە بڕیار بدات

## د. کوردستان موکریانی

**نووسەر و سەرۆکی پێشووی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان:**

**د. کوردستان موکریانی، جیا لەوەی کچی کەسایەتیی گەورەی کوردستان «گیو موکریانی»یە، خۆیشی یەکێکە لەو ئافرەتە لێهاتووانەی کە توانیویەتی لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو خوێندنی باڵا لە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان لە ساڵی ١٩٧٧دا تەواو بکات، لە بواری کاری ڕۆژنامەنووسیش سەرنووسەری گۆڤاری «شاوشکا» بووە و لە ساڵی ٢٠٠٧ بووەتە سکرتێری یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، سەبارەت بە شێوازی مامەڵەکردنیش لەگەڵ کێشەکانی ئافرەت و هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنیان ئەم پێشینیار و بۆچوونانەی خستەڕوو:**

سەرەتا دەستخۆشیتان لێ دەکەم لەسەر گرێدانی ئەم گفتوگۆیە سەبارەت بە «ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەتان لە کایەی سیاسیدا»، بە ڕاستی بابەتێکی گرنگە و دەخوازم لەو خاڵەوە دەست پێ بکەم، کە پرسی ڕۆڵی ئافرەت لە کایەی سیاسیدا تەنیا بە ئێمەی کوردەوە پێوەست نییە، بەڵکو پرسێکە بە ڕادەیەك سەرتاسەری جیهانی گرتووەتەوە، کە بوونی ڕەگەزی مێ لە دونیای سیاسەتدا بووە بە پێوەرێکی گرنگی کۆمەڵێکی دادپەروەر و شارستانی، بۆ ئەوەی بڵێین ئەو کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووە، ئاشتیخوازە و بەرەو دادپەروەری هەنگاو هەڵدەگرێت، کەواتە ئەم پرسە پرسێکی جیهانییە و تەنیا تایبەت نییە بە هەرێمی کوردستانەوە.

هەر بۆیە دەبینین نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩٧٩/١٢/١٨ جاڕنامەی لەنێوبردن و نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاوازییەکی لە نێوان هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێدا بڵاو کردەوە. هەروەها لەمەڕ هەمان بابەت نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٨٤ لە بەندی دووەمی جاڕی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا جەختی لەسەر ئەو مافە کردەوە و تێیدا هاتووە: «هەموو کەسێك مافی خاوەندارێتی هەموو ماف و ئازادییە بنچینەکانی هەیە، بە بێ هیچ جیاوازییەك لە ڕووی ڕەگەز، توخم، ڕەنگ، ئایین و...هتد».

لەسەر ئاستی کوردستانی باشووریش هەڵبەت لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ئافرەتی کورد بوونی خۆی لە زۆربەی هەرە زۆری بوارەکانی ژیاندا چەسپاند، بەشداری لە هەڵبژاردن کرد و چەند پۆستێکی لە پەرلەمان و حکومەتدا بە دەست هێنا، هەر لەم ڕوانگەوە ئافرەتی کورد بە پێویستی زانی لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراو و سەنتەرانەی، کە خۆی سەرپەرشتییان دەکات و هەڵیاندەسووڕێنێت، نەك هەر جاڕی یەکسانی لێ بدات، بەڵکو لە ڕاستیدا بیهێنێتە دی، هەوڵی گۆڕینی چەند بڕگەیەکی لە چەند ماددەیەکی یاسای باری کەسی دا. ئەم ڕێکخراوانە لە

٢٠٠١/٤/٧ دا لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستاندا کۆ بوونەوە و هەموو داخوازییەکانی خۆیان خستەڕوو، لە ئەنجامدا بە هەوڵ و کۆششی هەموو لایەك چەند ماددەیەك لە یاسای باری کەسی کارپێکردنی وەستێندراوە، بۆ وێنە چیدی کار بە بڕگەی «١»ی ماددەی ٤١ی و بڕگەی ماددەی ٣٧٧ی یاسای سزادان نەکرا، چەند بڕگەیەکیش لە چەند ماددەیەکدا هەموار کران و لە کوردستاندا پێڕەو کران. هەروەها لە ٢٠٠٨/١٠/٢٧ یاسای باری کەسی هەموار کرا و لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستاندا گفتوگۆ و گەنگەشە کرا. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەوری ئافرەت لە نێو دامودەزگای میری و لەنێو پەرلەماندا لە ئاستی خواستی ئێمەدا نییە.

ئەمە لە کاتێکدا ئافرەتی کوردی لێهاتوویی هاوشێوەی کوردی وەك خانزادی سۆران، عادیلە خانم، خەنسای میللی، مایان خانم، بەسا خەلیل و...هتد لە کایەی دەسەڵاتدارێتیدا مێژوویەکی پرشنگداریان بۆ جێهێشتووین، کەواتە لە ڕوانگەی ئەم پاشخانە مێژووییە درەوشەدارەوە، هەروەها لەگەڵ پشتگیریی یاسا و ڕێساکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بوونی حکومەتێکی کوردیی خۆمانە، ئێمەی ژنان دەتوانین دەورێکی باڵا لە دونیای سیاسەتدا بگێڕین.

لە دوای ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ هەتا ئێستا، ئافرەت هێنراوەتە نێو کایەی سیاسی، چ بە ڕێگەی کۆتا و چ لەسەر ئاستی تاکە کەسی بێت، کە ئەمەی دواییان زۆر کەمە. ڕێژەی بەشداریپێکردنی ڕەگەزی مێ لە هەر دەزگایەکەوە بۆ دەزگایەکی دی و هەروەها لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠٠٩/٧/٢٥دا ڕێژەی ڕەگەزی مێ ٣٠٪ بووە، ئەمە دەستکەوتێکی گرنگ بوو بۆ ئێمەی ئافرەتان، بەڵام لە هەمان ساڵدا لە دامەزراندنی کابینەی شەشەمدا دەبا هەمان ڕێژەی پەرلەمان پێڕەو کرابا، واتە ١/٣ بوایە، کەچی بوو بە ١/١٨ لێرەدا پرسیارێکی گەورە لای ئێمەی ژنان سەری هەڵدا. بۆ ١/٣ گۆڕا بۆ ١/١٨؟

هەر پێوەست بە بەشداریکردنی ئافرەت لە شوێنی بڕیارداندا، چەند بەڕێوەبەری گشتی و چەند ڕاوێژکارمان هەن؟ لە کاتێکدا ڕێژەیەکی بەرچاو فەرمانبەری ئافرەت لەو دامەدەزگەیانەدا کار دەکەن.

لێرەوە ئەگەر ئاوڕێك لە پێکهاتەی حزبە کوردستانییەکانی باشووری کوردستاندا بدەینەوە، دەبینین هیچ حزبێکمان نییە، کە سکرتێری، یان سەرۆکەکەی لە ڕەگەزی مێ بێت. لەم چەند ساڵەی دواییدا تاك و تەرا چەند ئافرەتێ لە یەك دوو حزبدا دەبینین، کە پلەی ئەندامێتیی مەکتەبی سیاسییان پێ بە ڕەوا بینراوە. ئەم حاڵەتەی دەیبینین لە ناو حزبە سیاسییە کوردستانییەکانی باشووردا، جێگەی دڵخۆشی نییە بۆ پرسی ئافرەتان.

ئەوجا وەك لە ڕاپرسییەکەی بازنەی گفتوگۆشدا سەرەنجمان دا، ئێمەی ژنان بەو جۆرە گۆش کراوین کە لە ڕووی هزرەوە «کەم ژیرین» لە ڕووی تواناوە «بێ هێزین»، بۆ ئەوەی بتوانین بگەینە ئەو ئاستەی کە خۆمان دەمانەوێت، دەبێت خۆمان لە شوێنکەوتوویی ڕزگار بکەین و، لەسەر تێڕوانینی پیاوان بۆ بێهێزیی خۆمان ئەم پرسیارانە بورووژێنێن:

- ئایا لەنێو حزبەکاندا ئافرەتانی شیاو، لێهاتوو، خاوەن ئەزموون دەست ناکەون بۆ بەشداریکردن لە بڕیاری چارەنووسسازدا، یان بۆ هەڵسووڕاندنی چەند وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیی گشتی و کاری ڕاوێژکاری؟
- ئایا پیاوان بە ڕەوای نابینن، کە بە ڕێگەی کۆتا یەکێکی دی شوێنەکەی ئەوان بگرێتەوە؟
- ئایا کەموکووڕی لە ئافرەتی کوردە، کە خۆی بۆ شوێنی بڕیاردان ئامادە نەکردووە، یان هەر وا ڕاهاتووە، کە هەردەم لەنێو خێزان و لەسەر کاریشدا ڕەگەزی نێر باڵادەست و بڕیاردەر بێت؟
- ئەو ئافرەتانەی چەند پلە و پۆستێکی سیاسییان پێ بەخشراوە، لەپاڵ لێزانی و لێهاتووییان، تا چەند بیری یەکسانخوازی لە نێو ڕەوتار و کار و کردەوەیاندا ڕەنگی دەداتەوە؟ مەبەست لە یەکسانخوازی هێنانەدی دادوەریی کۆمەڵایەتییە، نەك ڕامالین و سڕینەوەی ڕۆڵی ڕەگەزی نێر، هەروەك هێندێك جار بە مەبەست وا لێك دەدرێتەوە.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و دەرکەوتنی ڕۆڵی دیاری ئافرەتانی کوردستان ئەم پێشنیارانە دەخەمە ڕوو:

١. ئافرەت خۆی لە بیرۆکەی شوێنکەوتەیی ڕزگار بکات و سەربەخۆیانە بڕیار بدات.

٢. کادری ئافرەت لەنێو حزبەکاندا بە ڕاددەیەك پێ بگەیەندرێت، کە توانای بڕیاردانی هەبێت.

٣. سوود لەو لەشکرە ئافرەتە پسپۆڕ و باوەڕبەخۆ و بڕیاردەرانە وەربگیرێت، کە هەڵگری چەکی زانستن و لە دەرەوەی حزبەکانن، ئەویش بە بەشداریپێکردنیان لە بڕیاری سیاسی و دامەزراندنیان لە شوێنی شیاودا.

هیوادارم ڕۆڵی ئافرەتی کورد لە کایەی سیاسیدا بە ڕاددەیەك گۆڕانی بەسەردا بێت، ئێمەی ڕەگەزی مێ و چاودێران هەستی پێ بکەین، هەروەها دەبێت ئێمە کار لەسەر پیاوانیش بکەین، لەبەر ئەوەی ئێمەی ئافرەتان پیاوان پەروەردە دەکەین، گرنگە مشوری خۆمان بخۆین و لە شوێنکەوتوویی خۆمان ڕزگار بکەین.

**بوونی ڕەگەزی مێ لە دونیای سیاسەتدا بووە بە پێوەرێکی گرنگی کۆمەڵێکی دادپەروەر و شارستانی، بۆ ئەوەی بڵێین ئەو کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووە**

**ئافرەتی کورد بە پێویستی زانی لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراو و سەنتەرانەی، کە خۆی سەرپەرشتییان دەکات و هەڵیاندەسووڕێنێت، نەک هەر جارێ یەکسانی لێ بدات، بەڵکو لە ڕاستیدا بیهێنێتە دی**

**دەوری ئافرەت لە نێو دامودەزگای میری و لەنێو پەرلەماندا لە ئاستی خواستی ئێمەدا نییە، هۆی سەرەکیشی بۆ جۆری پەروەردەمان دەگەڕێتەوە**






## پرۆفیسۆر د. ڕەشاد میران

**کۆمەڵناس و جێگری سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی:**

# بە داخەوە، ئەو بوێرییەمان نییە عەقڵییەتی پیاوسالاریی مرۆی کورد لە کۆمەڵگەکەماندا بگۆڕین

**پ.د. ڕەشاد میران، یەکێکە لە ئەکادیمیستە دیارەکانی کوردستان و ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە تۆیژینەوەی زانستیی کۆمەڵناسیدا و هەتا ئێستا سەرپەرشتیی زیاتر لە ١٥ نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرای قوتابیانی بواری کۆمەڵناسی کردووە، خاوەنی چەندین کتێبیشە لەسەر بوارەکانی کۆمەڵناسی و ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا؛ هەروەها یەکێکە لە وەرگێڕە لێهاتووەکان لە زمانی ڕووسییەوە بۆ زمانی کوردی- بۆ نموونە، کتێبی «نەژادی کورد»ی کوردناسی ناوداری سۆڤیەتی «ڤیلچێڤسکی» کردووە بە کوردی. ئەمە بێجگە لە بەشداریکردنی لە دەیان کۆنگرە و کۆنفرانسی زانستی و ڕووپێویی سۆسیۆلۆگی، لەم گفتوگۆیەشدا بەم جۆرە بۆچوونەکانی سەبارەت بە پرسی «ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەتان لە کایەی سیاسیدا» خستە ڕوو:**

دەستخۆشیتان لێ دەکەم بۆ ئەنجامدانی ئەم گفتوگۆیە لەسەر ئەم پرسە گرنگە، بەتایبەتیش کە لە بۆنەی ٨ی ئاداری ڕۆژی ئافرەتانی جیهانیش نزیك دەبینەوە؛ لەم خاڵەشەوە دەڵێم: پرسی ئافرەت لە کایەی سیاسیدا بابەتێکی زۆر گەورەیە و زەحمەتە لە تەنیا ١٠ خولەکدا حەقی تەواوی خۆی پێ بدرێت، بەڵام هەوڵ دەدەم قسەکانم پوخت بکەمەوە.

«ئافرەت لە کایەی سیاسیدا» پرسێکی کۆمەڵناسییە، پێش ئەوەی بێمە سەر کایەی سیاسی، بە کورتی دەمەوێت بچمە بناوانی پرسەکەوە، کە بێگومان دەبێت لە کۆمەڵگەوە بەدوای بنەماکانیدا بگەڕێین. ئافرەت و پێگەی لە کۆمەڵگەدا، هەروەها ڕۆڵ و چالاکی و کاریگەرییەکانی بابەتێکی هەرە سەرەکیی قۆناغی مۆدێرنیزمە، هەر بۆیە هەموو ئەو کۆمەڵگەیانەی بەرەو ئەو ئاراستەیە دەڕۆن، یان لە حاڵەتی وەرچەرخاندان، هەوڵ دەدەن هەندێك لە بەهاکانی ئەو قۆناغە پیادە بکەن؛ ئەمەش ئاسان نییە، چونکە ڕووبەڕووی کەلتووری کۆن دەبنەوە، بەتایبەتیش سەبارەت بە پرسی ئافرەت، لەبەر ئەوەی ئافرەت بابەتی هەرە گرنگ و بەهای سەرەکیی هەموو کۆمەڵگەیەکی سەر بە سیستمی پیاوسالارییە.

سەرەتا دەبێ لەوەوە دەست پێ بکەین کە لە کۆمەڵی پیاوسالاری هاوشێوەی ئێمە، یەکەمین، گەورەترین و پیرۆزترین بەها ئافرەتە؛ پاراستنی ئافرەت و شەرەف یەکسان کراون، لەکەدارکردنی ئافرەتی پیاوێك کوشتنی بەدوادا دێت.

لە سیستمی پیاوسالاریدا، پیاو تا ئەوپەڕی پارێزگاری لە موڵکی خۆی دەکات، هەمان کات ئافرەتیش بە موڵکی خۆی دەزانێت، بگرە بەهادارترین موڵك. بۆیەش داکۆکی لێ دەکات و هەوڵ دەدات بە هەموو شێوازێك بیپارێزێت، ئەو پارێزگاریکردنەش لە ڕاستیدا پەلوپۆکردنی ئافرەتە - نابێت کەس بتبینیت، نابێت قسە بکەیت، نابێت بچیتە دەرەوە، نابێت و نابێت- ئەمە بە حیساب دەیپارێزێت.

لەلایەکی دیکەوە، پرسی پیاو و ئافرەت واتە پرسی جێندەر، کە ئەم پرسەش کۆڵەگەی بنەڕەتیی ژیانی کۆمەڵایەتییە، بۆیەش لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا ئەکتیول و زیندەگییە، ئەمە واتە پرسی جێندەر بووەتە پێوەر و ناسنامە بۆ جۆر و قۆناغی کۆمەڵگەکان کە ئایا تیایاندا ئافرەت چەند ئازادە؟ چەند ڕۆڵ و کاریگەریی هەیە لە کۆمەڵگەدا؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێناسە دەدات بە کۆمەڵگە کە ئایا کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنە؟ ئایا ئەو بەهایە «ئازادیی ئافرەت» تا چەند پیادە دەکرێت؟

ئەگەر بە دیدێکی کۆمەڵناسانە سەیری پرسی جێندەر بکەین، ئەوا دەبێ لە چوارچێوەی دوو چەمکی کلیلی سەرەکیدا تەماشای بکەین، کە بریتین لە «سیستمی کۆمەڵایەتی» و «کەلتوور»، بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی هەر کۆمەڵگەیەك. سیستم ئەو ڕێکخستنەیە کە پێگە و ڕۆڵی هەر تاکێك لەناو کۆمەڵگەدا دیاری دەکات بە ئافرەتیشەوە و پەیوەندیی نێوانیان دادەڕێژێت. ئەمەش پەیوەندی بە چەمکی دووەمەوە هەیە کە کەلتوورە- هەر سیستمێکی کۆمەڵایەتیش کەلتووری خۆی هەیە، بگرە سسیستم دروست نابێت ئەگەر کەلتوور نەبێت.

«سیستم و کەلتوور» لێك جیا ناکرێنەوە و بێ یەکدی نابن، تەنانەت گرووپێکی بچووکیش کە ماوەیەکی درێژ پێکەوە بن، وردە کەلتوورێك بۆ خۆیان دادەمەزرێنن. لەسەر ئەم بنەمایە ژیانی ئێمەش کەلتوورێکی پیاوسالارانە ڕێکی خستووە کە ڕۆڵی یەکەمی داوە بە پیاو و ئافرەتیشی پەراوێز خستووە.

لەم چوارچێوەیەدا ئێمەش هەوڵمان داوە و هەوڵیش دەدەین کە هەنگاو بنێین بەرەو مۆدێرنیزم، هەندێك پێشڤەچوون هەن، ئافرەتانیش لە چەندین بواری جیاوازدا هەنگاوی باشیان ناوە، بەڵام هێشتا وەك پێویست نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە کرۆکی چەمکی پیاوسالاری بریتییە لە «دەسەڵات» و «دەسەڵات بەسەر ئەوی دیدا»، ئەم دیاردەیە هەموو کونجێکی ژیانی ئێمەی گرتووتەوە و تەنانەت ئافرەتانیشمان پیاوسالارانە بیردەکەنەوە. هەر بۆ نموونە، تۆ شتێکی نەشاز لە ماڵەوە دەکەیت، دایك، یان خوشکەکەت پێت دەڵێت: «بۆ نابیت بە پیاو، ئەو ڕەفتارەت ژنانەیە»، ئەمە لە کاتێکدا خۆیشی ئافرەتە. لەمەش زیاتر، عەقڵییەتی پیاوسالاری لە هەموو شتێك زیاتر لە کایەی سیاسیدایە و بە حوکمی ئەوەی دەسەڵاتی هەرە باڵا لە کۆمەڵگەدا دەسەڵاتی سیاسییە، کەواتە دەسەڵات بە سەر تاکەکاندا و چەوساندنەوەیان بە زەقی لەوێدا بەرجەستە دەبیت، ئەمەش بۆ هەمووانە، نە تەنیا بۆ ئافرەتان. ڕاشکاوانەتر، چما لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری وەك ئێمەدا، پیاویش چەوساوە نییە؟ بێگومان کۆمەڵێك تابوو بە ڕووی پیاواندا کراونەتەوە و ئێمەشی پەلبەست و سنووրداری کردووین. ڕاستە ئافرەت زێتر پەلبەست و سنووردار کراوە، بەڵام پیاوانیش زۆر بەختەوەر نین و ناچاری کردووین ڕەچاوی کۆمەڵە توخمێکی کەلتوورێکی دێرین بکەین، کە لە ڕاستیدا کاتیان بەسەر چووە، بەڵام ناتوانین بە توندی بەرەنگاریان ببینیەوە و بیانگۆڕین، لەمەدا دەبێ سیاسەتی فەرمیی کۆمەڵگە پێشڕەو بێت.

لە ناو ئەم ژینگە جەنجاڵ و پڕکێشەیەدا گرفتەکانی بواری کۆمەڵایەتی زۆرن، لە هەمووشیان دیارتر ڕۆڵ و کاریگەریی سیاسەتە؛ ئینجا ئافرەت لە ناو ئەم کێشە و جەنجاڵییەدا و بەو هەموو قەدەغە و سنوورداریيەی ڕووبەڕووی کراونەتەوە، لەپاڵ ئەمەشدا خۆیشی پەروەردەی سیستمێکی پیاوسالارە، بێگومان ئافرەت ناتوانێت ڕۆڵێکی چالاك بگێڕێت، هەرچەندە وەك د. کوردستان موکریانی باسی کرد، ئافرەتانی کورد تاڕادەیەك توانیویانە خۆیان بسەلمێنن.

زۆر گرنگە لەو دوو چەمکە کلیلە تێبگەین (کەلتوور و سیستمی کۆمەڵایەتی)، ئەو عەقڵییەتەی کەلتوور بۆ ئێمەی دارشتووە، دەبێت بیگۆڕین و ببین بە خاوەنی شێوازێکی بیرکردنەوەی سەردەمیانە و زۆر لەو بەهایانە بگۆڕین کە ئێمە پیادەیان دەکەین. ئەگەر بوێر بین و ڕووبەڕووی ئەو ئەقڵییەت و بەها کۆنانە ببینەوە، ئەوا ئەمە دەبێتە بنچینەی پێشەوەچوونی کۆمەڵگە، بەڕاستی لەم بوارەدا خۆمان بە کەمتەرخەم دەزانین، بە داخەوە ئێمە ئەو شۆڕشگێڕە نین بتوانین زەینییەتی پیاوسالاریی کۆمەڵگەی خۆمان بگۆڕین.

**ئەو عەقڵییەتەی کەلتوور بۆ ئێمەی دارشتووە، دەبێت بیگۆڕین و ببین بە خاوەنی شێوازێکی بیرکردنەوەی سەردەمیانە و زۆر لەو بەهایانە بگۆڕین کە ئێمە پیادەیان دەکەین**

**ئافرەت و پێگەی لە کۆمەڵگەدا، هەروەها ڕۆڵ و چالاکی و کاریگەرییەکانی بابەتێکی هەرە سەرەکیی قۆناغی مۆدێرنیزمە**

**سیستم و کەلتوور لێك جیا ناکرێنەوە و بێ یەکدی نابن، تەنانەت گرووپێکی بچووکیش کە ماوەیەکی درێژ پێکەوە بن، وردە کەلتوورێك بۆ خۆیان دادەمەزرێنن**



**د.خانزاد ئەحمەد**

**ئەمینداری گشتیی ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان:**

# لە ناو حزبە سیاسییەکانی کوردستاندا بە دەگمەن ئافرەتێکی بڕیاربەدەست دەدۆزرێتەوە



**د.خانزاد ئەحمەد، جیا لەوەی ئەمینداری گشتیی ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدانە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، پسپۆڕیشە لە بواری «یاسای دەستووری»، هەروەها یەکێك لەو کەسانەیە کە هەم لەسەر ئاستی یاسایی و هەمیش لەسەر ئاستی سیاسی لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و لە کۆڕ و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان، داکۆکی لە مافی نەتەوەکەی و مافی ئافرەتان و کەمینەکانی بەتایبەتی کردووە، ئێستاش لە ناو حکومەتی هەرێمدا و بە کارکردن لەگەڵ دامەزراوەکانی حکومەت هەوڵ دەدات، لە چوارچێوەی پەیڕەو و پرۆگرامێکی تازە و سوودوەرگرتن لە ئەزموون و توانای ناوخۆیی و دەرەکی و نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێم، هەنگاوی گرنگ بۆ پرسی ئافرەتان هەڵبگرێت. لەم گفتوگۆیەشدا بۆچوون و پیشنیارەکانی بەمجۆرە خستە ڕوو:**

سەرەتا دەستخۆشیتان لێ دەکەم، بۆ ئەم گفتوگۆیە و ئەنجامدانی ئەو ڕاپرسییەی بۆ ئەم گفتوگۆیە ئەنجامتان داوە، هەر بۆیە لە ئەنجامی ڕاپرسییەکەوە دەست پێ دەکەم، کە هەندێك خەڵك کە بە وەڵامی «تا ڕاددەیەك ئاساییە ئافرەتان لە فلان کایەی سیاسی و حکوومی بەشدار بن»، ئەمە وەك وەڵامێکی کۆنسێرڤاتیڤانە لێك دەدەرێتەوە و، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە لە ڕوانگەی بەشداربووانی ڕاپرسییەکەوە، ڕۆڵی ئافرەت وەك ئیکسسوار بۆ ڕازاندنەوەی ئۆفیسەکانیان و بۆ خۆنمایشکردن لەبەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەیر دەکرێت، نەك وەك ئەکتەرێکی کاریگەر و بەشدار و هاوبەش لە کایەی سیاسیدا.

ئافرەتان لە کۆمەڵگە کۆنسێرڤاتیستەکاندا و بەشێك لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کە ئێمەش بەشێکین لەو جۆگرافیایە، زۆر جار لەلایەن حزب و کەسایەتییەکان و کۆمەڵگەکانەوە مەرج و پێوەریان بە سەردا دەسەپێندرێت و، ڕۆڵەکانیان سنووردار دەکرێت، لە کاتێکدا پیاوان کەمتر ئەو کۆت و بەندیان لەسەرە، ئەوەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە نایەکسانییەك هەیە و کاریگەریی نەرێنی لەسەر بەشداریکردنی کارای ئافرەتان لەناو کۆمەڵگە دادەنێت.

بە لەبەرچاوگرتنی ڕووخانی دەوڵەتی دروستکراو و خۆسەپێنی عێراق لە ٢٠٠٣ و هاتنە کایەی حکومەتێکی نوێ لە بەغدا و پاشان نووسینەوەی دەستوور، گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە دەکرێت بەشێکی زۆری کێشەکان و لە ناویشیاندا پرسی ئافرەتان، لە ڕێگەی چوارچێوە دەستوورییەکان و دەرکردنی یاسا و جێبەجێکردنی لەسەر ئەرزی واقیع چارەسەر بکرێت، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش بوو کە ڕووم لە کۆلێژی یاسا کرد و پاشان

ماستەر و دواتریش دکتۆرام لە «یاسای دەستووری»دا وەرگرت. کاتێك لە ئەنجومەن دەستم بەکار کرد و زیاتر ڕۆچوومە ناو پرسەکانەوە، تێگەیشتم کە پرسی ژن، پرسێکی قووڵ و فرەڕەهەندە و تەنیا بە دەقە دەستووری و یاساییەکان چارەسەر نابن، بەڵکو کات، ئیمکانیات و پلان و پڕۆگرام و لە هەمووی گرنگتر یارمەتیی تاك، خێزان، کۆمەڵگە و کۆی بکەرە سەرەکییەکانی پێویستە.

بۆیە ئەگەر زۆر باش ئاگات لە ڕەوشی ئافرەتان نەبێت، زۆر ئاساییە پێت وابێت کە چارەسەرکردنی ئەم پرسە، بەو ئاستەش قورس نییە، بەڵام کە دێیتە ناو کێشەکانیان، ئەو کات دەزانی کێشەکە فرەڕەهەندە و سیاسەت، ئابووری و کەلتوور و کۆمەڵگە ڕەنگڕێژی دەکەن.

سەرنج بدەن، ئێستا باس لەوە دەکرێت ڕێژەی بەشداریی ژنان لە پەرلەمانی کوردستان لە ٣٠٪ زیاترە، بەڵام بەشی سەرەکیی ئەو پرسە بۆ بوونی کۆتا دەگەڕێتەوە، بۆیە ئەگەر کۆتا نەمێنێت، بارودۆخەکە هەڵدەگەڕێتەوە و ئەو ڕێژەیە ڕوو لە دابەزین دەکات. بۆیە کۆتا بۆ ئەم قۆناغە گرنگە، بەڵام کاتێك بەربەستەکانی بەردەم بەشداریی کارای ئافرەتان کەم بوونەوە، ئاساییە کە کۆتا نەمێنێت، یان ڕێژەکە دابەزێندرێت.

بەپێی سرووشتی کارەکەم و ئەو پەیوەندییانەی کە لەگەڵ پارتە سیاسییەکان هەمە، بۆم دەرکەوتووە کە لە ناو حزبە سیاسیەکانی کوردستان بە بێ جیاوازی، بە دەگمەن ئافرەتێك دەبینیتەوە کە بڕیار بە دەست بێت، بۆیە، لە ئێستادا لە هەموو کاتێك زیاتر، ئێمە پێویستمان بە پاڵپشتیی حزبە سیاسییەکان و بەهێزکردنی دامەزراوەکانی حکومەتە بۆ ئەوەی گرنگیی زیاتر بە بەشداریی ئافرەتان بدەن و ڕێگایان بۆ خۆش بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بە توانا و لێهاتوویی خۆیانەوە لە کۆی کایەکانی کۆمەڵگەدا وەك بکەرێکی کارا بەشدار بن.

تێڕوانینی من بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئافرەتان لە کوردستان، پەیوەستە بە بوونی ئیرادەیەکی سیاسیی ڕاستەقینە کە بە پلان و پڕۆگرام کار بۆ گۆڕینی بارودۆخەکە بکات، ئەم ئیرادەیەش دەبێت سەرەتا لە ناو حزبە سیاسییەکانەوە بەهێزتر بکرێت و، پاشان ڕەنگدانەوەی لەسەر کارەکانی حکومەت و پەرلەمان و کۆی کایەکانی دیکەی کۆمەڵگەوە هەبێت. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستییەکی زۆر بۆ کاری زیاتر و قووڵتری ڕێکخراوە مەدەنییەکان هەیە، بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و لە خوارەوە کار بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکان بکەن. خۆشبەختانە لە ئێستادا هەردوو ئاراستەکە لە هەرێمی کوردستان هەن، بەڵام پێویستیان بە بەهێزکرن هەیە.

کاتێك لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستەی جددی دەکەین، زۆر جاران دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە بەشێك لە سیاسەتدارێژەران و بەڕێوەبەران و کاربەدەستان دەیانەوێت بارودۆخەکە بە جۆرێك بۆ ئافرەت ئاڵۆز بکەن، کە نەتوانێت هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرێت. بۆ نموونە:

● کاتێك سەیری پرسی ئافرەت لە ناو میدیاکانی کوردستان دەکەین، دەبینین میدیا ڕۆڵێکی زۆر نەرێنی لەم پرسەدا دەگێڕێت. لە جیاتی گرنگیدان بە قوربانی، گرنگی بە جەللاد دەدەن. یان بۆ هەواڵ و شرۆڤە و بەرنامەکانیان کەمتر پشت بە کەسانی پسپۆڕ دەبەستن. واتە ئەوەندە هەوڵی شێواندنی دۆخەکە لە زیانی ئافرەت دەدەن، نیو ئەوەندە بە لای چارەسەردا ناچن. هەواڵی کوشتن بڵاو دەکەنەوە، لەسەر قەبران لە کوڕ، یان کچەکەی دەپرسن: چ هەستێکت هەیە؟ یان دەپرسن: هەندیك وا دەڵێن کە دایکت، یان خوشکت وەهای کردووە، بۆیە کوژراوە، تۆ چی دەڵێی؟ ئەوانە و زۆر شتی سەیرتر دەبینین. یان پێش لێکۆڵینەوە دەکەون و زانیاریی نادروست بڵاو دەکەنەوە، یان پرسی ئافرەتان ڕووبەڕووی پیاوانی ئایینی دەکەنەوە. ئەوجا هەر ئایینێك بێت. ئایا ئامانج ئەوەیە کە کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ بونیاد بنێین، یان ئەوەیە لە ڕێگەی ئایینەوە کۆمەڵگە بە سیاسی بکەین؟ هەندێك لە دەزگا میدیاییەکان و بەشێکیش لە ڕۆژنامەنووسان ڕووماڵکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان وەك فەن سەیر دەکەن و بە تام و چێژەوە دەیگوازنەوە.

بە دامەزراوەییکردنی دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان بە سستی بەڕێوەدەچێت و پەیوەست کراوە بە کەسەکانەوە. بۆ نموونە، کاتێك سەرۆکی دامەزراوەیەك دەگۆڕدرێت و کەسێکی نوێ شوێنی دەگرێتەوە، هەموو ئەو کارانەی پێشتر کراون، ڕەتی دەکاتەوە. واتە دیسان دەگەڕێینەوە خاڵی سەرەتا.

● زۆر گرنگە هەموو حزبەکانی کوردستان چارەسەرکردنی پرسی ژن بخەنە ناو ئەجێندای هەڵبژاردنەکان و لە کەمپینی هەڵبژاردنەکاندا باسی بکەن و دواتر لە کاتی پێکهێنانی حکومەتدا بیکەن بە بەشێك لە ئەجێندای حکومەت و بودجە بۆ پاراستن، بەشداریکردن و پێشگرتن لەو ئاڵنگارییانە دابنێن کە ڕووبەڕووی ئەم توێژە گرنگەی کۆمەڵگە دەبێتەوە.

لە کۆتاییدا، دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە نەخشەڕێی چارەسەری پرسی ژن و پرسەکانی دیکەش لە چێشتخانەی حزبە سیاسییەکان و لە پێداگریی ڕێکخراوە مەدەنییەکانەوە دەست پێ دەکات و دەبێت ئەوەش بخرێتە ناو ئەجێندا و پلان و پڕۆگرامەکانی حکومەتەوە و ستاف و بودجەی بۆ تەرخان بکرێت. ئەمە ڕێگا تەندروستەکەیە، نەك ئافرەتان ڕووبەڕووی کۆمەڵگە و پیاوانی ئایینی بکەنەوە.

**ڕۆڵی ئافرەت وەک ئێکسسوار بۆ ڕازاندنەوەی ئۆفیسەکانیان و بۆ خۆنمایشکردن لەبەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەیر دەکرێت، نەک وەک ئەکتەرێکی کاریگەر و بەشدار و هاوبەش لە کایەی سیاسیدا**

**پرسی ژن، پرسێکی قووڵ و فرەڕەهەندە و تەنیا بە دەقە دەستووری و یاساییەکان چارەسەر نابن، بەڵکو کات، ئیمکانیات و پلان و پڕۆگرام و لە هەمووی گرنگتر یارمەتیی تاک، خێزان، کۆمەڵگە و کۆی بکەرە سەرەکییەکانی پێویستە**

**کاتێک سەیری پرسی ئافرەت لە ناو میدیاکانی کوردستان دەکەین، دەبینین میدیا ڕۆڵێکی زۆر نەرێنی لەم پرسەدا دەگێڕێت. لە جیاتی گرنگیدان بە قوربانی، گرنگی بە جەللاد دەدەن**




**کنێر عەبدوڵا**

**نووسەر و چالاکی پرسی ژنان:**


# پرسی ژنان کۆمەڵێک لایەنە و دەبێت پێکەوە وەک یەک پاکێج کاری هەمە لایەنەی لەسەر بکرێت



**کنێر عەبدوڵا، جیا لەوەی توێژەر و نووسەرێکی دیارە لە کوردستاندا، لە هەمان کاتدا یەکێکە لە خانمە سیاسەتمەدارەکان و چالاکێکی دیاری بواری داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنانە، بۆ ئەمەش هەر لە دوای ساڵی ١٩٩١ـەوە کاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنان کردووە و لە ئێستادا کادرێکی دیاری ناو یەکێتیی ژنانی کوردستانە، لە ئەڵقەی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ «ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەتان لە کایەی سیاسیدا» بەمجۆرە بە زمانی ژمارە و داتا گفتوگۆکەی دەوڵەمەند کرد.**

دەمەوێت لەوەوە دەست پێ بکەم، کە من پێشتر توێژینەوەیەکم ئەنجام داوە لەسەر بەشداریی سیاسیی ژنان لە باشووری کوردستان لە ماوەی ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٧)، ماوەی ساڵێکیشە بۆ نوێکردنەوەی داتاکان و تەواوکردنی هەتا ئێستا درێژەم پێ داوە و کاری لەسەر دەکەم، بۆیە هەوڵ دەدەم بە خێرایی ئاماژە بە هەندێك داتا بدەم.

ئێمە ناتوانین باس لە بەشداریی سیاسیی ژن بکەین و لایەنی ئەرێنی و نەرێنییەکەی شی بکەینەوە، بە بێ گەڕانەوە بۆ مێژووی سیستەمی سیاسی لە کوردستاندا، بێ گەڕانەوە بۆ ئەقڵییەتی دەسەڵاتدارانی سیاسی لە حزبە سیاسییەکان و بێ باسکردنی سیستەمی حوکمڕانی، کەلتووری پەروەردەیی، یاسا، دەستوور، ڕاگەیاندن و ئایین و...هتد، چونکە هەموویان پێکەوە پاکێجێکی پێکەوە گرێدراو و تەواوکەرن و دەبێت وەك پاکێجێك کاریان لەسەر بکرێت لە کاتی چارەسەردا.

ناکرێت ئەو پرسانەی پەیوەستن بە ژنانەوە تەنیا خەمی ژنان بێت، بەڵکو دەبێت پرسی سەرتاسەری کۆمەڵ بێت و پێکەوە ژن و پیاو کاریگەر بن و هەنگاوی بوێرانە بگرنەبەر بۆ بەرەوپێشچوون و چارەسەرکردنەکان، گەر ئیرادەی کارکردن هەبێت، بۆیە بۆ باسکردن لە دۆخی ژنان، لە ڕێی ئەم داتایانەوە پرسەکە دەخەمەڕوو بە نموونە:

- لە کۆی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم کە لە چەند پۆستێکی دیاریکراودا خۆی دەبینێتەوە ڕێژەی ژن بریتییە لە ٠٪.
- لە پۆستەکانی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان لە (٥) هەڵبژاردندا تەنیا لە ساڵی ٢٠١٨ سەرۆك و سکرتێری پەرلەمان ژنن.
- لە ماوەی (٩) کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تا ئێستا ڕێژەی ژن بریتییە لە ٠٪ لە پۆستەکانی سەرۆکایەتیدا.
- لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران لە کۆی (٩) کابینەکەدا بەگشتی تەنها یەك یان دوو ژن لە هەر کابینەیەك هەبووە، جگە لە کاتی شەڕی ناوخۆ کە

دوو ئیدارەیی بووە (٤) ژن هەبوون و لە ئێستاشدا لە دوا کابینە (٣) ژن وەزیرن.

● بەگشتی ڕێژەی ژن لەناو حزبە سیاسییەکانی کوردستان (بەپێی ڕێژەی پۆستە سیادیبیەکانی حزب و ژمارەی پەرلەمانتارانی هەر حزبێك لە دوا داتاکانیاندا) بەم جۆرەیە:

یەکگرتوو ٢٨٪، یەکێتی ٢٢٪، پارتی ١٧٪، کۆمەڵ و گۆڕان ١٤٪ ئەگەر ئەم ڕێژەیە تەنیا لە ئەندامانی مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی حزبەکاندا چڕ بکەینەوە بەمجۆرەیە:

● یەکێتی ٢٧ ژن لە سەرکردایەتی، و یەك ژن لە مەکتەبی سیاسی.

● گۆڕان ٧ ژن لە جڤاتی گشتی و هیچ ژنێك نییە لە خانەی ڕاپەڕاندن.

● یەکگرتوو ١٠ ژن لە سەرکردایەتی و دوو ژن لە مەکتەبی سیاسی.

● پارتی پێنج ژن لە سەرکردایەتی و یەك ژن لە مەکتەبی سیاسی.

لەو ڕوانگەیەوە بە گشتی داتاکان پێمان دەڵێن: ڕاستە لە ئاستی جیهاندا سیاسەت کایەیەکی دەستەبژێرە و زۆر لە هاووڵاتیان خوازیاری ئەوە نین کە کاری تیادا بکەن، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئەوەی هەیە، چۆن دەستمان پێوە گرتووە و تا چەند هەوڵمان داوە بیکەینە هاندەر بۆ هەنگاوی دیکە.

بە ڕای من کارکردن لە بواری ژنان لە ڕووی تیۆرییەوە زۆر جیاوازە لە کردەیی، واتە لە واقیعدا بوارەکە قورسایی وبەربەستی زۆرە. بە نموونە ساڵی ٢٠٠٥ کاتێك ویستمان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لیژنەی ژنان دامەزرێنین، سەرەڕای هەوڵێکی زۆر لە ئاکامدا تەنیا یەك پیاو ئامادەیی پیشان دا لە لیژنەی ژنان کار بکات کە ئەو کات ٤١ ئەندام بووین؛ لەکاتێکدا دەبێت پرسی ژن پرسی هەمووان بێت.

لە لایەکی دیکە مەسەلەی کۆتا وەك فاکتەرێکی چارەسەری کاتییە و نامێنێت، لە هەرێمی کوردستاندا لە ئێستادا بە ڕێژەی ٣٠٪ کەمتر نەبێت چەسپاوە لە هەریەك لە پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، بەڵام نەبوونی پێوەری توانا و لێهاتوویی بە گشتی وای کردووە لە ڕووی چەندێتییەوە ژمارەی ژنی زیاد کردووە، بەڵام لە ڕووی چۆنێتییەوە کاریگەریی زۆری بەخۆوە نەدیوە، ئەمە ئەگەر بەشێکی پەیوەندی بە خودی ژنانەوە بێت، بەشێکی زۆری هۆکاری حزبەکانە؛ چونکە حزبەکان کۆتایان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار هێنا بە پێوەری ناسین و خزمایەتی و تەکەتول، یان وەك پاداشتێك بۆ کچی شەهید کە پێویستە بە جۆرێکی دی پاداشت بکرێن. دواتر هەر خۆیان دەڵێن ژنان توانایان نییە. بۆیە مەسەلەی ژن لە ئێستادا لە پاشەکشەدایە و بەرپرسیاری یەکەم لێی، خودی حزبەکانن بێ جیاوازی هەر یەك بەپێی دەسەڵاتەکەی، چونکە ئەوان کە نوێنەر دیاری دەکەن بۆ سەرجەم ناوەندەکانی بڕیارسازی وپۆستەکان و تەنانەت دەستیان خستووەتە ناو دادگا، زانکۆ و سیستمی پەروەردە و ...هتد هۆکاری دی زۆرن بۆ پاشەکشەی ژن لە حزبەکاندا، لەوانە ژن دەستدرێژیی سێکسی لەسەر دەکرێ لەناو حزبەکاندا، بێ ئەوەی یاسا ڕۆڵ بگێڕێت کە بەداخەوە یاسا بۆ خاوەن پلە و پۆست و پایەدارەکان نییە.

بەگشتی لە دواپەیڕەو و پرۆگرامی حزبە سیاسییەکاندا باسکردن لە جێندەر و یەکسانی بوونی هەیە، بەڵام لەو کاتەی باس لە شێواندنی جێندەر کرا لە هەرێمی کوردستان لەلایەن ئەقڵییەتی کۆنەپارێزی و هەڵوێستی هەندێك لەو مەلایانەی سەر بە دەسەڵاتن و دایمەزراندوون، هیچ کام لەو حزبانە هەڵوێستیان نەبوو سەبارەت بەو هێرش و ناوزڕاندن و تۆمەتانەی تەنیا بە هۆی داکۆکیی جێندەری خرانە پاڵ ژنانێك، تا ئەو ڕادەیەی ژن هەیە، بەو هۆیەوە هەرێمی کوردستانی بەجێهێشت.

فەرامۆشکردنی ژنان نێوەندی میدیاکانیشی گرتووەتەوە کە لە ئەنجامی دوو توێژینەوەیەم سەبارەت بە ژن لە نێوەندی سایتی ئەلکترۆنی و تەلەفزیۆنەکاندا ژن وەك بەڕێوەبەری سایت، یان تەلەفزیۆن ڕێژەکەی بریتییە لە ٠٪ هەروەها لە بۆردی ڕاوێژکارییەکانیان ١-٢ ژن هەیە.

بۆ چارەسەری ئەمەش بەدەر لە کارکردنی سیستەم و ناوەندەکانی پەروەردە و هۆشیارکردنەوەی تاك، حزبە سیاسییەکان ئەرکیانە ڕێژەی ژن لە نێوەندی حزب و پۆستە باڵاکانیاندا زیاد بکەن و، دەرفەتی ڕاستەقینە بە ژنان بدەن تا لە پرۆسەی بڕیارسازیدا بەشدار بن، دەبێت ژنان خۆیان سەرچاوەی بڕیاردانیان بن لەناو حزب بۆ مەسەلەکانی ژنان و پێویستە حزبەکان کاتێك دەچنە حوکمدارییەوە خۆیان داماڵن لە ئایدیۆلۆژیای تەنیا حزبەکەیان و بۆ گشت هاووڵاتیان وەك یەك حوکم بکەن، بێ جیاوازی.

چارەسەرێکی دیکە پەیوەندیدارە بە خودی ژنانەوە کە پێویستە خۆیان بناسن و خۆیان هۆشیارتر بکەن بە مەسەلە گشتییەکان و لە پاڵیشیدا مەسەلەی ژنان خەمی یەکەم و ڕاستەقینەیان بێت. بە هیوای سوودمەندی قسەکانمان و کارکردن لەسەری لە داهاتوودا.

**ساڵی ٢٠٠٥ کاتێک ویستمان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لیژنەی ژنان دامەزرێنین، سەرەڕای هەوڵێکی زۆر لە ئاکامدا تەنیا یەک پیاو ئامادەیی پیشان دا لە لیژنەی ژنان کار بکات**

**تا ئێستا بەگشتی ئەقڵییەتی پیاوسالاری لە نێوەندی دەسەڵاتدارانی حزبەکاندا زاڵە و تەماشای ژن وەک ڕەگەز دەکەن، نەک مرۆڤ، وەک جەستەش مامەڵەی لەگەڵ دەکەن لە بری هزر و ئەقڵ**

**سەبارەت بە ژن لە نێوەندی سایتی ئەلکترۆنی و تەلەفزیۆنەکاندا ژن وەک بەڕێوەبەری سایت، یان تەلەفزیۆن ڕێژەکەی بریتییە لە ٠٪ هەروەها لە بۆردی ڕاوێژکارییەکانیان ١-٢ ژن هەیە**





د.شیرین حسنی ڕەمەزان

سیاسەتمەدار و مامۆستای زانکۆ:

# دەبێت بە یاسا ڕێژەی بەشداریی ئافرەت لە دامەزراوە حکومییەکانی کوردستاندا زیاد بکرێت

**د.شیرین حسنی ڕەمەزان، جیا لەوەی مامۆستای زانکۆیە، لە هەمان کاتدا ئەندامی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بووە، پێشتریش کادرێکی ئافرەتی چالاکی ناو ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و، لە چەندین کۆڕ و کۆنفرانسی نێودەوڵەتی بەشداری کردووە، لە بواری پرسی ئافرەتانیش یەکێکە لەو چالاکانەی کە زۆر بوێرانە خەبات بۆ دەستەبەری مافی ئافرەتان دەکات، لەم گفتوگۆیەش بەمجۆرە بۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو:**

پرسی «بەشداریکردنی ئافرەت لە کایەی بڕیاری سیاسیدا»، پرسێکی زۆر گرنگە و تەنیا پرسی کۆمەڵگەی کوردستانی ئێمەش نییە، بەڵکو مشتومڕێکی گەورەی جیهانی لەسەر هەیە، لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ئەم پرسە زۆر قورسترە، بەتایبەتی کە هەتا ئێستا لەم ناوچەیە هەندێك دەوڵەت هەن، سیاسەتێکی زۆر توندوتیژانە بەرانبەر ئافرەت پیادە دەکەن، عێراقیش یەکێکە لەو دەوڵەتانە، ئەمەش ئێمە بمانەوێت، یان نەمانەوێت، بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئێمەش لە هەرێمی کوردستان دەبێت.

پرسە «یەکسانی جەندەری» لەسەر ئاستی جیهان بە ئاستێك گرنگە کە کراوەتە پێشمەرج بۆ سەرجەم بوارەکانی دیکە، لێرەدا ئاماژە بە نموونەیەك دەکەم. من ساڵی ٢٠١٥ بەشداریم لە کۆنفرانسی «COP21» کرد، کە کۆنفرانسی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوایە و هەر ساڵەو لە وڵاتێك ئەنجامی دەدەن. ئەو ساڵە لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا بەڕێوە چوو، لەم کۆنگرەیەدا ڕێککەوتنێك ئیمزا کرا، بە ناوی ڕێککەوتننامەی پاریس و یەکێك لە خاڵەکانی ئەوە بوو، سندوقێك دابنرێت بۆ پارێزگاریکردنی ژینگە و چارەسەرکردنی کێشەکانی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، کە لە ڕێگەی ئەو سندوقەوە هاوکاریی ئەو دەوڵەتانە بکەن، کە مەترسیی پیسبوونی ژینگەیان هەیە، بەڵام ئەم خاڵە پەیوەست کرابوو بەوەی ئایا ئاستی یەکسانی لەو وڵاتەدا چەندە؟ ئەمەش واتە ئەو وڵاتەی ئاستی یەکسانیی جەندەری نزم بێت، لەو پارەیە بێبەش دەبێت.

ئەوجا ئەگەر ئێمە لە ڕوانگەی ئەم بایەخدانە گەورەیەی جیهان بەم پرسە، سەیری ئافرەتانی هەرێمی کوردستان بکەین، ڕاستە هەست دەکرێت لە ماوەی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ هەتا ئێستا کۆمەڵێك هەنگاوی بەرەوپێشەوەچوون لەم پرسە هاتووەتە ئاراوە و، ژمارەیەکی زۆر کۆڕ و کۆنفرانس لەسەر ئەم پرسە ئەنجام دراون، ڕێژەیەکیش لە ئافرەتان لە کایەی سیاسی و بوارەکانی کۆمەڵگە دەرکەوتوون، بەڵام بە ڕاشکاوی دەڵێم، ئەمانە لە ئاستی پێویست نین و پێویستمان بە هەڵگرتنی هەنگاوی زۆر گەورەتر هەیە.

لێرەوە ئەگەر بە زمانی ژمارە و داتا قسە بکەین، ڕاستە ئێستا ڕێژەی ئافرەتان بە سیستمی کۆتا ٣٠٪ـە لە

ناو پەرلەمانی کوردستاندا، بەڵام لەناو کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لەکۆی **٢٢** وەزارەت تەنیا **٣** وەزارەت بۆ ئافرەت بەجێهێڵدراوە، کە دەکاتە **١٣,٦٪**، لە زۆر پۆستی گرنگی دیکەی حکوومییش ئافرەت فەرامۆش کراون، هەر بۆ نموونە لە کوردستان چوار پارێزگا و چوار ئیدارەی سەربەخۆ هەن، ڕێژەی ئافرەت لەم پۆستەدا سفرە، ئافرەت لە پۆستی باڵای لەشکری کوردستان و دامەزراوەکانی پۆلیس و ئاسایش بوونی نییە، یان ئەگەر هەشبێت دەگمەنە، بۆیە لەم ڕووەوە ئێمە پێویستمان بە گۆڕانکاری هەیە. سەبارەت بە باشکردنی ڕەوشی ئافرەت پێویستمان بە بڕیاردان هەیە، ئەم گۆڕانکارییەش گرێ دراوەتەوە بە پرۆسەی تێگەیشتن لە ڕۆشنبیریی دیموکراتی و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و تێگەیشتنی دروست لە مافی هاووڵاتیبوون.

وەك د. ڕەشاد میران ئاماژەی پێ کرد، ئێمە پێویستمان بە بوێرییەکی ئەوتۆیە کە بتوانین بەها کۆنەکان بگۆڕین، بەڵام من بە جۆرێکی دیکە سەیری ئەم بابەتە دەکەم و، هێندەی مێژووم خوێندووەتەوە و لە واقیعی کۆمەڵگەی خۆشمان بینیومانە، ئافرەتی کورد بە درێژایی مێژوو هاوشانی پیاو لە سەردەمی خەباتی شاخ خەباتی کردووە و لە پێناوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان قوربانی داوە، لە ڕاپەڕینی بەهاری **١٩٩١**شدا ئافرەتانی کوردستان ڕۆڵی گەورە و دیاریان هەبووە، لە ناو حزب و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و پەرلەمان و حکومەت بەشداری کردووە، ئەمە بەرهەمی کەلتووری ڕەسەنی کوردییە، ئەو بەها نامۆیانەی لە کەلتووری شارەکاندا دەبیندرێن، کەلتووری دەوڵەتانی دراوسێ و داگیرکەرن کە هاتوونەتە ناو کەلتووری ئێمە و پێویستە ئێمە بیانگۆڕین، ئەم بەها نامۆیانەش بە پراکتیزەکردنی ڕۆشنبیریی دیموکراتی گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، بۆیە جەخت لەوە دەکەمەوە کە زۆر گرنگە بە ڕێگای دەزگاکانی پەروەردە و سیاسی و جڤاکی ڕۆشنبیریی دیموکراتی لە کۆمەڵگە بچەسپێندرێت.

خاڵێکی دیکە کە بۆ چارەسەری پرسی ئافرەت زۆر گرنگە، تێگەیشتنی دروستە لە مافی هاووڵاتیبوون، ئەگەر بمانەوێت تێگەیشتنی دروست بۆ مافی هاووڵاتیبوون لە کوردستان بێتە ئاراوە، ئەوا دەبێت ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەت نەك تەنیا لە کایەی سیاسی، بەڵکو دەبێت لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا زیاتر بکرێت، ئەمەش بڕیاری سیاسی بە ئاستێك بەهێز دەکات کە ئەو جورئەتە دروست بێت بەها کۆنەکان ڕابماڵێت.

دیسان هەر سەبارەت بە چڕکردنەوەی زیاتری هەوڵەکانی هەموو لایەك بۆ زیاتر بەرەوپێشەوەبردنی پرسی ئافرەتان، وەك د.کوردستان موکریانی ئاماژەی پێ کرد، لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری **١٩٩١** ئافرەتانی کوردستان ڕۆڵێکی باشیان بینیوە، بەشداریی دیار و بەرچاویان لە ناو حزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەبووە، پێش ئەوەی «کۆتا» بۆ ئافرەتان دابنرێت، ڕێژەی ئافرەت لە کۆی ١٠٥ پەرلەمانتاری کوردستان حەوت ئافرەت بووە، بەڵام بە درێژەدان بەم ئاراستەی تێکۆشانە و گەشەکردنی جڤاکی و زیادبوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتانی جیهان، زەمینەیەك دروست بوو، کە سیستمی کۆتا بۆ بەشداریی ئافرەت لە کایەی سیاسی بێتە ئاراوە و ئەم ڕێژەیەش بڕیار درا لە ٣٠٪ کەمتر نەبێت لە دەسەڵاتی تەشریعیدا کە بە خۆشحاڵییەوە دەڵێم ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان بوونی ئافرەت لەو ڕێژەیە زیاتریشە کە لە کۆی ١١١ پەرلەمانتار **٣٥** ئافرەتن، بەڵام بەداخەوە لەناو دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئەم ڕێژەیە زۆر کەمە و نەگەیشتووەتە ٢٠٪.

ئەم واقیعەی ئێستا ئەوەمان پێ دەڵێت، ڕاستە پرسی ئافرەتان چووەتە پێشەوە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەو ئاستە نییە کە لە کۆمەڵگەی تەندروست و دیموکراتی هەیە، بۆیە دەبێت هەوڵەکانی هەمەلایەنەی هەموومان بە ئاراستەی یەکسانیی ڕەگەزی بەردەوام بێت، بەڵام باری کۆمەڵگەی ئێمە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی بڵێین با سیستمی کۆتا نەمێنێت، بەڵکو دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، ڕێژەی کۆتا لە ناو هەر دوو دەسەڵاتی «یاسا دانان و جێبەجێکردن» بۆ ٤٠٪ زیاد بکرێت.

خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت جەختی لەسەر بکەمەوە، مەسەلەی ئایینە وەك توخمی سەرەکیی ناو کەلتووری ئێمە، کە کۆمەڵگەی ئێمە زۆرینەی موسڵمانە. من وای دەبینم لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا جیاوازی مرۆیی لە نێوان ژن و پیاودا نییە، تەنیا جیاوازیی فیزیۆلۆژی هەیە، بۆیە ئەگەر تەفسیرێکی تازەی زانستی بۆ دەقە ئایینییەکان بکرێت، دەبینین ئایین ڕێگر نییە و گرنگە هەوڵەکان بەردەوام بن بۆ ئەوەی ڕووە جوانەکەی ئایین پیشان بدەین، بۆ ئەمەش ئەگەر ئێمە سەرنج بدەین، دەبینین دوو دەوڵەتی گەورەی ئیسلامیمان هەیە کە ڕێگرییان لە بەشداریی ئافرەتان نەکردووە لە کایەی سیاسیدا، یەکەمیان دەوڵەتی پاکستانە کە سەرۆك وەزیرانەکەی ئافرەت بووە، دووەمیان ئەندەنووسیایە کە لە ساڵی **٢٠٠٩** ڕێگر نەبووە ڕێژەی ١٨,٦٪ ی ئافرەتان بگەنە پەرلەمان و سیستمی کۆتاش بوونی نەبووە.

بۆ ئەم پرسە کۆمەڵێك داتا و بەراوردکاریی وڵاتانی جیهانم ئامادە کردبوو، بەڵام کاتەکە هەر ئەوەندەیە، بۆیە داتاکان بە نووسراو دەدەمە ڕێکخەرانی ئەم گفتوگۆیە و لە دوماهیشدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، کە ڕاشکاوانە بە حزب و حکومەتی خۆمان بڵێین زۆر گرنگە ڕێژەی ئافرەتان لەناو پەرلەمانی کوردستان و هەروەها لەسەر ئاستی حکومەتیش زیاتر بکرێت و یاسایەك دەربچێت کە بە یاسا ڕێژەی بەشداریی ئافرەت لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش دیاری بکرێت.

**لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا جیاوازی مرۆیی لە نێوان ژن و پیاودا نییە، تەنیا جیاوازیی فیزیۆلۆژی هەیە، بۆیە ئەگەر تەفسیرێکی تازەی زانستی بۆ دەقە ئایینییەکان بکرێت، دەبینین ئایین ڕێگر نییە و گرنگە هەوڵەکان بەردەوام بن بۆ ئەوەی ڕووە جوانەکەی ئایین پیشان بدەین**

**ڕاستە ئێستا ڕێژەی ئافرەتان بە سیستمی کۆتا ٣٠٪ە لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا، بەڵام لەناو کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لەکۆی ٢٢ وەزارەت تەنیا ٣ وەزارەت بۆ ئافرەت بەجێهێڵدراوە، کە دەکاتە ١٣,٦٪**

**پێش ئەوەی سیستمی «کۆتا» بۆ ئافرەتان دابنرێت، ڕێژەی ئافرەت لە کۆی ١٠٥ پەرلەمانتاری کوردستان حەوت ئافرەت بووە**





## د. تاهیرە عەبدولڕەزاق سادق

**ئەندامی ئۆفیسی فەرمیی ئایینی بەهائی لە کوردستان:**

# لە ئایینی بەهائیدا ژن و پیاو یەکسانن و بڕیاری پیاو لەناو خێزاندا لە بڕیاری ژن بەهێزتر نییە

**د. تاهیرە عەبدولڕەزاق سادق، بێجگە لەوەی ئەندامی ئۆفیسی فەرمیی ئایینی بەهائیە لە کوردستان، پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە بواری دەروونی و لە هەمان کاتدا یەکێکە لە ئافرەتانی چالاك و لێهاتوو کە ڕۆڵی گرنگی لە بواری پێکەوەژیانی نێوان ئایین و پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان هەیە و چالاکێکی بواری داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتیشە و لەم گفتوگۆیەشدا بەمجۆرە هاتەئاخاوتن:**

جێگەی دەستخۆشییە بۆ بازنەی گفتوگۆ کە پرسی «ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەتانی لە کایەی سیاسیدا» وەك پرسێکی کوردستانیی گشتگیر و پرسێك کە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگە لە ئاستیدا بەرپرسیارن و دەبێت هەردوولا (ژن و پیاو) پێکەوە شان بدەنە بەر بەرپرسیاریەتی بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە.

بێگومان ڕۆڵی ئافرەت لە هەموو کایەکانی کۆمەڵگەدا زۆر گرنگە، لەمەشدا نەك تەنیا ڕۆڵگێڕانی ئافرەت لە کایەی سیاسی و لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیی ناو حزبەکاندا، بەڵکو ڕۆڵی ئافرەت لە بوارەکانی دیکەی زانستی، زانستی سیاسەت و یاسا، کۆمەڵناسی، پەروەردەیی و تەواوی بوارەکانی دیکەی کۆمەڵگە گرنگە و دەبێت ئافرەت لە هەموو بوارەکاندا ڕۆڵێکی گەورەتری پێ بدرێت و، هەوڵ بدرێت زیاتر وەبەرهێنان لە توانای ئافرەتانی کوردستاندا بکرێت.

من وەك پسپۆڕێکی بواری دەروونی، کێشەی چارەسەرکردنی پرسی ئافرەتان بە دەستپێکی شێوازی پەروەردەکردنی کچان دەبینم، بۆیە خاڵی سەرەتا لەناو خێزانەکانەوە دەست پێ دەکات، بەوەی تاچەند بایەخ بە پەروەردەی کچان دەدەن و وەبەرهێنانی تێدا دەکەن، دوای ئەمەش کە دەچێتە قوتابخانە تا چەند بە شێوازێکی بەرزی ستاندەر ئەم کچە پەروەردە دەکرێت. ئەگەر لەسەر ئەم پرسە سەرنج بدەین، ئێمە دەبێت لە پەروەردەکردنێکی دروستی کچانەوە دەست بە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئافرەتان بکەین، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە کە ئێمە ئەگەر کچانمان زۆر باش پەروەردە کرد، ئەوا ئافرەتی لێهاتوو پێشکەشی کۆمەڵگە دەکەین و ئەو توانایەیان دەبێت کە بتوانن ڕووبەڕووی ئەو



ئاستەنگ و تەحەددییانە ببنەوە کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

لێرەوە ئەگەر لە چوارچێوەی پەروەردەی ستاندەر و دروستی کچانەوە سەیری ئەو ڕاپرسییە بکەین کە بۆ ئەم پرسە گرنگە ئەنجامتان داوە، دەبینین بەشێك لە ئافرەتان گوتوویانە سیاسەت کاری ئافرەت نییە، ئەمەش ڕاشکاوانە مانای ئەوەیە بە لای ئافرەتانەوە هیچ گرنگ نییە کە ئافرەتان لە کایەی سیاسەت و بڕیاردرووستکردن بەشدارییان هەبێت و هاریکاری پیاوان بکەن و ڕۆڵی کاریگەریان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە هەبێت.

ئەم ئاکامە بەرەنجامی ئەوەیە کە وەك پێویست وەبەرهێنانمان لە پەروەردەکردنی کچەکانمان نەکردووە، لەمەش زیاتر سیستمی پەروەردەشمان نەیتوانیوە هەر لە منداڵییەوە بایەخی هاوبەشی و هاریکاری نێوان پیاوان و ژنان لە کۆمەڵگە گەشە پێ بدات، هەتا کاتێك ئەم کوڕ و کچانە دەبنە پیاوان و ئافرەتانی ئەم کۆمەڵگەیە، پیاوان و ژنانێك بن کە بە دروستی لە بایەخ و کاریگەریی ئەم سەرمایە مرۆییە بۆ کۆمەڵگە تێبگەن و بزانن کە وەبەرهێنان لەم سەرمایە مرۆییەی (ئافرەتان و پیاوان) چەند بۆ پێشکەوتن و ئایندەی کۆمەڵگە گرنگە، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە کە قوتابخانە هەنگاوی یەکەمە بۆ پەروەردکردنێکی تەندروستی کوڕان و کچانمان.

خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت جەختی لەسەر بکەمەوە، تێڕوانینی ئایینە بۆ پرسی ئافرەت و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە، من لێرەدا وەك ئەندامی ئۆفیسی فەرمیی ئایینی بەهائی لە کوردستان، دەخوازم تێڕوانینی ئایینەکەی خۆمتان بۆ پرسی ژنان بۆ باس بکەم. لە ئایینی بەهائیدا گرنگترین تێگەیشتن ئەوەیە کە بڕوای بە یەکسانیی نێوان هەر دوو ڕەگەزەکە هەیە، لە ئایینی ئێمەدا دامەزراوەی ڕۆحیمان هەیە و ساڵانە هەڵبژاردن دەکەین، بۆ ئەنجومەنی ئەو دامەزراوە ڕۆحییە ئافرەتانیش خۆیان کاندید دەکەن، تەنانەت ئەگەر ئافرەت و پیاوێك وەك یەك دەنگ بهێنن، ئەوا ئەفزەلییەت دەدرێتە ئافرەتەکە و ئەو دەبێتە ئەندامی ئەو دامەزراوە ڕۆحییە. لایەنێکی دیکە جیاوازیی ئایینی بەهائی لەگەڵ ئایینەکانی دیکە ئەوەیە کە لە ئایینی ئێمەدا پۆستی «پیاوانی ئایینی» بوونی نییە، واتە لە دامەزراوە ڕۆحییەکاندا ئافرەتان وەك ئەندام لەسەر ئاستی لۆکاڵ و وڵات و جیهانیش بوونیان هەیە، ئەندامێتیشیان هیچ جیاوازییەکی لە ڕووی ماف و ئەرکەوە لەگەڵ پیاوان نییە، لەسەر ئاستی خێزانیش، ژن و پیاو یەك مافیان هەیە و نابێت هیچ کامیان بڕیاری خۆی بەسەر ئەوی دیکەدا فەرز بکات، ئەمەش بەو مانایەی بڕیاری پیاو لە بڕیاری ژن لە کاروباری خێزاندا بەهێزتر نییە.

بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان کە بووەتە نموونەیەکی باڵای پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان تەواوی نەتەوە جیاوازەکان و هەمووشمان پرسی ئافرەت وەك پرسێکی کوردستانی پێناسە دەکەین، دەتوانین ئەو لێکتێگەیشتن و تەفاهومەی لەسەر ئاستی پێکەوەژیان دروست بووە، بگوازینەوە بۆ کایەی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئافرەت و سوود لە کەلتووره جیاوازەکانی یەکتری وەربگرین.

**سیستمی پەروەردەمان نەیتوانیوە هەر لە منداڵییەوە بایەخی هاوبەشی و هاریکاری نێوان پیاوان و ژنان لە کۆمەڵگە گەشە پێ بدات**

**دەتوانین ئەو لێکتێگەیشتن و تەفاهومەی لەسەر ئاستی پێکەوەژیان دروست بووە، بگوازینەوە بۆ کایەی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئافرەت و سوود لە کەلتووره جیاوازەکانی یەکتری وەربگرین.**





## ئاوات حوسامەدین

**نوێنەری ئایینی زەردەشتی لە کوردستان:**

# ئەو کەلتوورەی ڕێگری لە پێشکەوتنی ئافرەت دەکات کەلتوورێکی کوردی و کوردستانی نییە

**ئاوات حوسامەدین جیا لەوەی ژنێکە پلەی ئایینی لەناو پێڕەوانی ئایینی زەردەشتی هەیە، لە هەمان کاتدا یەکێکە لەو چالاکە ژنانەی کە لەسەر ناوخۆی کوردستان و عێراق و نێودەوڵەتی ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە بۆ نموونەی پێکەوە ژیانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان و لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتیەکانیشدا ڕووی گەشی پێکەوە ژیانی کوردستانی خستووەتە ڕوو، وەك ئافرەتێکیش بێگومان هەم لەسەر ئاستی گرفتی ئایینی و کەلتووری پیاوسالاریی کۆمەڵگە ڕووبەڕووی زۆر ئاستەنگ بووەتەوە، بەم جۆرەش تێڕوانینی بابەتی گفتوگۆیەکە خۆی خستە ڕوو:**

سەرەتا دەستخۆشیتان لێ دەکەم کە خانمانی ئایینەکانی دیکەی کوردستانیشتان بۆ ئەم پرسە گرنگە بانگهێشت کردووە، لەبەر ئەوەی لە ناو هەموو ئایین و نەتەوە جیاوازەکاندا پرسی ئافرەت پرسێکی گرنگە و ئێمەش هەموومان پێکەوە بە ئاشتی لە کوردستان پێکەوە دەژین، بۆیە پرسی ئافرەتانیش پرسێکی گرنگی هەموو کوردستانە.

لەم ڕوانگەیەوە من وەك ژنێکی ئایینی زەردەشتی قسە دەکەم و زەردەشتیش دەڵێت: «بیری چاك، وتەی چاك، کرداری چاك» بڕوامان بە پەروەردگارە و هەر ئەویش خولقێنەری هەموومانە.

دەستپێکی باش بۆ قسەکردن لەسەر کێشەکانی ژن دەبێت وەك ئەوە بێت کە زەردەشت دەڵێت: «ئێمە لە تاریکیدا شمشێر دەرناهێنین، بەڵکو چرایەك دادەگیرسێنین» ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێمە ناتوانین دڵخۆش بین، ئەگەر بەرانبەرەکەمان دڵخۆش نەکەین.

ئافرەتانی کورد بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هەموو ڕۆڵکیان بینیوە و ئەو ڕۆڵانەشیان بە سەرکەوتوویی پیادە کردووە، هەر لە ڕۆڵی «شاژن، خواوەند، سەرکردە»، بەڵام کەلتووری پیاوسالاری لە واقیعی ئێستاماندا بووەتە ڕێگر و ناهێڵێت ئافرەت بەشدارییەکی کارای لە کایەی سیاسەتدا هەبێت، ئەو کەلتوورەش بە هیچ شێوەیەك کەلتووری ڕەسەن و کوردی و کوردستانی نییە.

با سەرنج بدەین ئێمە لە کەلتووری ڕەسەنی کوردستانەوە و بە ڕێگەی پیادەکردنی ئەو کەلتوورە لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە، پێکەوە ژیانێك لە کوردستان دروست بووە کە نەك هەر خۆمان، بەڵکو جیهانیش شانازی پێوە دەکات. ئەم پێکەوە ژیانەی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان بووەتە خاڵی بەهێزی نیشتمانی ئێمە، لە بەر ئەوەی

سوودی لە هەموو ئایین و کۆمەڵگە جیاوازەکانی کوردستان وەرگرتووە. ئێمە وەك ئایینی زەردەشتی و وەك ئەوەی کوردستان زۆرینەی موسڵمانە ئێمەش سوودێکی زۆرمان لە ئایینی ئیسلام وەرگرتووە لەبەر ئەوەی دەڵێت: «لە باشە نزیك بەرەوە و لە خراپە دوور بکەوە»، بۆیە ئەگەر ئایینی ئیسلام وەك خۆی پیادە بکرێت، هۆکارێکی گرنگە بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتی، بەڵام بەداخەوە دەبینین هەندێك جار ئەم ئایینە کراوە بە ئامرازێك بۆ مەرامی سیاسی و بازرگانیکردن.

لەسەر ئاستی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو ئیمکانیەتەی لەبەر دەستی بووە، هەمیشە هاوکار و پاڵپشت بووە بۆ بەرەوپێشەوەبردنی ڕەوشی ژنان و ئافرەتان لە کوردستان و بە دەیان ڕێکخراوی ژنان و ئافرەتان و بە سەدان ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی هەن کە داکۆکی لە مافەکانی ئافرەتان دەکەن، یەکێك لەو بەرەوپێشەوەچوونانەی ئێستا دەبینین ئەوەیە کە سەرۆکی ئێستای پەرلەمانی کوردستان و سکرتێری پەرلەمانەکەشی ئافرەتە و لە نەتەوەی تورکمانیشە، هەروەها حکومەت پشتگیریی ئازادی ئایینی لە کوردستان کردووە و جێگەی شانازییە کە سەرۆك بارزانی خۆی ئیمزای لەسەر یاسای ئازادیی ئایینی لە کوردستان کردووە و ئەمڕۆ کە من دەبینین وەك ژنێکی ئایینی زەردەشتی لەگەڵ ئێوە قسە دەکەم، بۆ ماوەی زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ ئاگری پەرستگاکانی زەردەشت کووژابووەوە، بەڵام ئێستا من بە ئاشکرا دەڵێم زەردەشتیم و هەست بە هیچ نائارامی و مەترسییەك ناکەم. بۆیە ئەمە ئازایەتیی من نییە کە دەڵێم زەردەشتیم، بەڵکو ئەمە جوامێری و بوێریی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو زوڵمەی لە ژنان دەکرێت، بە درێژایی مێژوو زوڵم لە ژنان کراوە، لەبەر ئەوەی کەلتووری پیاوسالاری بووە کەلتووری زاڵی کۆمەڵگەکان، بەڵام ئەم زاڵبوونی کەلتوورەش لە کۆمەڵگەیەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە دەگۆڕێت، بۆ ئەمەش ئەگەر بەراوردی کەلتووری ڕەسەنی کورد و کوردستانی بکەین لە نێوان ئەو کەلتوورەی لە شارەکاندا بوونی هەیە و ئەو کەلتوورەی لە لادێیەکانی کوردستاندا پێڕەو کراوە، دەبینین جیاوازییەکی زۆر گەورەی هەیە، بۆ نموونە ژنان لە لادێکاندا دەتوانن لە چەم و ڕووبارەکان مەلە بکەن، بەڵام لە شارەکاندا کەلتوورێکی دیکە ڕێگرە لێیان، لە سەردەمی خەبات و شۆڕشدا، جاری وا هەبووە ژن بە تەنیا خۆی لە ماڵەوە بووە و پێشمەرگە چوونەتە ئەو ماڵە و نانیان خواردووە و ئیسراحەتیان کردووە، پاشان ڕۆیشتوون و بێ ڕێزییان بە ژن نەکردووە و بەپێچەوانەوە ئەوندە ڕێزیان گرتووە، هەر سەیری ئافرەتەکەشیان بە چاوی خراپ نەکردووە، زیاتر لە ٥٠ ساڵ پێش لە ئێستا ژنانی لادێکان تراکتۆریان لێخوڕیوە و کاریان لە کێڵگە کشتوکاڵیەکان کردووە، بەڵام هەتا ئەم ساڵانەی دواییش زۆر ئاسایی نەبوو ژن لە شارەکاندا ئۆتۆمبێل لێ بخوڕێت.

**کەلتووری پیاوسالاری لە واقیعی ئێستاماندا بووەتە ڕێگر و ناهێڵێت ئافرەت بەشدارییەکی کارای لە کایەی سیاسەتدا هەبێت**

هەر بۆیە کاتێك دەڵێم ئەو کەلتوورە کەلتووری ئێمە نییە، مەبەستم ئەوە نییە ئەم کەلتوورە کەلتووری ئایینێکی دیاریکراوە، نەخێر من دەڵێم ئەو داگیرکەرانەی هاتوون وڵاتی ئێمەیان داگیر کردووە، نەریتی خراپی کۆمەڵگەی خۆیان تێکەڵاوی ئایینەکە کردووە و بە ناوی ئایینەوە بەسەر ئێمەدا فەرزیان کردووە، نەزعەی پیاوسالاریش لە ناو هەموو ئایینەکاندا بوونی هەیە، تەنانەت لە ناو پێڕەوانی ئایینی زەردەشتیش کە بە خۆیان دەڵێن بڕوامان بە «بیری چاك، وتەی چاك، کرداری چاك» هەیە. من وەك ژنێکی ئایینی زەردەشتی باجی ژنبوونی خۆم دەدەم، لەبەر ئەوەی لەگەڵ پێڕەوانی پیاوی زەردەشتی کە سەردانی شوێنێك دەکەین، هەست بە شەرم دەکەن، کە خەڵکەکە زیاتر ڕێز لە من دەگرن و زیاتر من دەبەنە سەرەوە، ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەوە کەلتووری پیاوسالارییەکەیە وای کردووە ژنی پێ شەرم بێت، لە کاتێکدا هەر ئەو پیاوە ماوەی نۆ مانگ ئافرەتێك لە سکیدا هەڵیگرتووە.

**یەکێک لەو بەرەوپێشەوەچوونانەی ئێستا دەبینین ئەوەیە کە سەرۆکی ئێستای پەرلەمانی کوردستان و سکرتێری پەرلەمانەکەشی ئافرەتە و لە نەتەوەی تورکمانیشە**

ئەم واقیعە فەرزی دەکات بایەخێکی زۆر بە پەروەردە بدەین، ئەم بایەخە دەبێت پێش قوتابخانە و زانکۆکاکان لە ناو خێزانەکانەوە دەست پێ بکات، لەمەش زیاتر داواکاریمان لە دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە بەشداریی ئافرەتان لە کایەی سیاسیدا لەسەر بنەمای کۆتا نەبێت، بۆ ئەوەی ژن تەنیا وەك ڕوخسار لە پرۆسەکەدا هەبێت، بەڵکو کۆتا بخرێتە خزمەتی ئافرەتانی تەکنۆکراتەوە بۆ ئەوەی بە پسپۆڕی و زانستەوە بێنە ناو پرۆسەی سیاسی و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە و گۆڕینی بەها کۆنەکان هەبێت و ڕۆڵی یەکسانیی جێندەری بگێڕن.

**بۆ ماوەی زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ ئاگری پەرستگاکانی زەردەشت کووژابووەوە، بەڵام ئێستا من بە ئاشکرا دەڵێم زەردەشتیم و هەست بە هیچ نائارامی و مەترسییەک ناکەم**



## شڤان حەمدی

ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# دەبێت ئافرەت ترسی لە کۆمەڵگە بشکێت و میدیاش ڕۆڵێکی ئەرێنی بگێڕێت



**شڤان حەمدی جیا لەوەی ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، دەرچووی کۆلێژی یاسایە و لە هەمانکاتدا چالاکێکی بزێوی ناو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە و، کار لەسەر پرسی گەنج و کێشەی ئافرەتان و تەواوی کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردستان دەکات، لەم گفتوگۆیەدا بە خستنەڕووی چەند بۆچوون و پێشنیارێك گەنگەشەکەی لەسەر (ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەت لە کایەی سیاسیدا) دەوڵەمەند کرد:**

لە کۆڕ و کۆبوونەوەی لەم جۆرە کە ئەم هەموو زانا و ئەکادیمیست و پسپۆڕە گەورانەی کوردستان ئامادەن و، لەسەر پرسێکی وا گرنگ (ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەت لە کایەی سیاسیدا) قسە دەکەن و، بە بوێری و زانستەوە دەست دەخەنە سەر کرۆکی کێشەکان و بیروبۆچوونی زۆر باش و نایاب بۆ چارەسەکردنی دەخەنە ڕوو، ئەوا ئەو قسانەی ئێمەش دەیکەین، هەر بە ئیلهام وەرگرتنی ئەو بیروبۆچوونانەیە کە ئێوە لەم گفتوگۆیەدا خستتانە ڕوو، بۆیە من قسەکانی خۆم بەو پەندە دەست پێ دەکەم کە دەڵێت «لە پشت هەر پیاوێکی سەرکەوتوو ژنێك هەیە»، من پێم وایە لە پشت هەر ئافرەتێکی سەرکەوتووشەوە پیاوێك هەیە، ئەوجا بۆ هەڵوەستەکردنی زیاتر لەسەر ئەم پرسە، قسەکانی خۆم گرێ دەدەمەوە بە قسەکانی خاتوو ئاوات حوسامەدین وەك خانمێکی ئایینی لە ئایینی زەردەشتیدا، کە ئایینەکەیان ڕێگە دەدات خانمی ئایینی هەبێت و پەیڕەوی ئەو گوتەیەی زەردەشت دەکەن کە دەڵێت (بیری چاك، وتەی چاك، کرداری چاك)، بەڵام وێرای ئەوەش گوێمان لێ بوو لەم گفتوگۆیەدا پێی گوتین (من باجی ژنبوونی خۆم دەدەم لەبەر ئەوەی پیاوانی هاوپەیڕەوم لە ئایینی زەردەشتیدا، پێیان شەرمە کە دەچینە شوێنێك ڕێزم دەگرن و بە گەرمی پێشوازیم لێ دەکەن)، هەروەها گوێشمان لەوە بوو کە پێی گوتین: «ئەگەر پشتگیریی هاوسەرەکەم نەبوایە، نەمدەتوانی بە ئاشکرا ئایینی خۆم ڕابگەیەنم»، ئەم دوو پەیڤەی خاتوو ئاوات دوو جۆر بیرکردنەوەی پیاوانی پیشان داین، کە یەکەمیان هەژموونی ئەقڵییەتی پیاوسالارییە کە تەحەمولی سەرکەوتنی ئافرەت ناکات، ئەوەی دووەمیشیان ئەقڵییەتی مرۆڤسالارییە کە لە بارودۆخێکی زۆر هەستیاردایە کە بووەتە پشت و پەنا بۆ دەرکەوتنی خانمێکی سەرکەوتوو.

د. نەزاکەتیش دیسان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە یەکێك لەو هۆکارانەی دەبێتە کۆسپ لە بەردەمی ئافرەتانی سەرکەوتوو لە کایەی سیاسەت

و حوکمڕانیدا، بایەخی وێنای ئافرەتە لە ئەقڵییەتی پیاوسالاریدا لەسەر ئاستی خێزان، ئەو ئافرەتە هەر پلە و پۆستێکی سیاسی، یان حوکمڕانیی هەبێت، کە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە دەبێ جارێکی دیکە فەرمان و بڕیاری هاوسەرەکەی جێبەجێ بکات و، هاوسەرەکەی پێی ڕەوا نابینێ بەو چاوە سەیری بکات کە لە کۆمەڵگە لە پێگەکەی خۆی هەیەتی.

پ.د.ڕەشاد میران وەك زانایەکی کۆمەڵناس، زۆر ڕاشکاوانە دەستی خستە سەر برینەکە و پێی گوتین: «ئەگەر بە دیدێکی کۆمەڵناسانە سەیری پرسی یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەز بکەین، ئەوا دەبێ لە چوارچێوەی دوو چەمکی کلیلی سەرەکیدا تەماشای بکەین، کە بریتین لە (سیستێمکی کۆمەڵایەتی و کەلتوور، بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی هەر کۆمەڵگەیەك)، لەمەش زیاتر جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە سیستمی کۆمەڵایەتی و کەلتوور لە یەکدی جیا ناکرێنەوە، بۆیە گرنگە بوێر بین و هەنگاو بەرەو مودێرنیزم هەڵبگرین و بەرەنگاری بەها کۆن و بەسەرچووەکانی کۆمەڵگە ببینەوە و، ببین بە خاوەنی شێوازێکی بیرکردنەوەی سەردەمییانە و زۆر لەو بەهایانە بگۆڕین کە ئێمە پیادەیان دەکەین، ئەگەر بوێر بین و ڕووبەڕووی ئەو ئەقڵییەت و بەها کۆنانە ببینەوە، ئەمەش ئەوەی لێ دەخوێنینەوە دکتۆر ڕەشاد گومانی هەیە کە بتوانین بەرەنگاری ئەو بەها کۆنانە ببینەوە.

لێرەوە لە هەناوی ئەم بۆچوون و بیرکردنەوە، پرسیارێك دەورووژێنم و دەڵێم: «ئەگەر ئەو بوێرییەمان نەبێت، بەرەنگاری ئەو بەها کۆنانە ببینەوە، ئایا داهاتووی کۆمەڵگەکەمان ناکەوێتە سەر لێواری هەڵدێر؟ کە ئەمەش دەبێت بە هەڕەشە بۆ ئەو دەسەڵات و سیاسەتەی کە ئەقڵییەتی پیاوسالاری لە کۆمەڵگەدا پیادەی دەکات، کەواتە ئەم واقیعە فەرزی دەکات کە هیچ چارەیەك لە بەردەمماندا نییە و بمانەوێت، یان نەمانەوێت دەبێ چەند هەنگاوێك هەڵبگرین.

بەپێی توێژینەوە زانستییەکان دەرکەوتووە کە پەروەردەی تاکی سەرکەوتوو چەند قۆناغێکی گرنگ دەگرێتەوە، کە بریتین لە:

١. پەروەردەی خێزانی.
٢. پەروەردەی زانستی لە ناوەندەکانی خوێندن.
٣. پەروەردەی ناو کۆمەڵگە.

توێژینەوە زانستییەکان لە پلەبەندیی شێوازەکانی پەروەردەی تاکدا، پەروەردەی خێزانی بە پلەی یەکەم و سەرەکیترین پەروەردەی تاك دەزان، ئەم پەروەردە خێزانییەش ئافرەت ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت، کە ئەویش (دایك)ـە. هەر بۆیە ئەگەر پرۆسەی سیاسەت و بڕیاردروستکردن بۆ کۆمەڵگە ئامانجی ئەوە بێت کە کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران و کامەران فەراهەم بکەین، ئەوا دەبێت بایەخ بە ئافرەتان بدەین، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی سەرکەوتوو بەرهەمی ئیرادەی تاکی سەرکەوتووە (نێر و مێ) پێکەوە.

د. خانزاد سەرۆکی ئەنجومەنی خانمان باسی ئەوەی کرد، کێشەی سەرەکی لە بەردەم هەوڵەکاندا بۆ یەکسانیی ڕەگەزی، ئەوەیە کە ئەقڵییەتی نێرسالاری ئەم کێشەیە بە هی خۆی نازانێت و نایەوێت هاوکاری ئافرەتان بێت، بەڵام لە بەرانبەردا د. ڕەشاد پێی گوتین ئافرەتەکانیشمان بە ئەقڵییەتی پیاوسالاری بیر دەکەنەوە.

لە نێوان ئەم دوو پەیڤەدا کە بە ڕواڵەت هاودژییەك لە نێوانیادا هەیە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا ڕایەڵەی هاوبەش پێکەوە گرێیان دەداتەوە، ئەو ڕایەڵە هاوبەشە من ناوم لێ ناوە «ترسی ئافرەتان لە کۆمەڵگە»، ئەمەش واتە ئافرەتان لە ترسی بەها کۆنەکانی کۆمەڵگە بە پیاوسالاری بیر دەکەنەوە و، هەر لەبەر ئەو ترسەشە کە ناتوانن قۆڵی لێ هەڵ بکەن و باشتر ڕۆڵی خۆیان لە کایەی سیاسیی کوردستاندا بگێڕن، لێرەوە گرنگە ئێمە کار بۆ ئەوە بکەین کە ترسی ئافرەت بشکێنین، شکاندنی ئەم ترسەی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا ئەرکی هەموو لایەك و هەموو ئۆرگانەکانی حزب و حکومەت و حوکمڕانی و میدیایە، بە داخەوە میدیا ڕۆڵێکی هێجگار نەرێنی دەگێڕێت لەسەر ئافرەت و پرسی ئافرەت، زۆربەی ئەو هەواڵانەی میدیا لەسەر پرسی ئافرەت بڵاوی دەکاتەوە، هەواڵی کوشتن و توندوتیژییە دژی ئافرەتان، ئەمە نەك ترسەکەی نەڕەواندووەتەوە، بەڵکو ترسەکەی تێکەڵ بە ناخی خانمان کردووە و، وای لێ کردووە کەمتر بێتە پێشەوە و کەمتر هەوڵ بدات و کەمتر تێکەڵ ببێت و کەمتریش هاوبەشی بکات و، داوای پۆستی سیاسی و حکوومی نەکات.

بە باشی دەزانم دوایین قسەم بۆ خانمانی کوردستان ئەوە بێت کە بڕوایان بە ئیرادەی خۆیان هەبێت، باشترین نموونەش ئەگەر سەرنج بدەن لە دەستپێکی پێکهانی کابینەی نۆیەم (گرووپێکی ژنان دروست بوو، بۆ دروستکردنی فشار بۆ پشکی زیاتری ئافرەت لە کابینەی نۆیەمدا) ئەم گوشارە وای کرد، ڕێژەی ئافرەت لەم کابینەیەدا بە ڕادەیەکی باش زیادی کرد، بۆیە ئەگەر ئەو ترسە بشکێنین و ئافرەتان باشتر بێنە پێشەوە، دەتوانین بە ئاسانی ئەو بەها کۆنانە بگۆڕین کە بوونەتە بەربەست لە بەردەم بەشداریی زیاتری ئافرەتان لە ناو کایەی سیاسیدا.

**ئافرەت هەر پلە و پۆستێکی سیاسی، یان حوکمڕانیی هەبێت، کە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە دەبێ جارێکی دیکە فەرمان و بڕیاری هاوسەرەکەی جێبەجێ بکات و، هاوسەرەکەی پێی ڕەوا نابینێ بەو چاوە سەیری بکات کە لە کۆمەڵگە لە پێگەکەی خۆی هەیەتی**

**ئەگەر ئەو بوێرییەمان نەبێت، بەرەنگاری ئەو بەها کۆنانە ببینەوە، ئایا داهاتووی کۆمەڵگەکەمان ناکەوێتە سەر لێواری هەڵدێر؟ کە ئەمەش دەبێت بە هەڕەشە بۆ ئەو دەسەڵات و سیاسەتەی کە ئەقڵییەتی پیاوسالاری لە کۆمەڵگەدا پیادەی دەکات**

**ئافرەتان لە ترسی بەها کۆنەکانی کۆمەڵگە بە پیاوسالاری بیر دەکەنەوە و، هەر لەبەر ئەو ترسەشە کە ناتوانن قۆڵی لێ هەڵ بکەن و باشتر ڕۆڵی خۆیان لە کایەی سیاسیی کوردستاندا بگێڕن**






## پ.د. نەزاکەت حوسێن

**ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:**


# دەبێت وێنەی ئافرەت لە ئەقڵییەتی پیاوسالاری سیاسەتمەداری ناو حزبە سیاسییەکاندا گۆڕانکاری بەسەردا بێت

**پ.د. نەزاکەت حوسێن جیا لەوەی ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە هەمانکاتدا چالاکێکی دیاری بواری میدیا و پرسی ژنانە و، چەندین لێکۆڵینەوەی زانستییانەی لەسەر پرسی ئافرەتان نووسیوە و، ئەندامی بەشی جێندەری فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی جیهانیشە، لە ئەڵقەی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆشدا بەم جۆرە بۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو:**

نامەوێت بڵێم میوانان لەبەر ئەوەی «بازنەی گفتوگۆ» ماڵی هەمووتانە و دەستان خۆش بێت، داتا و زانیاریی زۆر بەرزتان خستە ڕوو، زۆر باشیش شرۆڤەتان بۆ ئاکامی ڕاپرسییەکە کرد، ئەمەش جێگەی خۆشحاڵییە و سەرەنجامیش بۆچوون و پێشنیارەکان خزمەتی یەك بابەت دەکەن، کە ئەویش هەوڵێکە بۆ هەڵسەنگاندن و خستنەڕووی بیروبۆچوون و پیشنیاری جیاواز بۆ ئەم پرسە گرنگە (ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەت لە کایەی سیاسیدا)، هەوڵ دەدەم لە ڕوانگەی بۆچوونەکانی ئێوەوە ئەو پرسیارە بووروژێنم: ئایا ئافرەت لە کایەی سیاسەتی وڵاتی ئێمەدا بوونی هەیە، یان نا؟ ئەگەر هەیە، ئەو هۆکار و ئاستەنگانە چین کە ناهێڵێت ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێت؟ ئەگەر بمانەوێت دەروازەیەك بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە گرنگە بدۆزینەوە، چارەسەرکانی چین؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە کە کۆمەڵێك پرسیارن تایبەت بە سرووشتی کۆمەڵگەی ئێمە، دەڵێین بێگومان ئافرەت بە ڕێژەیەك لە ناو کایەی سیاسی و حزبە سیاسییەکاندا هەیە، بەڵام ڕەنگە لە ئاستی پێویستدا نەبێت و، ئومێد و خۆزگەی ئێمە ئەوە بێت، ئەو بوونە بەرەو هەڵکشانی زیاتر بچێت، بەڵام ئەوەی ئێمە پێویستە هەڵوەستەی جددی لەسەر بکەین، ئەو پرسیارەیە کە ئایا ئافرەت لە پرۆسەی درووستکردنی بڕیاری سیاسیدا بوونی هەیە؟ ئایا هاوبەشە لە پرۆسەی درووستکردنی سیاسەتی کۆمەڵگەی ئێمەدا؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە قورس نین، بەڵام بەداخەوە بێ ئومێدی و ڕەشبینی بەدوای خویدا دەهێنێت کە بڵێین ڕێژەی بوونی ئافرەت لە هەردوو پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی و دروستکردنی سیاسەتی کۆمەڵگەدا بە جۆرێك کەمە، کە دەکرێت بڵێن نییە، ئەمەش زەنگێکی مەترسیدارترە لەوەی پ.د. ڕەشاد میران باسی کرد، بەوەی کەلتووری کۆمەڵگەی ئێمە پیاوسالارییە،

**ڕێژەی بوونی ئافرەت لە هەردوو پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی و دروستکردنی سیاسەتی کۆمەڵگەدا بە جۆرێک کەمە، کە دەکرێت بڵێین نییە**

هەروەها د.خانزاد باسی کرد کە سیستمێکی نێرسالارییە، لێرەوە من دەڵێم: پرۆسەی دروستکردنی سیاسەت و بڕیار لە وڵاتی ئێمەدا پرۆسەیەکی نێرسالاری و پیاوسالارییە، ئەمەش وەك د.سالار دەستنیشانی کرد، ئەم حاڵەتە کۆمەڵگەی ئێمەی تووشی پارادۆکسێك کردووە، لە نێوان «ڕوخسار و ناوەڕۆکدا» کە بە ڕوخسار وەك ئێکسسوار ئافرەت لە ناو کایەی سیاسیدا هەیە، بەڵام وەك ڕۆڵ و کاریگەری بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە لە ناوەڕۆکدا بوونی نییە، هەر بۆیە دەبینین حزبی سیاسی هەیە نزیکەی نیوەی ئەندامەکانی ئافرەتن، بەڵام لە پرۆسەی سیاسەت و بڕیار دروستکردندا ئافرەت هیچ بوونێکی نییە.

بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم لاسەنگییە لە پرۆسەی دروستکردنی سیاسەت و بڕیار بۆ کۆمەڵگە، هەڤاڵ فەرهاد محەمەد دەڵێت: «دەبێت پرۆسەی بەمێکردنی سیاسەت دەست پێ بکەین»، بەڵام با پرسیار لە خۆمان بکەین: پرۆسەی بەمێکردنی سیاسەت بەچ مانایەك؟ بێگومان وەك پێکەوە زۆر بە قووڵی گفتوگۆمان لەسەر کردووە، واتە کاڵکردنەوەی ئەقڵییەتی پیاوسالاری و نێرسالاری لە پرۆسەی دروستکردنی سیاسەت و بڕیاردا، هەتا ئەو ئاستەی ئەقڵییەتەکە دەبێتە ئەقڵییەتی مرۆڤسالاری نەك بە تەنیا پیاوسالاری، یان ژن سالاری.

کەواتە گۆڕینی ئەقڵییەتی پیاوسالاری بۆ ئەقڵییەتی مرۆڤسالاری ئەو زەرورەتەی دروست کردووە کە هەموو بیرمەندانی جیهان و سیاسەتمەدارە پراکتیشنەرەکان داوای دەکەن، کە زەروورتە ئەقڵی مێ لە پرۆسەی دروستکردنی سیاسەت و بڕیاردا تێکەڵاوی ئەقڵی نێر بکرێت، ئەمە ئەو زەروورەتەیە کە د.کوردستان موکریانی ئاماژەی پێ کرد و نەتەوە یەکگرتووەکان لەبەر ڕۆشنایی جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤدا جارێکی دیکە جەخت لە تەواوی مافە سیاسی و مەدەنییەکانی ئافرەتان دەکاتەوە.

ئەزموونی سەدان ساڵەی مرۆڤایەتی لە شەڕ و کوشتار و قاتوقڕی و گەشەنەکردنی ئابووری وەك پێویست، مرۆڤایەتیی گەیاندووەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر دەست لە ٥٠٪ سەرمایەی مرۆڤایەتی کە (ئافرەتانن) هەڵبگیرێت، ئەوا بە وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆیی ٥٠٪ـەکەی دیکە ناتوانرێت ١٠٠٪ کۆمەڵگە بە باشی بەڕێوە ببرێت و سیاسەتێکی باشی ئەوتۆ دروست بکرێت، کە حوکمڕانییەکی باش بەرهەم بهێنێت.

ئەوجا ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی ئەقڵییەتی مرۆڤسالاری لە پرۆسەی دروستکردنی سیاسەت و بڕیار ئاماژە بە هەندێك داتا و ئاکام دەکەم، لەوانە:

● ئەزموونی گەلان دەریان خستووە، چەند ڕێژەی ئافرەت بەرزتر بێت لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا، گرژی و ململانێکانی ناوخۆ و نێوان دەوڵەتەکانیش ئاسانتر چارەسەر کراون و، دانوستانەکان بۆ بەرهەمهێنانی ئاشتی سەرکەوتووتر بوون.

● توێژینەوەکان دەریان خستووە، لەو پەرلەمانانەی ڕێژەی ئافرەت لە لێژنەکاندا زۆرن، هەموو کات پڕۆژە یاسای پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی زیاتر بۆ هاووڵاتیان پێشکەش کراوە.

● ڕێژەی بەرزی ئافرەت لە سیاسەتدا کاریگەریی گەورەی هەیە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەی خۆشگوزەران و کامەراندا، کە ئەمە لە کۆمەڵگەی دیموکراتیشدا باڵاترە.

**گۆڕینی ئەقڵییەتی پیاوسالاری بۆ ئەقڵییەتی مرۆڤسالاری ئەو زەرورەتەی دروست کردووە کە هەموو بیرمەندانی جیهان و سیاسەتمەدارە پراکتیشنەرەکان داوای دەکەن**

لێرەوە ئەگەر پێشنیاری پێویست بۆ بەپراکتیزەکردنی ئەم بۆچوون و پێشنیارانە بخەینە ڕوو، گرنگە ئەم هەنگاوانە هەڵبگرین:

١. گۆڕینی وێنەی ئافرەت لە ئەقڵییەتی پیاوسالاریی سیاسەتمەداری ناو حزبە سیاسییەکاندا.

٢. گۆڕینی وێنەی ئافرەت لە ئەقڵییەتی کەلتووری پیاوسالاریی کۆمەڵگە و خێزاندا، لەبەر ئەوەی ئافرەتی سیاسەتمەدار لە ناو خێزانەکەی خۆیەوە کێشەی بۆ دروست دەکرێت.

٣. چاوخشاندنەوە بە پڕۆگرامی پەروەردە، بۆ ئەوەی لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە وێنەی ئافرەت بگۆڕێت بۆ وێنەیەك لە ئەقڵییەتی مرۆڤسالاریدا.

٤. دووبارە تەفسیرکردنەوەی ئایین لەبەر ڕۆشنایی فیکر و ئیجتیهادی زانا گەورەکانی ئایین، بەتایبەتیش زانا گەورەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە کوردستان، کە ئەو توانایەیان هەیە و ئەو توانایەشمان لێ بینیون.

**ئەزموونی گەلان دەریان خستووە، چەند ڕێژەی ئافرەت بەرزتر بێت لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا، گرژی و ململانێکانی ناوخۆ و نێوان دەوڵەتەکانیش ئاسانتر چارەسەر کراون**

لە دوماهیشدا قسەکانم بە سەرنجێکی ئەرێنی لەسەر قسەکانی د.شیرین کۆتایی پێ دەهێنم، کە گوتی: «لە قورئاندا جیاوازیی مرۆیی لە نێوان ژن و پیاودا نییە»، کە بە تەواوەتی ئەو قسەیە ڕاستە و پەروەردگار خۆی دەفەرموێت (ئێمە ئێوەمان لە نێر و مێ دروست کردووە و کردوومانن بە گەل و هۆز، بۆ ئەوەی پێکەوە تەعاروف بکەن و باشترینیشتان لای خودا، ئاستی خوا پەرستیتانە).

ئەمە مانای ئەوەیە چۆن گەل و هۆزەکانی بە یەکسانی دروست کردووە، هەر دوو ڕەگەزی (نێرو مێ)شی وەك مرۆڤ بە یەکسانی دروست کردووە.





**فەرهاد محەمەد**

**ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

# دەبێت ئەقڵییەتی پیاوسالاری لە بیرکردنەوەی ئافرەتاندا بسڕێتەوە و ئەقڵییەتی مرۆڤسالاری جێگەی بگرێتەوە

**فەرهاد محەمەد جیا لەوەی ئەندامی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەنووسە و لە کایەی ڕۆژنامەنووسیشدا کار لەسەر کۆی بوارەکانی حوکمڕانیی باش و پەرەپێدانی بەردەوام و بەرهەمهێنانی ئاشتیی کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵگەدا کردووە و، بە دیدێکی ڕەخنەگرانەی سیاسی بەدواداچوون بۆ ئەو پرسە گرنگانە دەکات، لەم گفتوگۆیەشدا سەبارەت بە (ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەت لە کایەی سیاسیدا) بەم جۆرە سەرنجەکانی خۆی خستە ڕوو:**

کاتێك لە کۆبوونەوەی (بازنەی گفتوگۆ) لەسەر ئەوە ڕێککەوتین ئەڵقەی دووەمی گفتوگۆکەمان بکەینە دیارییەك بۆ (٨ی مارس) ڕۆژی ئافرەتانی جیهان، بەو ئومێدەوە خۆمان بۆ ئەم گفتوگۆیە ئامادە دەکرد، کە بەشداریی ئافرەتان لە کایەی سیاسی و حوکمڕانیدا لەگەڵ ئەوەی وەك پێویستیش نییە، کاریگەرییەکی ئەرێنیی زۆر باشی لەسەر ئەقڵییەتی مرۆڤسالاریی ئافرەتانی کوردستان هەبووبێت، مەبەستیشم لە ئەقڵییەتی مرۆڤسالاری واتە خاڵی پێگەیشتن و لێکتێگەیشتنی هەر دوو ئەقڵییەتی پیاوسالاری و فێمنیستییە. بەڵام کە ئاکامی ئەو ڕاپرسییەی «بازنەی گفتوگۆ»م بینی و لەگەڵ وەڵامدانەوەی ئافرەتان بە پیاوانم بەراورد کرد، هەستم بە شۆکێکی گەورە کرد، لەمەش زیاتر گەیشتمە ئەو هەستەی کە مەترسیی (ئەقڵییەتی پیاوسالاری) هێندەی لە ناو بیرکردنەوەی ئافرەتاندا بەربەست و مەترسییە بۆ چارەسەرنەکردنی کێشەی ئافرەتان لە ناو پرۆسەی سیاسیی و حوکمڕانیی وڵاتدا، هەر هێندە و شتێك زیاتر «ئەقڵییەتی پیاوسالاری» لە ناو بیرکردنەوەی پیاواندا مەترسییە. بۆیە لێرەدا بە چەند خاڵ ئاماژەیان پێ دەکەم :

- ٣٨٪ی ئافرەتان بە لایانەوە ئاسایی نییە ئافرەت پیشەی (پۆلیس – ئاسایش) بێت، لە بەرانبەردا پیاوان ٥٦٪.
- ٢٥٪ی ئافرەتان بەلایانەوە ئاسایی نییە ئەندامی پارتێك بن سەرۆکەکەی ئافرەت بێت، لە بەرانبەردا پیاوان ٤٣٪.
- هەتا ئێستاش ڕێژەی ١٢٪ی ئافرەتان بە لایانەوە ئاسایی نییە ئافرت لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا بوونی هەبێت، لە بەرانبەردا پیاوان ٢٨٪.

- ١٣٪ی ئافرەتان لایان ئاسایی نییە ئافرەت وەزیر بێت، لە بەرانبەردا پیاوان ٢٠٪.
- ١٣٪ی ئافرەتان بە لایانەوە ئاسایی نییە لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بە کاندیدی ئافرەت بدەن، لە بەرامبەردا پیاوان ٢٥٪.
- ١٧٪ی ئافرەتان بە لایانەوە ئاسایی نییە ئافرەتان بەشداریی خۆپیشاندانەکان بکەن، لە بەرانبەردا پیاوان ٢٤٪.
- ١٤٪ی ئافرەتان لایان ئاسایی نییە ئافرەت ئەندامی پارتێکی سیاسی بێت، لە بەرانبەردا پیاوان ٢٤٪.
- ١١٪ ١١٪ی ئافرەتان لایان ئاسایی نییە لە فەرمانگەیەکدا فەرمانبەر بن کە بەڕێوەبەرەکەی ئافرەت بێت، لە بەرانبەردا پیاوان ٢٤٪.

ئەم داتایانە ئەوەمان پێ دەڵێت، پێش ئەوەی کار بۆ کاڵکردنەوەی ئەقڵییەتی پیاوسالاری لە بیرکردنەوەی پیاواندا بکەین، دەبێت کار بۆ ئەوە بکەین کاریگەریی ئەقڵییەتی پیاوسالاری لە بیرکردنەوەی ئافرەتاندا بسڕینەوە.

د. نەزاکەت تیۆری (بە مێکردنی سیاسەتی) فرانسیس فۆکۆیامای بە بیرهێنامەوە کە وەك دیراسەتێك بە ناونیشانی (ژنان و پەرەپێدان لە سیاسەتی جیهانیدا) پێشکەشی کۆنگرەی جیهانیی ئافرەتان لە پەکین کراوە، بەپێی ئەم تیۆرە مرۆڤایەتی لە هەوڵی ئەوەدایە ئەقڵییەت و بیرکردنەوەی مێ بۆ ئاشتی، پەروەردەی تاك (نێر و مێ)، خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی، ئاشتیی کۆمەڵایەتی، بەهێزکردنی بنەماکانی حوکمڕانیی باش و.. هتد) وەك پێویستییەکی ژیاری بە ڕێژەیەکی بەرز بگوازێتەوە بۆ ناو کایەی سیاسی و پرۆسەی سیاسەت و بڕیاردروستکردن، ئەمانە لە پێناوی ئەوەیە لە ناو کایەی سیاسەت و تەواوی پرۆسەی دروستکردنی سیاسەت و بڕیاردا، ئەقڵییەتی پیاوسالاری کاڵ بکاتەوە، تا دەگاتە ئەو ئاستەی ئەقڵییەتی پیاوسالاری وەرچەرخانی بەسەردا دێت بۆ (ئەقڵییەتی مرۆڤسالاری)، ئەم ئەقڵییەتی مرۆڤسالارییەش ئەو وەرچەرخانەمان پیشان دەدات، کە بە شێوەیەکی گشتی لە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و دەوڵەتانی باکووری ئەوروپا پێشکەوتن و دادپەروەری و خوشگوزارنی و کامەرانی لە کۆمەڵگەکانیدا بەرجەستە بوون. هەر وەك ئەوەی فۆکۆیاما پێمان دەڵێت: «کاتێك ئافرەت دەبێتە سیاسەتمەداری سەرکردە، ئەوا ئاراستەی سیاسەت بەرەو هەماهەنگی و هاوکاری دەچێت و کەمتر تەنگژە لە جیهاندا دەردەکەون».

بەڵام ئەم قسەیەی فۆکۆیاما بۆ ئەو خانمە سەرکردانە ڕاستە کە سیفەتی مێینەی خۆیان تێکەڵاوی سیاسەت دەکەن و ئەو وەرچەرخانە دروست دەکەن کە پێی دەگوترێت «ئەقڵییەتی مرۆڤسالاری»، لە بەرانبەر ئەمەدا ئەگەر خانمان خۆیان لە ئەقڵییەتی پیاوسالاری دانەماڵن، ئەوا وەك خاتوونی باڵیۆز «سوانی هانت» لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی «لێگەڕێن با خانمان حوکمڕان بن»، ئاماژە بەوە دەکات چەند سەرۆك وەزیرانی ئافرەت لە جیهاندا هەبوون وەك: ئەندیرا گاندی سەرۆك وەزیرانی هیندستان، مارگرێت تاتچەر سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا، گۆڵدا مائیر سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل) ئەم سێ خانمە کە وەك سێ کاریگەرترین خانمی سەرکردە لە جیهاندا ئەقڵییەتی پیاوسالارییان لە زۆربەی پیاوە سەرکەوتووەکان زیاتر بووە و کەمترین کاریان کردووە، کە بایەخی بۆ ئافرەت هەبێت لە سیاسەتدا.

کەواتە ئەم ئاراستەیە ئەوەمان پێ دەڵێت، تەنیا بەشداریی چەندێتی ئافرەت لە کایەی سیاسیدا گرنگ نییە و نابێتە هۆکاری پەرەپێدانی سیاسی لە کۆمەڵگەدا، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئافرەت سیفەت و بیرکردنەوەی مێینە تێکەڵاوی سیاسەت بکات، ئەگەرنا ئەگەر ئافرەتان هەر بە ئەقڵییەتی پیاوسالارانە بەشدارییان لە کایەی سیاسیدا پێ بکرێت، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە ناتوانین ئەو وەرچەرخانە دروست بکەین کە پرۆسەی سیاسی پێویستی پێیەتی، ئەویش دەرکەوتنی ئەقڵییەتی مرۆڤسالارییە.

لێرەوە زۆر گرنگە حزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی باشتر کار لەسەر پرسی هۆشیارکردنەوەی ژنان و گرنگیی سیفەت و تایبەتمەندیی ئافرەت وەك پێویستییەك بۆ پەرەپێدانی دروستکردنی سیاسەت و بڕیار بکەن و، دەبێت ئامانج لە بەشدارییپێکردنی ئافرەت لە کایەی سیاسیدا تەنیا بۆ ڕوخسار نەبێت، بەڵکو دەبێت ببێتە فاکتەرێك کە جەوهەر و ناوەڕۆکی سیاسەت و بڕیار گۆڕانکاریی بەسەردا بێت و ئەو سیاسەت و بڕیارە دروست بکرێت، کە هەموو کۆمەڵگەیەکی تەندروست و کۆمەڵگەی کوردستان لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستی پێیەتی.

**«کاتێک ئافرەت دەبێتە سیاسەتمەداری سەرکردە، ئەوا ئاراستەی سیاسەت بەرەو هەماهەنگی و هاوکاری دەچێت و کەمتر تەنگژە لە جیهاندا دەردەکەون»**

**تەنیا بەشداریی چەندێتی ئافرەت لە کایەی سیاسیدا گرنگ نییە و نابێتە هۆکاری پەرەپێدانی سیاسی لە کۆمەڵگەدا، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئافرەت سیفەت و بیرکردنەوەی مێینە تێکەڵاوی سیاسەت بکات**

**دەبێت ئامانج لە بەشدارییپێکردنی ئافرەت لە کایەی سیاسیدا تەنیا بۆ ڕوخسار نەبێت، بەڵکو دەبێت ببێتە فاکتەرێک کە جەوهەر و ناوەڕۆکی سیاسەت و بڕیار گۆڕانکاریی بەسەردا بێت و ئەو سیاسەت و بڕیارە دروست بکرێت**



ئارام شەعبان
شارەزای سیستمی دارایی و بانکی بۆ گوڵان:

# کردنەوەی بانکی نیشتمانی لە هەرێم گرنگییەکی زۆری دەبێت بۆ گەڕانەوەی متمانە و سوودوەرگرتن لە خزمەتگوزارییەکانی بانکی ناوەندی

**سیستمی دارایی و بانکی لەم سەردەمەدا بایەخێکی گەورەی لە ئابووری و بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا هەیە، لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش تا ئەمڕۆ نەتوانراوە لە چوارچێوەی داخراوی سیستمە کۆن و کلاسیکییەکان دەربازمان بێت، بگرە هۆکارێکی سەرەکیی قەیران و گرفتە ئابوورییەکان و ناجێگیری و لاوازیی بەهای دینار و ناهاوسەنگی و کەموکورتییەکانی بودجەی گشتیی عێراقیش بۆ ئەم لایەنە دەگەڕێتەوە. گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئارام شەعبان مامۆستا لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووریی بەشی دارایی و بانکی ساز دا. لێرەدا دەقی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** وەکو مامۆستایەکی شارەزا لە بواری دارایی و بانکی، سەرەتا دەکرێت بزانین خوێندنەوەت بۆ کەرتی بانکی و دارایی لە عێراق و هەرێمی کوردستان چییە؟**

- کەرتی بانکی و دارایی لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش وەکو هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆی– فیدراڵی، گیرۆدەی کۆمەڵێك گرفت و کەموکورتیی گەورە بووە، لە هەمووشی مەترسیدارتر ئەوەیە کە ئەم کەرتە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم و ئامانجە سەرەکییەکەی بانك پێش نەکەوتووە، زیاتر بە ئەرکی سەرەکیی خۆی لە گەشەی ئابووری و وەبەرهێنان و جووڵەی داراییدا هەڵنەساوە، لە عێراقدا زیاتر لە ٧٠ بانکی تایبەتی هەن، لەگەڵ بوونی حەوت بانکی حکوومی، کە دیارترینیان هەردوو بانکی ڕافیدەین و ڕەشید و لقەکانیەتی لە پارێزگاکان. لەگەڵ بوونی ئەم ژمارە زۆرەی بانك کەچی لە ڕووی جووڵەی نەختینەیی و کۆنترۆڵکردنی دراو و دابینکردنی سیولەی نەختینەییەوە ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نییە، بۆ نموونە: قەبارەی دیناری عێراقی بە زیاتر لە ٨٠ تریلیۆن دینار دادەنرێت، کەچی تەنیا ٤٠ تریلیۆن دیناری لەبەردەستدایە و ١٩ تریلیۆن دینار لە ناو ماڵەکاندایە، خەڵکی متمانەی بە بانکەکان نییە تا پارەکەی تێدا دابنێن، لە کاتێکدا هەڵگرتنی پارە لە ماڵەوە هەڵاوسان کاریگەریی تێ دەکات، بەو واتایەی کە ١٠٠ هەزار دیناری ئەمڕۆ یەکسان نییە بە بەهای ١٠٠ هەزار دیناری ساڵی داهاتوو، چونکە بە هۆی هەڵاوسانەوە هێزی کڕینی لەدەست دەدات، هەر بۆیە هەموو ئەم پارەیەش لە سێکتەرەکانی وەبەرهێناندا ونن و بانکەکان ناتوانن هاوشێوەی بانکە جیهانییەکان ڕۆڵیان لە وەبەرهێنان و بووژانەوەی ئابووریدا هەبێت. لە هەرێمی کوردستان ١١٧ بانکی حکوومی هەیە و سەر بە بەڕێوەبەرایەتی بانکە بازرگانییەکانی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکومەتی هەرێمن، هەروەها سەرەڕای بوونی چەندین بانکی تایبەت، کەچی ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نییە لە بواری پێدانی قەرز و وەبەرهێنان و جووڵەی نەختینەییدا، خۆ ئەگەر باسی بانکی ناوەندیی عێراق بکەین، ئەوا بە ڕوونی شکستی بواری نەختینەیی و کۆنترۆڵنەکردنی پاراستنی سەقامگیریی بەهای دیناری عێراقی دەبینین.

**قەبارەی دیناری عێراقی بە زیاتر لە ٨٠ تریلیۆن دینار دادەنرێت، کەچی تەنیا ٤٠ تریلیۆن دیناری لەبەردەستدایە و ١٩ تریلیۆن دینار لە ناو ماڵەکاندایە، خەڵکی متمانەی بە بانکەکان نییە تا پارەکەی تێدا دابنێن**

*** چی بکرێت تاوەکو بانکەکان ڕۆڵی سەرەکیی خۆیان بۆ بگەڕێتەوە و لە ناو کایەی ئابووری و پەرەپێداندا هاوکار و پاڵپشتی بەهێزبوونی ئابووری بن؟**

- کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای بوونی ئاستەنگی زۆر کە گرنگترینیان لاوازیی بانکی ناوەندیی عێراق و فەرامۆشکردنی بانکە حکوومییەکانی کوردستانە لە خزمەتگوزارییە بانکی و نەختینەییەکان و پێشکەشکردنی ئاسانکارییەکانی، بەڵام پرۆپۆزەڵی کردنەوەی (بانکی نیشتمان)ی گشتگیر و یەکگرتووی بە سیستماتیك دراوە بە بانکی ناوەندی، تاوەکو ڕەزامەندی بدرێت بە کردنەوەی و، ڕاستەوخۆ سەر بە بانکی ناوەندیی عێراق بێت و لە

**لە هەرێمی کوردستان ١١٧ بانکی حکوومی هەیە و سەر بە بەڕێوەبەرایەتی بانکە بازرگانییەکانی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکومەتی هەرێمن**

خزمەتگوزاری و ئاسانکارییەکانی ئەو بانکە ناوەندییە سوودمەند بێت، بە دەستبەکاربوونی ئەم بانکە نیشتمانییە ئومێدێکی زۆر بۆ بووژانەوەی کەرتی بانکی لە هەرێمی کوردستان دروست دەبێت، متمانەیەکی باشیش لای خەڵکی بۆ دامەزراوەی بانکی لە هەرێمی کوردستان دروست دەبێت، چونکە عێراق و هەرێمی کوردستان بە یەك دراو (دینار) مامەڵە دەکەن و سیاسەتی دارایی و نەختینەیی لای وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵی و بانکی ناوەندیی عێراقەوە دادەڕێژدرێت، لەگەڵ ئەمەشدا دەکرێت لە ڕێگەی کردنەوەی بانکی کەرتی تایبەتی متمانەپێکراو کە بە بانکە نێودەوڵەتییەکانەوە ببەسترێتەوە، کەمێك لەو پاشکەوتەییەی سیاسەتی نەختینەیی دەربازمان ببێت، چونکە ئابووریی عێراق لەژێر چنگی سیاسەتێکی هەڵدایە، واتا سیاسەت لە خزمەتی ئابووریدا نییە، بە پێچەوانەوە ئەوە ئابووری و دارایی عێراقە بۆ مەبەستی شەخسی و سوودی لایەنە سیاسییەکان بەکار دەهێنرێت.

*** بانکی ناوەندیی عێراق خاوەنی یەدەگێکی گەورەی دراوی بیانییە و بەهای نوتیش لە سەرووی ٨٢ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك ماوەتەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی ئەم بانکە نەیتوانیوە هەر هیچ نەبێت بەهای دینار بە جێگیری بهێڵێتەوە و ئەوەندە ئەم وڵاتە تووشی هەڵاوسان نەکات؟**

- لە هەموو دونیادا یەکێك لە سیفەتە گرنگ و سەرەکییەکانی بانکی ناوەندی ئەوەیە سەربەخۆ بێت و نەکەوێتە ژێر کاریگەری و بەرژەوەندیی هیچ لایەنێکی سیاسی و لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتیدا بێت، کەچی لە عێراقدا لەژێر دەستی لایەنی سیاسی و دەستێوەردانی دەرەکیشدایە، ئەوەی لەم چەند مانگەی ڕابردوودا بینیمان بە ئاشکرا ئەم دەستێوەردانە دیار بوو، هێشتا ئەم بانکە بە عەقڵییەتی مەرکەزی و شموولی و دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان بەکار دەهێنرێت، ئەوەتا لە زۆربەی خزمەتگوزاریی بانکی و ئاسانکاریی نەختینەیی و پێشکەشکردنی قەرزدا بانکەکانی هەرێمی کوردستانی بێبەش کردووە، سەرۆك وەزیران بە بڕیارێك پارێزگاری بانکەکەی لە کار لا دەبات و کەس نازانێت سیاسەت و بەرنامەی ئەم بانکە چۆن بەڕێوە دەبرێت، هەر ڕۆژەی لەسەر بڕیارێکە، ئەمە هەمووی زیانی بە لایەنی دارایی و نەختینەیی و بەهای دینار گەیاندووە.

بڕیارە نازانستی و ناشەفافەکانی بانکی ناوەندی بە ڕادەیەکە کە پشێوی و بێ سەروبەریی پێوە دیارە، ڕۆژێك بەهای دینار دەشکێنێت و ڕۆژێکی دیکە بەرزی دەکاتەوە و تەنانەت کاتێك بەهای دیناری بەرانبەر ١٠٠ دۆلاری ئەمریکی بۆ ١٣٢ هەزار دینار بەرز کردەوە، کەچی لە بازاڕدا ئەوەندە متمانەی لەدەست داوە، هەر لە سەرووی ئاستەکانی ١٥٤ هەزار دیناردایە. بۆیە گەڕانەوەی متمانەی هاووڵاتیان بۆ دیناری عێراقی و بانکی ناوەندی و بانکەکانی دیکە ئەرکە قورسەکەیە، تا ئەو متمانەیە نەگەڕێتەوە، سیولەی نەختینەیی لە بانکەکاندا زیاد ناکات. بە بۆچوونی من هەنگاونان بەرەو بەکارهێنانی کارتی ئەلیکترۆنی و بە ئەلیکترۆنیکردنی سیستەمی پارەدان سیولەی نەختینەیی زیاد دەکات، بانکەکانیش بە بوونی ئەم سیولەیە دەتوانن بە شێوەیەکی فراوانتر و زیاتر لە کەرتی وەبەرهێنان و بووژانەوەی ئابووریدا بەشدار بن و، هاووڵاتیان و بزنێسکار و بازرگان و وەبەرهێنەر و هەموو چین و توێژەکانی دیکەش سوود لە قەرز و ئاسانکارییە بانکییەکان وەربگرن. جێگەی داخە بەهۆی لاوازیی کەرتی بانکی لە عێراقدا نەتوانراوە توانای بانکەکان بەرز بکرێتەوە، ئەمەش وا دەکات پارە نەگەڕێتەوە ناو ئابووری و جووڵەی نەختینەیی شپرزەیی تێ بکەوێت، بە واتایەکی دیکە بانکی ناوەندی سەرکەوتوو نەبووە لە کۆنترۆڵکردنی لایەنی نەختینەیی و داراییدا.

*** نائومێدی بۆ دەربازبوون لە عەقڵییەتی مەرکەزی و دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان زیانی نەك تەنیا بەهەرێمی کوردستان گەیاندووە، بەڵکو ئەوە عێراقیشە زیانی گەورەی لێ کەوتووە، ئایا چی بکرێت تاوەکو بەرژەوەندیی هاوبەش و ئامانجی خزمەتکردنی هاووڵاتیان کۆمان بکاتەوە و چیتر سیاسەت نەبێتە هۆی تێکدانی ئابووری و ڕێگرتن لە چاکسازییەکان؟**

**ئەگەر باسی بانکی ناوەندیی عێراق بکەین، ئەوا بە ڕوونی شکستی بواری نەختینەیی و کۆنترۆڵنەکردنی پاراستنی سەقامگیریی بەهای دیناری عێراقی دەبینین**

**ئابووریی عێراق لەژێر چنگی سیاسەتێکی هەڵدایە، واتا سیاسەت لە خزمەتی ئابووریدا نییە، بە پێچەوانەوە ئەوە ئابووری و دارایی عێراقە بۆ مەبەستی شەخسی و سوودی لایەنە سیاسییەکان بەکار دەهێنرێت**

**یەکێک لە سیفەتە گرنگ و سەرەکییەکانی بانکی ناوەندی ئەوەیە سەربەخۆ بێت و نەکەوێتە ژێر کاریگەری و بەرژەوەندیی هیچ لایەنێکی سیاسی و لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتیدا بێت**

- حکومەتەکەی سوودانی لەسەر بنەمای کۆمەڵێك بەڵێن و ڕێککەوتن دامەزراوە، جگە لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەستوور، زۆربەی ئەو ڕێککەوتن و بەڵێنانە ئابوورییە، وەك: پڕۆژە یاسای بودجە و پشکی هەرێمی کوردستان و ناردنی ٢٠٠ ملیار دینارەکە و ڕێککەوتن لەسەر نووسینەوە و دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی و هاوبەشیکردنی کورد لە دامەزراوە فیدراڵییەکان و وەزارەتە گرنگ و هەستیارەکان و چەندین بابەتی دیکە، ئەوەی لەم چەند مانگەی ڕابردوودا بینیمان تەنیا بەنجێکی کاتییە و بە نەزانانە لە لاشەی دارایی و نەختینەیی و ئابووریی عێراق دەدرێت، بودجەیەکی زەبەلاح کە پێشتر ٤٣ تریلیۆن بووە و لە ئێستادا بۆ ٦٣ تریلیۆن دینار بەرز بووەتەوە، کە زۆرینەی بۆ سێکتەری بەکارخستن دەڕوات لەسەر حیسابی لایەنی سەرمایەگوزاری، ئەمە خۆی لە خۆیدا گرفتێکی گەورەیە، لە ناو ئەم بودجەیەدا بەڵێنی دامەزراندنی ٥٠٠ هەزار پلەی وەزیفی دراوە لە حکومەتێکدا کە زۆرینەی هەرە زۆری داهاتەکانی بۆ مووچە دەڕوات و ساڵانە ٥٣ تریلیۆن دیناری بۆ دابینکردنی مووچەکان پێویستە، ئەمە بە مەرجێك بەهای یەك بەرمیل نەوت لە ٧٠ دۆلار نەیەتە خوارەوە. لە هەمووی خراپتر تا ئێستا بە عەقڵیەتی شموولی و مەرکەزی وڵات بەڕێوە دەبەن، لە وڵاتێکدا گەندەڵی و بەهەدەردانی دارایی گشتی بووەتە کەلتوور و دەسەڵاتەکانیش خراپ بە کار دەهێنرێت، هەرچی ڕێککەوتنی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە، بە بوونی ئەم عەقڵییەتە ڕێگرە لە بەردەم ڕێگەچارەکان و نەگەیشتن بە ڕێککەوتن و ناکۆکییەکان بەردەوام دەبێت، بەتایبەتی لەسەر یاسای نەوت و گاز و بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و ماف و شایستە داراییەکانی هەرێم و یەکلاکردنەوەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەستوور و ئاساییبوونەوەی ناوچە جێناکۆکەکان، ئەوا ڕاستەوخۆ کاردانەوەی لەسەر دۆخی ئابووریی عێراق و کوردستانیش دەبێت.

*** بەڵام چیتر هاووڵاتیانی عێراق بەرگەی ئەو بارگرانی و دۆخی هەڵاوسانە ناگرن، وەکو شارەزایەکی بانکی و دارایی پێت وانییە نەزانینی مامەڵەکردن لەگەڵ ئابووری و دۆخی داراییدا وڵاتەکە بەرەو نەهامەتیی زیاتر دەبات؟**

- ئەگەرچی عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە سامانی ژێر زەوی، بەتایبەتی بوونی یەدەگی نەوتی و گازی کە لە دوای کۆرۆناوە بەهاکەی لە ئاستێکی بەرزدایە، لەسەر ئاستی قەزرەکانیش حکومەتەکەی سوودانی توانیویەتی قەرزێکی زۆر بداتەوە، بەتایبەتی قەرزەکانی کارەبا و گازی ئێران، بە شێوەیەکی گشتی لە ساڵی ٢٠٢٢ یەدەگی دراوی بانکی و بودجە و داهاتەکانی زۆر زیادی کردووە، کەچی ڕێژەی هەژاری و بێکاری و خراپبوونی دۆخی تەندروستی و پەروەردەیی تا دێت خراپتر دەبێت، بەتایبەتی کە لە ئێستادا بە هۆی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و بوونی شوێنەوارەکانی کۆرۆنا و گرانیی تێچوونی سووتەمەنی و قۆرخکاریی گەورە کۆمپانیاکان، گرانی بووەتە کێشەیەکی جیهانی، ئەم حاڵەتە بۆ عێراق و کوردستان زۆر قورستر دەکەوێت و داشکانی بەهای دیناریش کاریگەرییەکانی قورستر و خراپتر دەکات. باشە لە ئابوورییەکدا کە بە ڕێژەی ٩٣٪ی داهاتەکەی پشتی بە فرۆشتنی نەوتی خاو ببەستبێت و ڕێژەیەکی بەرزی ئەم داهاتەش بۆ مووچە و خەرجی بچێت و گەندەڵی و میلیشیاتە چەکدارەکانیش بەشێکی زۆری بەهەدەر بدەن و، زۆربەی ئەو داهاتەش ئاودیو بکرێت و نەگەڕێتەوە بۆ گەنجینەی حکومەت، ئیتر چۆن ئومێد لەسەر ئابووریی عێراق و داراییەکەی هەڵدەچنرێت، کە بەردەوام خەرجییەکانی لە زیادبووندایە و داهاتەکانیشی ناگەڕێتەوە و سووڕی سرووشتی جموجووڵی سیولەی نەختینەیی نییە و وڵاتێکی بەکارهێن و بەکاربەرە، نەك بەرهەمهێن، بۆیە ئابووریی عێراق ئابوورییەکی ڕەیعییە و تاکە سەرچاوەی فرۆشتنی نەوتی خاوە و بە ئابوورییەکی ناسەقامگیر دادەنرێت و بەردەوام لە بەردەم هەڕەشە و مەترسیدا دەبێت، هەڵاوسانەکەش مەترسیی تێکچوونی ناسەقامگیریی سیاسی و کەوتنەوەی پشێوی و نائارامیی لێ دەکرێت.

**بڕیارە نازانستی و ناشەفافەکانی بانکی ناوەندی بە ڕادەیەکە کە پشێوی و بێ سەروبەریی پێوە دیارە، ڕۆژێک بەهای دینار دەشکێنێت و ڕۆژێکی دیکە بەرزی دەکاتەوە**

**هەنگاونان بەرەو بەکارهێنانی کارتی ئەلەکترۆنی و بە ئەلیکترۆنیکردنی سیستمی پارەدان سیولەی نەختینەیی زیاد دەکات**

**ئەوەی لەم چەند مانگەی ڕابردوودا بینیمان تەنیا بەنجێکی کاتییە و بە نەزانانە لە لاشەی دارایی و نەختینەیی و ئابووریی عێراق دەدرێت**



دکتۆر محەمەد شەعبان، شارەزا و پسپۆڕی ئابووری بۆ گوڵان:

# بەهێزیی قەوارەی هەرێم لە بەهێزیی حکومەتی هەرێمدا دروست دەبێت

# ئەرکی حکومەتە لە ڕێگەی دۆزینەوەی کار و وەزیفەوە ئومێدێک بۆ گەنجەکان بخوڵقێنێت

**جیهان لە گۆڕانکاریی خێرا و بەردەوامدایە و عێراقیش تا دێت زیاتر گیرۆدەی گرفتە دارایی و ململانێ سیاسییەکان دەبێت، چارەسەری کێشە دارایی و ئابوورییەکانی عێراق بە گۆڕانکاری لەو عەقڵییەتەوە دێت کە ئێستا دەسەڵاتدارە و بە ئەجیندە و مەرامی شەخسی و دوور لە بەرژەوەندیی گشتی بەڕێوە دەبرێت، نەك بە ئاڵۆزکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرەیەکی دیکەی پەیوەندیدار، گۆڤاری گوڵان چەند پرسیاری ئاراستەی دکتۆر محەمەد شەعبان شارەزا و پسپۆڕی ئابووری کرد، لێرەدا پوختەی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** وەکو پسپۆڕێکی ئابووری و شارەزا لە بواری دارایی و ئابووریی عێراق و جیهان، چۆن دەڕوانیتە دۆخی دارایی و ئابووریی عێراق؟ ئایا لە ئەمساڵدا حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی هیچ ئومێدێکی هەیە کە بەسەر ئەو هەموو قەیران و کێشە داراییانەدا زاڵ بێت؟**

- جیهان لە دوای کۆرۆنا و شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و دروستبوونی چەند جەمسەرێکی بەهێزەوە زۆر جیاوازە، ئەوەتا شوێنەوارەکانی پەتای کۆڤید١٩ و شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و بەرزیی بەهای نەوت و هەڵاوسانی نرخەکان بوونەتە دیاردەیەکی جیهانی و هەمووانی گیرۆدە کردووە، ئابووریی عێراقیش بە دوور نییە لە کاریگەرییەکانی ئەم گۆڕانکاری و شوێنەوارانە، بەڵام گرفتە سەرەکییەکە لەوەدایە ئەم وڵاتە وابەستەی عەقڵییەتێکی مەرکەزیی بەجێماوی ئاخنراو بە ململانێی مەزهەبی و دەستێوەردانی دەرەکییە، عێراق ئەگەرچی دەوڵەمەندە و خاوەنی یەدەگێکی دراوی بیانیی گەورەیە و نرخی نەوتیش زۆر بەرزە و بودجەکەی بە ڕێژەیەکی زۆر پشتی پێ بەستووە، بەڵام شوێنەوارەکانی ئەو ڕووداو و قەیرانانە لەسەر ئابووری و بژێوی ژیانی خەڵکی عێراق و هەرێمی کوردستانیش زۆر توند بووە. بۆ وەڵامی پرسیارە گرنگەکەی ئێوە بەوەی عێراق چۆن بەسەر ئەو هەموو گرفت و ئاستەنگانەدا زاڵ دەبێت، کە زۆرجار بە شێوەیەك ئاڵۆزکاوە کە لە هەموو ڕێگەکاندا ئاستەنگێکی قورسی دێتە بەردەم، بەتایبەتی کە هەر خۆی لە خۆیدا لە عێراقدا هیچ هونەرێکی بەڕێوەبردنی قەیران و چارەسەرکردنی زانستییانەی کێشەکان نییە، دەوڵەتی عێراق هەر لە دامەزراندنییەوە سەرقاڵی شەڕ و ئاشووب و ململانێی توند بووە، کاتێکیش ئابووری ئاهێکی پێدا هاتووە و گەلانی عێراق پشوویەکیان وەرگرتووە و ترووسکاییەك بۆ دەربازبوون لە ئابووریی جەنگ دەرکەوتبێت، ڕاستەوخۆ وەکو زنجیرەیەکی یەك لە دوای یەك کەوتووەتە ناو شەڕ و قەیرانێکی دیکەوە و سەرقاڵی بەرنامەکانی پەرەپێدانی بەردەوام و سەرتاپاگیر نەبووە، بۆیە لای من سەیر نییە، کە لەم وڵاتە دەوڵەمەندە و بوونی بودجەیەکی زەبەلاح و ئەو هەموو سامانە سەر زەوی و ژێر زەوییە، کەچی ڕێژەکانی هەژاری و بێکاری و خراپیی کەرتەکانی تەندروستی و پەروەردە و خزمەتگوزارییەکان نەك هەر نییە، بەڵکو کێڤەکانیان ڕوو لە هەڵکشانیشە، لە دەوڵەتێکی ئاخنراو بە میلیشیاتی چەکداری بە دەر لە یاسا و گەندەڵی و ئاودیوکردنی دۆلار و گوێڕایەڵ بە ئەجیندەی دەرەکی، هەر ئەمەی لێ چاوەڕوان دەکرێت، لەم عێراقەدا

**لە عێراقدا هیچ هونەرێکی بەڕێوەبردنی قەیران و چارەسەرکردنی زانستییانەی کێشەکان نییە**

**لە دەوڵەتێکی ئاخنراو بە میلیشیاتی چەکداری بە دەر لە یاسا و گەندەڵی و ئاودیوکردنی دۆلار و گوێڕایەڵ بە ئەجیندەی دەرەکی، هەر ئەمەی لێ چاوەڕوان دەکرێت**

**لەم عێراقەدا سیاسەت لە خزمەتی ئابووریدا نییە و دادگا و دامەزراوە تەشریعییەکان بە سیاسی کراون و لە بری ئەوەی بەشێک بن لە چارەسەر، بەشێکن لە ئاڵۆزبوونی دۆخەکە و بەردەوامیدان بە ململانێکان**

**کەی عێراق گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە چیتر توانای ململانێ و دژایەتیکردنی هەرێمی نییە، ئەو کات هەر دوو لا لەسەر مێزی گفتوگۆ دەگەنە ڕێککەوتنێک بۆ ئەوەی دەستوور بۆ بەرژەوەندیی هەر دوو لا خوێندنەوەی بۆ بکرێت**

**لە عێراق هەمووان ناکۆکن تا ئەو کاتەی مەسەلەکە دێتە سەر هەرێمی کوردستان، ئەو کات هەمووان بە یەک ئاواز باس لە مافەکانی مەرکەز دەکەن و بڕوایان بە فیدراڵییەت نییە**

**هەرێم لە بەغدا لاواز دەردەکەوێت و ئۆباڵەکەشی لەسەر شانی حزبەکانی کوردستانە بە حزبەکانی فەرمانڕەوا و ئۆپۆزیسیۆنیشەوە**

**چیتر ناکرێت ئەوەندە پشت بە بەغدا ببەستین، ئەوان بە سەرجەم لایەنە سیاسییەکانەوە سیاسەتی کاتی لەگەڵ هەرێم جێبەجێ دەکەن**

سیاسەت لە خزمەتی ئابووریدا نییە و دادگا و دامەزراوە تەشریعییەکان بە سیاسی کراون و لە بری ئەوەی بەشێك بن لە چارەسەر، بەشێکن لە ئاڵۆزبوونی دۆخەکە و بەردەوامیدان بە ململانێکان، هەروەکو چۆن لە دادگای فیدراڵیی عێراقمان بینی کە هەر کاتێك تروسکاییەك بۆ لێکتێگەیشتن و نزیکبوونەوە ڕوو بدات، دەستێکی دەرەکی دێت و دۆخەکە تێك دەدات و چارەسەرەکان دەیان ئاستەنگی لەبەردەم دادەنرێت.

*** ئەگەر لەسەر ئەم خاڵە بوەستین، هەرێمی کوردستان وەکو هەرێمێکی فیدراڵی توانای دەرکردن و چاپکردنی دراوی نییە و بە دیناری عێراقی مامەڵە دەکات، لە زۆر بواری دیکەشدا خاوەنی دەسەڵاتەکانی حەسری و سیادی نییە، باشە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و ناوەند دەبێت لەسەر چ بنەمایەك بێت، بۆ ئەوەی ماف و ئەرکەکانی هەردوو لا بەپێی دەستوور جێبەجێ بکرێت؟**

- کەی عێراق گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە چیتر توانای ململانێ و دژایەتیکردنی هەرێمی نییە، ئەو کات هەر دوو لا لەسەر مێزی گفتوگۆ دەگەنە ڕێککەوتنێك بۆ ئەوەی دەستوور بۆ بەرژەوەندیی هەر دوو لا خوێندنەوەی بۆ بکرێت، لەمەی ئێستادا هەر کەسێك بە ئیجتیهاداتی شەخسی و بۆ بەرژەوەندیی خۆی و ئەجیندەی دەرەکی خوێندنەوە بۆ مادده و بڕگەکانی ناو دەستوور دەکات، لە ماددەیەکدا خوازیارن دەستوور دەقاودەق جێبەجێ بکرێت و لە ماددەیەکی دیکەی وەکو ماددەی ١٤٠ی دەستووریدا فەرامۆشی دەکەن، بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی دژی یاسای نەوت و گازی هەرێم و کەمکردنەوە و بڕینی بەشە بودجەی هەرێم و نەناردنی ٢٠٠ ملیار دینارەکە و دانانی مەرجە قورسەکان، دەرئەنجامی ئەو عەقڵییەتە مەرکەزییەی بەغدایە، لە عێراق هەمووان ناکۆکن تا ئەو کاتەی مەسەلەکە دێتە سەر هەرێمی کوردستان، ئەو کات هەمووان بە یەك ئاواز باس لە مافەکانی مەرکەز دەکەن و بڕوایان بە فیدراڵییەت نییە، هەر ڕۆژەو بیانوویەك بە هەرێمی کوردستان دەگرن، ئەوان خوازیار نین هەرێم نەوت و گازی خۆی بفرۆشێت و، ناشیانەوێت تەواوی ماف و شایستە داراییەکانی هەرێم بنێرن، ئەوەی مافی هەرێمە نایدەن و ئەوەی مافی خۆیانە بەردەوام داوای دەکەن، لەولاشەوە نەبوونی یەکڕیزی و ناتەبایی هێزە سیاسییەکانی کوردستانیش هاندەرێکی باشی ئەوانە بۆ دژایەتیکردنی قەوارەی هەرێم، هەرێم لە بەغدا لاواز دەردەکەوێت و ئۆباڵەکەشی لەسەر شانی حزبەکانی کوردستانە بە حزبەکانی فەرمانڕەوا و ئۆپۆزیسیۆنیشەوە، هەر یەکەو بەپێی پشك و دەسەڵاتی خۆی بەشێك لە ئۆباڵی گرفت و لاوازییەکەی بەردەکەوێت، بەم شێوەیە لە بەغدا جێبەجێکردنی هەموو بڕیار و ڕاسپاردەکان بە دووفاقی جێبەجێ دەکرێت. هەر خۆی لە خۆیدا دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پەتای کۆرۆنا و کەرەنتینە و داخستنی بازاڕەکان و دابەزینی بەهای نەوت و بڕینی بەشە بودجەی هەرێم و قەرزارییەکی گەورە هات، ئێستا داشکانی بەهای دینار و هەڵکشانی هەڵاوسان و شەڕی یاسای نەوت و گاز و دادگای فیدراڵی و بەڵای حزبایەتی و ململانێ شاراوەکانی بەرژەوەندییەکانیشی هاتووەتە سەر.

بەهێزیی قەوارەی هەرێم لە بەهێزیی حکومەتی هەرێمدا دروست دەبێت، چیتر ناکرێت ئەوەندە پشت بە بەغدا ببەستین، ئەوان بە سەرجەم لایەنە سیاسییەکانەوە سیاسەتی کاتی لەگەڵ هەرێم جێبەجێ دەکەن و کێشە و گرفتی خۆیان بە هەرێم چارەسەر دەکەن و ئامادە نین کێشەکان چارەسەر بکرێن، من ناڵێم گفتوگۆ و دانوستانەکان لەگەڵ بەغدا پێویست نییە، بەڵام لەمە گرنگتر گوێگرتنە لە خەڵکی خۆت، چونکە هەر خەڵك دڵسۆز و پارێزەری قەوارەی هەرێمە، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگە ڕاست و دروستەکە لە بەهێزبوونی ئابووریی کوردستانەوە دەست پێ بکات.

*** مەبەستت هەنگاوەکانی فرەچەشنکردنی ئابووری و دۆزینەوەی سەرچاوەی داهاتی نوێیە، تاوەکو چیتر ئەوەندە پشت بە داهاتی فرۆشتنی نەوت نەبەستریت، کە داهاتێکی ناجێگیرە؟**

- نارەزایەتی و گلەیی خەڵکی لە بەرانبەر لاوازیی خزمەتگوزارییەکان و هەڵاوسان و نەبوونی هەلی کار و خراپیی کەرتی گشتیی تەندروستی و پەروەردە بابەتێك نییە بتوانرێت بشاردرێتەوە، زاڵبوون بەسەر هەموو ئەم گرفت و کێشانەدا تەنیا بە بووژانەوەی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و خزمەتگوزاری دەبێت، بۆیە کاتێك سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بانگەشەی فرەچەشنکردنی ئابووری دەکات، هەروا لەخۆڕا نەهاتووە، پەرەپێدانی ئەم کەرتانە وا دەکات ژینگەیەکی لەبار برەخسێت بۆ پەرەپێدانی ئابووری و دۆزینەوەی زۆرترین هەلی کار و بەهێزبوونی پێگەی ئابووریی هەرێم لە ناوچەکەدا، کاتی ئەوەش هاتووە حکومەتی هەرێمی کوردستان و سیاسەتمەدارانی هەرێم بۆ گەرەنتی و زەمانەتی گەیشتن بە چارەسەر لە دانوستان و گفتوگۆکانیاندا لەگەڵ بەغدا، لایەنی سێیەمی هاوپەیمانەکان یان نەتەوە یەکگرتووەکان بەشداری دانوستان و گفتوگۆکان بکەن.

لە ئێستادا کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا هەیە، نرخەکان لە جیهاندا ڕووی لە زیادبوون کردووە، تەنیا ڕێگا لە بەردەمماندا گرنگیدانە بە سێکتەرە نانەوتییەکان، لەبەر بەرزیی بەهای نەوتی خاو، جیهانی ڕۆژئاوا لە ئەورووپا و ئەمریکا پاڵپشتی ڕانەوەستانی هەناردەی نەوتی خاو دەکەن، ئەم بەرژەوەندییە کارێکی خراپ نییە و خراپەکە لەوەدایە سوود لەم هەلە وەرنەگرین بۆ پێگەیاندنی نەوەی نوێ و پێشخستنی کەرت و سێکتەرە گرنگەکانی ئابووری. خاڵێکی دیکەی گرنگ ڕێگەگرتنە لە گەندەڵی پێش ڕوودانی، واتا دژە گەندەڵی. بە شێوەیەکی گشتی جێبەجێکردنی بەرنامە ئابوورییەکان بە بوێری و دەستبردن بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتییە گەورەکان دەست پێ دەکات، ئینجا ژینگەیەکی لەبار دێت بۆ چاکسازییەکان لەسەرەوە، نەوەکو دەستبردن بۆ کۆمەڵێك کێشە لە خوارەوە، وەکو ئەو چاکسازییەی لە بواری مووچەخۆران و خانەنشینیاندا بینیمان، لە کاتێکدا لەولاوە لایەنی وا هەیە سەرقاڵی قاچاخچێتی و ئاودیوکردنی کاڵایە و داهاتەکان بۆ گەنجینەی حکومەت ناگەڕێنێتەوە.

*** پەرەپێدانی مرۆیی و گرنگیدان بە گەنجەکان بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بە یەکێك لەو تەحەددییانە دادەنرێت کە زاڵبوون بە سەریدا واتە بەهێزبوونی ئابووریی هەرێمی کوردستان، پرسیار لێرەدا ئەوەیە وەکو شارەزایەکی ئابووری بۆ بەدیهێنانی ئەم ستراتیژییە دەبێ لە کوێوە دەست پێ بکەین؟**

- پەروەردە و پێشخستنی سیستمی خوێندن سەرەتای ڕێگەیە بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێی بەتوانا و لێهاتوو، دواتر ئەرکی حکومەتە ئومێدێك بۆ گەنجەکان بخوڵقێنێت لە ڕێگەی دۆزینەوەی کار و وەزیفەوە، ناکرێت هەرێمی کوردستان بە سیستمی سۆشیالیستی و کەرتی حکومەت کار بکات و، داواش لە گەنجەکان بکەین لە کەرتی تایبەت کار بکەن و لە بازاڕی کاریشدا هیچ زەمانەتێکیان نەبێت، دەبێت ئەو ژمارە زۆرەی کۆمپانیا و کارگە و مارکێت و مۆڵ و هۆتێل و میوانخانە و شوێنی گەشتیاری و کشتوکاڵی و پیشەسازییە بە دامەزراویی بکرێن و، چیتر ئەو ژمارە زۆرەی دەستی هێزی بیانی کاری تێدا نەکەن، بەڵکو دەبێ وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و بازرگانی و دارایی و دەستەی وەبەرهێنان بە ئەرکی خۆیان هەڵسن کە تا ئێستا بەو ئەرکە هەڵنەساون و زیاتر لەسەر شاشەی تیڤییەکان بەڵێن و قسەی دوور لە واقیع دەکەن، دەرچووی زانکۆکانمان تا کارێکی بە بەها و گونجاویان نەبێت و ڕێزیان لێ نەگیرێت و، ئەو هەستەیان هەبێت کە مەزڵوومن و مافیان خوراوە و وەکو هاووڵاتییەکی ئەم هەرێمە سەیر ناکرێن، چۆن سیستمی پەروەردە و فێربوون پێش دەکەوێت؟ بابەتەکە سیاسی نییە هێندەی ئەوەی ئابوورییە، هەرچی وڵاتانی ژاپۆن و کۆریای باشوور و پڵنگەکانی ئاسیا هەیە، لە بەرنامەی پەروەردە و فێربوونەوە دەستیان پێ کرد و لە بازاڕی کاردا بەرهەمەکەیان چنییەوە، هەموان ددان بەو ڕاستییەدا دەنێن کە تا دێت گەنجە دەرچووەکانی زانکۆ زیاتر بێکار دەبن و ڕێژەی بێکاری لە ناو گەنجەکاندا ڕووی لە زیادبوون کردووە، ئەمەش جگە لەوەی لە ڕووی ئابوورییەوە شوێنەوارێکی خراپی هەیە، هاوکات کاریگەریشی لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی کردووە.

**کاتی ئەوە هاتووە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگە ڕاست و دروستەکە لە بەهێزبوونی ئابووریی کوردستانەوە دەست پێ بکات**

**نارەزایەتی و گلەیی خەڵکی لە بەرانبەر لاوازیی خزمەتگوزارییەکان و هەڵاوسان و نەبوونی هەلی کار و خراپیی کەرتی گشتیی تەندروستی و پەروەردە بابەتێک نییە بتوانرێت بشاردرێتەوە**

**جێبەجێکردنی بەرنامە ئابوورییەکان بە بوێری و دەستبردن بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتییە گەورەکان دەست پێ دەکات، ئینجا ژینگەیەکی لەبار دێت بۆ چاکسازییەکان لەسەرەوە، نەوەکو دەستبردن بۆ کۆمەڵێک کێشە لە خوارەوە**

**ناکرێت هەرێمی کوردستان بە سیستمی سۆشیالیستی و کەرتی حکومەت کار بکات و، داواش لە گەنجەکان بکەین لە کەرتی تایبەت کار بکەن و لە بازاڕی کاریشدا هیچ زەمانەتێکیان نەبێت**



قەشە ئەنیس یەعقووب

قەشەی شەقڵاوە بۆ گوڵان:

# مەسیحییەکان وەک پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کوردستان ئاسوودەن بە کار و چالاکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**پرسی پێکەوە ژیان و لێبووردەیی بووەتە خەسڵەتێکی بنەڕەتی و بەرچاوی کۆمەڵگەی کوردستان، کە ئەمەش بە هۆی بەرجەستەبوونی مافی پێکهاتە جیاوازەکان و زەمینەسازکردن بۆ بەشداریکردنیانە، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە پێکهاتەی مەسیحییەوە، ئەم پرسە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ قەشە ئەنیس یەعقووب قەشەی شەقڵاوە و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** یەکێك لە جوانییەکانی هەرێمی کوردستان کە بووەتە جێگەی شانازیی هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، ئەو پێکەوە ژیانەیە کە ئێستا لە کوردستان هەیە، هەموو جیهانیش بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئەم لێبووردەیی و پێکەوە ژیانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان دەکەن، ئایا ئێوە وەك مەسیحییەکان چۆن سەیری ئەم پێکەوە ژیانەی هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە پێکەوە ژیان لە کوردستان بەگشتی و لە شەقڵاوە بەتایبەتی مێژوویەکی کۆنی هەیە و لەسەر بنەما و بنیچنەیەکی پتەو بنیاد نراوە و، بووەتە هۆکاری هاتنەئارای لێبووردەیی و ئاشتی و یەکترقبووڵکردنی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکان لە کۆمەڵگەکەماندا، ئەو پێکەوە ژیانەش بە هەوڵ و کۆششی هەموو پێکهاتەکان پارێزراوە و گەیشتووەتە ئەو قۆناغەی کە بووەتە جێگەی شانازیی هەموو وڵاتانی جیهان، ئەوەی ئێمە دەیبینین و ئاگاداریشین لە ئێستادا و لە مێژووی ١٠٠ ساڵی ڕابردوو و لە شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، بەتایبەت لەلایەن ڕەحمەتی (شیخ ئەحمەد بارزانی و مەلا مستەفای بارزانی) بە یەکسانی دەرگا بۆ هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی هەرێمی کوردستان کراوە بووە، کە بەشداری لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی میللەتی کوردستاندا بکەن، لە ئێستاشدا بە هەمان تێڕوانین کار بۆ برەودان و گەشەکردنی پێکەوە ژیانی ئایینی لە کوردستان کراوە، چونکە تێڕوانینی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بەو شێوەیە بووە کە لە کوردستان (کە چەندین نەتەوە و ئایین و ئایینزا تێیدا دەژین) یەك نەتەوە و یەك ئایین ناتوانێت بە تەنیا کار بۆ ڕزگاریی ئەو وڵاتە بکات و بەردەوامیشی پێ بدات، هەر ئەو بیر و هزر و ڕێبازەش بوو وای کرد لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ لە دەستی ڕژێمێکی دیکتاتۆر ڕزگارمان ببێت و ببینە خاوەن یاسا و سەقامگیری و پەرلەمان و حکومەتی کوردستان.

**له مێژووی ١٠٠ ساڵی ڕابردوو و له شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، بەتایبەت لەلایەن ڕەحمەتی (شیخ ئەحمەد بارزانی و مەلا مستەفای بارزانی) بە یەکسانی دەرگا بۆ هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی هەرێمی کوردستان کراوە بووە**

*** ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان درێژەپێدان و پشتگیریکردنی تەواوی ئەو پێکەوە ژیانەیە، هەر لە ماوەی کابینەی نۆیەمدا قەداسەتی پاپای ڤاتیکان سەردانی هەولێری کرد، ئەمەش ڕووداوێکی گەورە بوو لەسەر ئاستی جیهان، ئایا ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەم بۆ زیاتر قووڵکردنەوەی گیانی برایەتی و پێکەوە ژیان لە کوردستان چییە؟**

- هەروەك ئاشکرایە و ئاماژەشمان پێ کرد، کوردستان کۆمەڵگەیەکی فرەنەتەوەیی و ئایینی و ئایینزایە و، ئەو پێکەوە ژیانەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دەنگی داوەتەوە، هەر لەم ڕوانگەیەوە پاپای ڤاتیکان هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی هەولێر پایتەختی هەڵبژارد بۆ سەردانەکەی و نوێژی قەداسەتی بە تێکڕای مەراسیمەکەی تێدا ئەنجام دا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕێزگرتن و بەهەندوەرگرتنی ئەو پێکەوە ژیانەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە. لە لایەکی دیکەش بۆ ئەوە بوو کە لە نزیکەوە خۆی واقیعەکە ببینێت و ببێتە هاندەر و پاڵپشتییەکی گەورە و بەهێزیش بۆ زیاتر گەشەپێدان و بەرەوپێشەوچوونی پێکەوە ژیانەکەی هەرێمی

**له کوردستان (کە چەندین نەتەوە و ئایین و ئایینزا تێیدا دەژین) یەک نەتەوە و یەک ئایین ناتوانێت بە تەنیا کار بۆ ڕزگاریی ئەو وڵاتە بکات و بەردەوامیشی پێ بدات**

**هەر لە کارنامەکەی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندا دەرکەوت کە زیاتر گرنگی بە پێکهاتەکان دەدرێت**

کوردستان، پاشان ئەم سەردانەش پێکەوە ژیان و ئاشتی و لێبووردەیی نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی هەرێمی کوردستانی زیاتر بە دونیا گەیاند، کە دەبینین چەندین ڕێکخراو و شاندی حکومەتی وڵاتان و ڕێکخراوی مەدەنیی جیهانی سەردانی هەرێم بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی دەکەن. لەلایەکی دیکەوە دەبێت ئێمە ئەو پێکەوە ژیانە بۆ ئەوەش بگەڕێنینەوە کە لەو کاتەی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان دامەزراون بێ جیاوازی گرنگییان بە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان داوە و هەمووان بەشداری کاران لە تێکرای دامودەزگا و پلە و پۆستە بەرز و گرنگەکان بەتایبەت لە کابینەی نۆیەمدا، هەر لە کارنامەکەی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندا دەرکەوت کە زیاتر گرنگی بە پێکهاتەکان دەدرێت، کە وەزارەتێکی تایبەت بە کاروباری پێکهاتەکان بۆ جاری یەکەم لەو کابینەیەدا دامەزرا و، دەستەی ماڤی مرۆڤ بە پێکهاتەی مەسیحی دراوە و، سکرتێری پەرلەمان وەك نۆبەرەی ناوچەکە بە پێکهاتەی تورکمانی بەخشراوە و چەندین شوێن و جومگەی حکومی و کاریگەر بە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزا جیاکانی هەرێمی کوردستان دراوە، ئێمەش وەك مەسیحی و وەك پێکهاتەیەکی ڕەسەنی ئەو خاك و نیشتمانەی کوردستان زۆر دڵخۆش و ئاسوودەین بە کار و چالاکییەکانی ئەم کابینەیەی حکومەتی هەرێم. هەروەها ئەوەی زیاتر شایانی ئاماژەپێکردنە ئەوەیە کە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کاری زۆر باش بۆ هەموو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان کراوە، لەو کابینەیەدا چەندین خزمەتگوزاریی گەورە و بەرچاو بە شوێن و کەنیسە و مەزارگە و دێرەکان کراوە، هەروەها چەندین کەنیسە لە تەواوی هەرێمی کوردستان دروست کران و نۆژەن کراونەتەوە و هاوکارییەکی زۆر بێ وێنە و بەردەوام بە کریستیانە ئاوارە و پێکهاتەکانی دیکەش دراوە. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین لە هەموو لایەن و بوارێکدا گرنگیی زۆر و تایبەت بە پێکهاتە ئایینی و ئایینزاکان و نەتەوەکان دراوە، بۆ ئەوەی پێکەوە ژیان زیاتر بەرجەستە بێت و لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر گەشە بکات.

**لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کاری زۆر باش بۆ هەموو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان کراوە**

**لەو کابینەیەدا چەندین خزمەتگوزاریی گەورە و بەرچاو بە شوێن و کەنیسە و مەزارگە و دێرەکان کراوە**

**جەنابی سەرۆک بارزانی فەرمووی: «هەر کاتێک نەمتوانی پارێزگاری لە پێکهاتەی مەسیحی بکەم لە کوردستان، ئەوە کوردستان بەجێ دەهێڵم و دەڕۆم»، ئەم وتە شکۆدارەی جەنابی مسعود بارزانی جگە لەوەی خۆشحاڵییە بۆ ئێمە، هاوکات پشت و پەنایەکی بەهێزە بۆ پاراستنی ئێمە**

لێرەدا پێم خۆشە یەك لە وتە بەرز و جوانەکانی جەنابی سەرۆك بارزانی کە لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ لە دوای ڕزگاربوونی هەرێمی کوردستان بیری هەموو خەڵکی کوردستان بهێنمەوە کە جەنابی سەرۆك بارزانی فەرمووی: «هەر کاتێك نەمتوانی پارێزگاری لە پێکهاتەی مەسیحی بکەم لە کوردستان، ئەوە کوردستان بەجێ دەهێڵم و دەڕۆم»، ئەم وتە شکۆدارەی جەنابی مسعود بارزانی جگە لەوەی خۆشحاڵییە بۆ ئێمە، هاوکات پشت و پەنایەکی بەهێزە بۆ پاراستنی ئێمە و هەموو پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان. هەروەها بوونی عەنکاوە بە قەزایەك لەو گرنگیدان و دەستکەوتانەیە کە جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەو کابینەیەدا بۆ پێکهاتەی مەسیحی بە ڕەوای زانیوە، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوەیە کە مەسیحییەکان زیاتر هەست بە بوون و هاوبەشییان لەو وڵاتەدا بکەن و کار و پرۆژە خزمەتگوزارییەکانیان زۆرتر و زیاتر گەشە بکات.

*** لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری کوردستاندا، سەرۆك بارزانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە نوێنەری نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان خۆیان مافەکانی خۆیان لە دەستووری کوردستاندا بنووسنەوە و، بە ئاستێك بێت کە خۆیان پێی ڕازی بن، ئایا ئێوە وەك مەسیحییەکان دەتانەوێت مافەکانتان لە دەستووری کوردستاندا چۆن دیاری بکرێت؟**

- ئەمە یەکەمین جارە ڕابەرێك وەك جەنابی سەرۆك بارزانی ئەو گرنگی و هەستکردنە بە پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کوردستان بدات کە مەسیحییەکانە، کە نوێنەرمان هەبێت لە لێژنەی نووسینەوەی دەستووردا و ئەو ماف و بەرژەوەندییانەی بۆ ئێمە پێویست و گرنگە بە خۆمان بینووسین و لە دەستووری کوردستاندا جێگیری بکەین، ئەم کارە لە مێژووماندا یەکەم جارە بێتەدی، بۆیە جێگەی شانازییە بۆ ئێمەی مەسیحی.

*** لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا هەر لە ساڵی ١٩٩٢ تا ئێستا بۆ پاراستنی فرەڕەنگیی سیستمی کۆتا بۆ نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان لە کوردستان دانراوە و ژمارەی کورسییەکانی کۆتا ١١ کورسییە، کە بە سەریاندا دابەش کراوە، لە**



**بەرانبەر ئەم ١١ کورسییە، ١٠٠ کورسیی دیکە هەیە کە بەسەر هێزە کوردییەکاندا دابەش کراوە، پرسیار ئەوەیە بۆچی کە دێتە سەر باسی دووبارە ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردن لە کوردستان، لایەنە کوردییەکان دێنە سەر باسی کورسیی کۆتاکان و ئەم پرسەیان کردووە بە کێشە، ئایا چارەنووسی خۆتان وەك پێکهاتە جیاوازەکان و بەشێکی سەرەکیی گەلی کوردستان سەبارەت بە گوشاری ئەو حزبە سیاسییانە بۆ لەبەریەك هەڵوەشانەوەی کورسیی پێکهاتە جیاوازەکان هەڵوێستتان چۆنە؟**

- زۆر زۆر بەداخەوە کە هەندێ لایەن هەیە لە کوردستان ململانێیان لەسەر ١٠٠ کورسی هەیە، بەڵام بەهانە و کێشە بۆ ١١ کورسیی کۆتای پێکهاتەکان دروست دەکەن، کە ئەو کورسیی کۆتایانە بوونەتە مافێکی ئێمە، ئەویش بۆ ئەوەی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان بەشداری لە ماف و بەرپرسیارێتییەکاندا بکەن لە هەرێمی کوردستاندا، لەم ڕوانگەیەوە پێم وایە ئەو لایەنانە مەبەستی سەرەکییان تەنیا موزایەدەی سیاسییە بەو ١١ کورسییەی کۆتاکان و دەیانەوێت ئێمە وەك نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان لەو وڵاتە (کە هی هەموومانە) بەشداری نەکەین. سەبارەت بەوەی بۆچی زۆر جار هەڵویستمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەوا لەبەر ئەوەیە کە دەبینین چ لە حکومەت و چ لە دامودەزگاکانی بەڕێوەبردنی هەرێمەکە و چ لە پڕۆژەی نووسینەوەی دەستووری کوردستاندا، تەنیا پارتی و سەرکرایەتیی سیاسیی پارتییە بەرگری لە ئێمە دەکات، لەلایەکی دیکەوە پێویستە بڵێم ئەو بارودۆخەی ئێستا مەسیحی لە هەرێمی کوردستان لێی بەهرەمەندە، ئەگەر پارتی نەبووایە بەو شێوەیە نەدەبوو، بەڵکو دەبووایە تەنیا بیر لە کۆچکردن بکەینەوە، بەڵام هەڵویستی جەنابی سەرۆك بارزانی و سەرکردایەتیی سیاسیی پارتی بە تەواوی هەوڵ و کار و جەختیان لەسەر ئەوە بووە کە نەهێڵین هیچ کەلێن و کەموکووڕییەك لە نێوان پێکاتە نەتەوەیی و ئایینیەکان لە هەرێمی کوردستاندا دروست ببێت.

**ئەو بارودۆخەی ئێستا مەسیحی لە هەرێمی کوردستان لێ بەهرەمەندە، ئەگەر پارتی نەبووایە بەو شێوەیە نەدەبوو، بەڵکو دەبووایە تەنیا بیر لە کۆچکردن بکەینەوە**

*** هەتا ئێستاش پارتی دیموکراتی کوردستان پشتگیریی ئەوە دەکات کە هەڵبژاردنی کوردستان یەك بازنە بێت و دابەش نەکرێت، ئایا بۆچی گرنگە کورسیی کۆتاکان لە یەك بازنەدا دەنگی پێ بدرێت؟**

- ئەگەر هەڵبژاردن بە سیستمی یەك بازنەی نەبێت، ئەوە بۆ ئێمە دەبێتە پاشاگەردانی، چونکە دەنگەکانمان پەرشوبڵاو دەبێتەوە و هیچ کورسییەکمان لە پەرلەمان نابێت، هەر بۆیە پارتی سوورە لەسەر ئەوەی کە مافی پێکهاتەکان پارێزراو بێت، لەلایەکی دیکەوە ئێمە وەك مەسیحییەکان، بیروبۆچوون و هەڵویستی تورکمان و پێکهاتەکانی دیکەش بەو شێوەیە کە ئێمە لە هەڵبژاردندا جگە لە سیستمی یەك بازنەیی، هیچ سیستمێکی دیکە قبووڵ ناکەین.

**ئەگەر هەڵبژاردن بە سیستمی یەک بازنەی نەبێت، ئەوە بۆ ئێمە دەبێتە پاشاگەردانی، چونکە دەنگەکانمان پەرشوبڵاو دەبێتەوە و هیچ کورسییەکمان لە پەرلەمان نابێت**

دیمانەی تایبەت

دانییێلا ئێریرا، پرۆفیسۆری بەشی زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی کاتانیا لە ئیتاڵیا، پێشتر سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی زانستی سیاسی ئیتاڵی و سەرۆکی سەنتەری توێژینەوەی ئەورووپی بۆ ئاشتی بووە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و هەروەها پەرەسەندن و ئاقارەکانی شەڕەکە و پرسی ئاسایشی وزە لە ئەورووپا و چۆنیەتی مامەڵەکردنی حکومەتی ئیتاڵیا لەگەڵ کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی شەڕی ڕووسیا بۆ ئەو وڵاتەی خوڵقاندووە.

## پرۆفیسۆر دانییێلا ئێریرا بۆ گوڵان:

# ڕووسیا شەڕی بەرفراوانکردنی ناوچەی دەستڕۆیشتوویی دەکات



*** چۆن لە پەرەسەندن و پێشهاتەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەڕوانن؟ ئایا پێتان وایە بۆچی شەڕەکە هێندە درێژەی کێشاوە و بۆچی ڕووسیا هێندە پێداگری لەسەر بەردەوامیدان و درێژەدان بە شەڕەکە دەکات، سەرباری ئەوەی کە ڕووبەڕووی چەندین پاشەکشە و شکستی سەربازی بووەتەوە؟**

- سەرەتا دەبێت باسی ئەوە بکەین کە خودی داگیرکاری و دەستدرێژکارییەکەی ڕووسیا لە بەرانبەر ئۆکرانیادا وەك هەوڵێکی دیکەی ڕووسیا لێك درایەوە، بۆ بەرفراوانکردنی ناوچەی قەڵەمڕەویی و دەسترۆیشتووییەکەی بۆ ئەوەی بگاتە ئەوەی کە خۆیان پێی دەڵێن «جیهانی ڕووسی»، زۆرێك لە شارەزا و شرۆڤەکارە سەربازییەکان پێشبینیی ئەوەیان دەکرد، کە هەڵمەتە سەربازییەکەی ڕووسیا بە شێوەیەکی کتوپڕ و لە ماوەیەکی کەمدا یەکلا بکرێتەوە. بە چەشنی ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٤دا ڕووی دا. بەڵام ئەوەی لەم ڕووەوە ڕوونە، ئەوەیە کە ئەمە مایەی سەرسوڕمان نییە، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لەو کاتەوە هەرێمی کریمیا کراوەتە بەشێك لە ڕووسیا و ناوچەکانی دۆنباسیش لە بارێکی بەردەوامی نائارام و نادڵنیاییدایە. دوای ساڵێك، ڕووسیا شکستی هێناوە لە بەدیهێنان و جێبەجێنەکردنی پلانە سەرەتاییەکەیدا کە پەیوەست بوو بە داگیرکردنی وڵاتی ئۆکرانیا، لە بری ئەوە شەڕەکە گۆڕاوە بۆ شەڕێکی جیهانی. واتە سەرباری ئەوەی شەڕەکە لەسەر خاکی ئۆکرانیا بەڕێوە دەچێت، بەڵام ئەوەتا کاریگەری و دەرهاویشتەکانی ڕەنگیان داوەتەوە لەسەر تێکڕای سیستمە سیاسییە جیهانییەکە.

**ڕووسیا شکستی هێناوە لە بەدیهێنان و جێبەجێنەکردنی پلانە سەرەتاییەکەیدا کە پەیوەست بوو بە داگیرکردنی وڵاتی ئۆکرانیا، لە بری ئەوە شەڕەکە گۆڕاوە بۆ شەڕێکی جیهانی**

*** ئەوەی ئاشکرایە کە سزا و ڕێکارێکی زۆری داریی و ئابووری بەسەر ڕووسیادا**

**سەپێندراوە، بەڵام ئەم سزایانە نەبوونەتە هۆی ئەوەی ڕووسیا گرفت و کێشەی کەمیی داهاتی بۆ دروست بێت، ئێوە چۆن لە کاریگەری ئەم سزایانە دەڕوانن و بۆچی تا ئێستا نەبوونەتە هۆی ئەوەی ڕووسیا ناچار بکەن بە بڕیار و سیاسەتەکانی لەبارەی شەڕەکەدا بچێتەوە؟**

- هەوڵدان بۆ سەپاندنی مەرجە سیاسییەکان حاڵەتێکی بەربڵاوە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کە دەگیرێتەبەر و پەیڕەو دەکرێت، دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژە بە چەند نموونەیەك بکرێت، هەر لەو سزایانەی سەپێندران بە سەر عێراقدا لە سەروەختی دەسەڵاتی سەددام حوسێندا، تاوەکو سەپاندنی سزا بە سەر سووریادا لە سەروەختی حوکمڕانیی ئەسەددا. توێژەران و سیاسەتمەداران سەرقاڵی ئەوەن و گفتوگۆ لەبارەی ئەوەوە دەکەن، تا چەند گرتنبەری ئەم سزایانە کاریگەری و کاراییەکی ڕاستەقینەیان هەیە لەسەر سەرکردە سیاسییەکان و ڕژێمەکانیان. لە هەمان کاتدا کاریگەرییە خراپەکانی لەسەر دانیشووانی ئەو وڵاتەی سزاکانی بەسەردا سەپێندراوە. دواتر دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کە پێشتریش سزا بە سەر ڕووسیادا سەپێندراوە. هەروەها هەروەك ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێ کردووە، لە ڕووی داراییەوە پێ ناچێت سەرۆك ڤلادمیر پوتین تووشی کێشەی کەمیی داهات بووبێتەوە. هەرچۆنێك بێت، ڕەنگە سزاکان لە ڕوانگەی سیاسییەوە و لە ڕووی پرۆسەی بنیادنانی هاوپەیمانێتییەوە دەرئەنجامی باشتریان لێ بکەوێتەوە.

*** ئایا لە ڕوانگەی ئێوەوە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا چیمان پێ دەڵێت دەربارەی سیاسەت و ململانێی نێوان هێزە جیهانییە مەزنەکان و ئایا دەکرێت بڵێین پێمان ناوەتە قۆناغی شەڕی ساردەوە و لە دەرئەنجامدا دەکرێت ئەوە بوترێت کە ئەمە بزمارێکی دیکەیە لە سیستمە جیهانییەکە، کە پێی دەوترێت سیستمی بنیادنراو لەسەر ڕێساکان؟**

- لە بری ئەوەی وەك سەرهەڵدانی شەڕێکی دیکەی سارد ئاماژەی پێ بکەم، ئەوا من دەڵێم ئەم شەڕە کاریگەری هەیە و دەرهاویشتەی دەبێت لەسەر پەیوەندیی نێوان هاوپەیمانێتییەکان لە چوارچێوەی سیستمە سیاسییە جیهانییەکەدا، لەم ڕوانگەیەشەوە سەردەکێشێت بۆ گۆڕینی هاوسەنگیی هێز، بە هەمان شێوە پرسی پشتبەستن بە وزە و سەرچاوە سرووشتییەکانی دیکە. تاوەکو ئێستا ئەوەی بەدی کراوە، ئەوەیە کە ڕووسیا ڕۆڵێکی سەرکوتکارانەی گێڕاوە لەم ناوچانە کە کەتوونەتە ژێر کاریگەری و دەستڕۆیشتووییەکەیەوە، کە ئەمە کاریگەری هەبووە لەسەر ئاسایشی ناوچە و شەڕەکانی دیکە، وەك بەلقان و سووریا. ئەوەی پەیوەست بێت بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزەکانی دیکەدا، وەك تورکیا و هیندستان و ئێران و چین، تەمومژاوی و مەزەندەکاری بوون. ئەوەی ئاشکرایە کە ئەم ڕۆڵە زاڵ و باڵادەستە یەك ناگرێتەوە لەگەڵ سیستمێکی جیهانیی سەقامگیردا. هەرچۆنێك بێت، کارێکی ئاسان نییە کە ڕێگایەك بدۆزینەوە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دۆخەدا.

*** تا چ ڕاددەیەك ئەم شەڕە بووەتە هۆی ئەوەی حیساباتی وڵاتانی ئەورووپا بگۆڕێت لە ڕووی پرسی وزە و ئاسایشی وزە و بواری سەربازییەوە؟ ئایا ئەم گۆڕانکارییانە تا چەند کاریگەرییان لەسەر ئایندەی ئەم کیشوەرە دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وایە دەکرێت ئەم تەنگژە و قەیرانەی سەری هەڵداوە و هاتووەتە ئاراوە، ببنە دەرفەتێکی زۆر باش بۆ یەکێتیی ئەورووپا بۆ فێربوون و بەدەستهێنانی هەندێ وانەی گرنگ. لە دوای ڕێککەوتنی ئاشتی مینسکەوە، پێشبینیی ئەوە دەکرا کە یەکێتیی ئەورووپا ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕێت. هەرچۆنێك بێت، دەبێت ئەو ڕاستییەشمان لە بەر چاو بێت کە دەوڵەتە ئەندامەکانی ئەم یەکێتییە قەوارەی سەربەخۆ و خاوەن سەروەرین و بەرژەوەندییە نەتەوەیی و ئامانجە سیاسییەکانیان لەبەرچاو دەگرن و ڕەچاوی دەکەن. لەبەر ئەوە ڕەنگە هەندێ جار پەیوەندییە دووقۆڵییەکان کاریگەرییان هەبێت لەسەر گرتنەبەری هەڵوێستێکی هاوبەش لەلایەن وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپاوە. لە نێو ئەو وانانەی کە یەکێتیی ئەورووپا دەتوانێت پەندی لێ وەربگرێت، ئەویش لەبەرچاوگرتنی ئەوەیە کە دەبێت هۆشیار بێت

**ڕەنگە سزاکان لە ڕوانگەی سیاسییەوە و لە ڕووی پرۆسەی بنیادنانی هاوپەیمانێتییەوە دەرئەنجامی باشتریان لێ بکەوێتەوە**

**ڕووسیا ڕۆڵێکی سەرکوتکارانەی گێڕاوە لەم ناوچانە کە کەتوونەتە ژێر کاریگەری و دەستڕۆیشتووییەکەیەوە**

**وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا هۆشیارن بەو ڕاستییەی کە خۆڕزگارکردن لە وابەستەیی و پاشکۆیەتی وزە ڕێگایەکە بە گفتوگۆکردندا تێدەپەڕێت لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە سەرکردەکانیان تاکڕەو و خۆسەپێنن**

**لە ئێستادا وڵاتی ئیتاڵیا لەلایەن حکومەتێکی ئەوپەڕی ڕاستەوە بەڕێوە دەبردرێت، لە ڕابردووشدا ئەندامانی نوخبە سیاسییەکە گوزارشتیان لە هەڵوێستی مەیل بە ڕووسیا کردووە**

لە ئاست ئەو ڕاستییەی کە بە پێی پێویست پەیوەندییەکانیان دابڕێژنەوە لەگەڵ وڵاتی ڕووسیا و چیتر ناکرێت چاوپۆشی لە بوونی ئەو سەرچاوانە بکرێت کە لە ئێستادا بوونەتە هۆی بارگرژکردنی سیستمە جیهانییەکە. لەلایەکی دیکەوە، وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا هۆشیارن بەو ڕاستییەی کە خۆڕزگارکردن لە وابەستەیی و پاشکۆیەتی وزە ڕێگایەکە بە گفتوگۆکردندا تێدەپەڕێت لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە سەرکردەکانیان تاکڕەو و خۆسەپێنن. تەحەددیەکی دیکە لەم ڕووەوە ئەوەیە کە چۆن

- ئێمە دەکرێت لەم ڕوانگەیەوە لەم پرسە بڕوانین کە خۆی لە خۆیدا سیاسەتی دەرەکی دەرئەنجام و ڕەنگدانەوە و دەرهاویشتەی پەیوەندییە بەتینەکانی نێوان لایەن و هاوبەشە سیاسییە ناوخۆییەکانی وڵات و ئەندامێتییە لە ڕێکخراوە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا، هاوشان بە پابەندبوون بە یاسای نێو دەوڵەت و هەروەها نۆرم و پراکتیزە فرەلایەنەکانەوە. لە ڕاستیدا ئەمە بەشێکی جێگیر و دانەبڕاوە لە هەڵسوکەوتی دەوڵەت، بە چاوپۆشین



یەکێتیی ئەورووپا ئەم ئامانجە بەدەست بهێنێت بۆ ملیۆنان هاووڵاتیی ئەورووپی، بە بێ ئەوەی ئەم کارە ببێتە هۆی زیانگەیاندن بەو بەهایانەی کە یەکێتیی ئەورووپایان لەسەر بنیاد نراوە، بگرە بە چەشنێك ئەم کارە بکرێت کە زامنی ئەو بەهایانە بکات.

*** ئەگەر بە دیاریکراوی پرسیار لەبارەی ئیتاڵیاوە بکەین، ئایا پێت وایە حکومەتی ئەم وڵاتە چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕە لەسەر سیاسەت و ژیانی ناوخۆیی وڵاتەکە کردووە و هەروەها چۆن بەرەنگاری ئەو کێشانە بوونەتەوە کە ئەم شەڕە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی خوڵقاندوونی؟**

لەو ئاراستە سیاسی و ئایدیۆلۆژییانەی کە دەوڵەتەکە دەیگرێتەبەر. کەواتە ئەگەر بێینە سەر وەڵامی پرسیارەکە، ئەوە لە ئێستادا وڵاتی ئیتاڵیا لەلایەن حکومەتێکی ئەوپەڕی ڕاستەوە بەڕێوە دەبردرێت، لە ڕابردووشدا ئەندامانی نوخبە سیاسییەکە گوزارشتیان لە هەڵوێستی مەیل بە ڕووسیا کردووە. هەرچۆنێك بێت، ئەوەی هیچ گومان هەڵناگرێت لەم ڕووەوە، ئەوەیە کە دەبێت وڵاتەکە پاڵپشت و هاوکار بێت بۆ ئەو بەها و پرەنسیپانەی لەسەر ئاستی جیهان پەسەندکراون و ددانیان پێدا نراوە، دەبێت پشتیوانیی وڵاتی ئۆکرانیا بکات لە بەرانبەر داگیرکار و دەستدرێژکارەکەیدا.

# پاراستنا کوردستانێ ل مەترسیێن، بومەلەرزا

**هوویێت رویدانا بومەلەرزا:**

١- گەرماهیا دناف زکێ ئەردی دا، ستویریاتیا ناڤنجیا تێلێ ئەردی ل کشوەرە - هشگاتیا ٣٥ کم و بەرز دبیت تا ٧٥ کم، و ستویریاتیا تسڤلێ ئەردی ل هەرێما کوردستانێ ٦٢ کم. ستویریاتیا تیڤلێ ئەردی ل ژێر ئەقیانوسان دا نێزیکی ٨کم، لەوانێ زوربەیا بومەلەرزینا دناف ئەقیانوسا رویددەن. تەخا لبن تیڤلێ ئەردی (تەخا مانتەل) ستویریاتیا ژ ٣٠٠٠ کیلو مترا پترە وپێلا گەرمیاهیێ تیدا دگەهتە نێزیکی ٣٠٠٠ پێلێت میەوی.

ڤشارا دناف زیکێ ئەردی دا (تەخا مانتەل) یا زورە وکارتێکرنا خوو ل جهێت لەواز شکەتی - فالقێت ل تیڤلێ ئەردی دا دکەن.وەکو فالقێ(زاکروس -توروس قبرص، فالقێ ئەنازولێ- دەریا ئیجە، فالقێ دەریا سور - عقبە -لبنان قبرس).جورێ فالقێت کویر ومەزن دکەفتە دانف بەرا توخیێت (کونینانتا- پلینا) بژاڤا پلیتا ب سمتێت هەڤ جور ولەزبونا هەڤجور دبنە لەوازترین پارتێت تیڤلێ ئەردی، و زور بەیا فشارێت ناڤخویێت ئەردی کارتێکرنا خو ل سمنا اون فالقێت کویر وبهێز دکەت، ودبنە هوویێت بومەلەرزا ودکراندنا وان.

٢-تێکجونا تیڤلێ ئەردی، دبنە هویا هەرشینا تەخێت تیڤلێ ئەردی، ورویدانێت بومەلەرزا لێ پەیدا دبن.

٣-پێلێ تورا کهربایێ ل دور ئەردی، کارێ خو دکەنە سەر خورتکرنا بزاڤا پیلێت کرماهیا ناف ئەردی، ودبنە هوویا رویدانا بومەلەرزنا.

٤-پیک هاتێن موادین ئیشاعی دناف زکێ ئەردی دا، فشارا خو دێخنە سەر جهیت لاواز وسێست (فالقا) ودبنە هوویا رویدانا بومەلەرزا.

٥-نێزیکی بونا مادێ (ماکما) ل تەخا مانتل بو ناف تیڤلێ ئەردی دبیتە هوویا بەرزبونا پلا کەرماهیا تیڤلێ ئەردی وئەنجامێت بو ب شێوازێ بورکان وبومەلەزرا دیار دبن.

٦-گەرماهیا غازێت ناف تەخا مانتل دا وفشارا وێ لسەر تیڤلێ ئەردی،

٧-کوهرینی وتەفاعولاتێت کیمیائی ئوێت جێت بن ل پێلێت کهرەبائی دانف تەخا مانتا وفشارا و لسەر تیڤلێ ئەردی.

**بومەلەرزە ل کوردستانێ**

هاتینە تومارکرێن کو (٩٨٥ بومەلەرزین رویدانە)، ٧٠٪ دکەڤنە دەڤەرا خشیای -الزاحفە، ل سمتا فالقا زاکروس دا.٤٠ بومەلەرزە ل دەڤەرا بەرزا جییای داینە (١٠٠٠-٣٥٦٠ مترا بەرز. ٦٠ بومەلەرز د دەڤەرا دەشتێ داینە ( ١٠٠٠ مترا نزمتر).

کویریاتیا بومەلەرزا دنافبەرا ( ٣٣-٣٣ کم،)و ٥٩ کم، و٦ بومەلەرز ل کویریاتیا (٦-٩٩ کم) رویداینە.

**جورێ بومەلەرزا:**

١-لدویڤ کویراتیا ژێدەرێ بومەلەرزا هاتینە دابەشکردن بو ٣ێ جورا.

١-بەمەلەرزێت نەکور تا کویرساتیا ( ٧٠ کم).

٢-بومەلەرزێن ناوندی تا کویراتیا داناف بەرا (٧٠-٣٠٠ کم ).

٣- بومەلەرزێت کویرا کویریاتیا دناف بەرا ( ٣٠٠ -٧٠٠ کم ).

٢- لدویڤ ژێدەرا:

١-بومەلەرزێت سروشتی.

٢-بومەلەرزێ دەستچێکری: (دروستکرنا بەنداڤێ مەزن، کانێت ژێر ئەرد، پەقاندنا قونبەلێت مەزن لژێر ئەردی،حەڤنا ئاڤێ بو ناف کویریاتیا ئەردی - نفت وغازێ.

**هێزا بومەلەرزا:**


بومەلەرزا ب هێزا ٤.٤ پلە لسەر پیڤەرێ رێختەر بەران بەری پەقینا (١٠ ) تەنێت -تی ئین تییە

بومەلەرزا ب هێزا٥,٥ پلە لسەر پیڤەرێ رێختەر بەران بەری (١٠٠٠ )تەنێت تی ئێن تییە بومەلەرزا ب هێزا ٦ پلە لسەر پیڤەرێ رێختەر بەران بەری پەقینا (٦٠٠٠) تونێت تی ئێن تییە.

بومەلەرزا ب هێزا ٨ پلە لسەر پیڤەرێ رێختەر بەران بەری پەقینا (٤٠٠) قونبەلێت نەووی یە.

**نیشانێت پەیدابونا بومەلەرزا:**

١-زوربە بەری رویدانا بومەلەرزا مەزنا سەرەکی (بەمەلەرزێت بچیک رویددەن)، پشتی بومەلەرزینا مەزن، سەدەها وجاران تا هزارەها بومەلەرزێت بچیک لدویف بومەلەرزینا مەزن رویددەن. تا جارەکا دیتر ئەو




**د.بێوار خنسی**

**راوێژكار جەنابێ سەروكێ حكومەتا هەرێما كوردستانێ**

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

پلیتێت بوینە هوویا بومەلەرزینێ بەرف ئیستقرار فە بجن جندەها روزا وجاران ب مەهان فەت كێشێن تا ب كوتاهیێ تێن.

٢-بەری رویدان ودەمێ رویدانا بومەلەرزێ (روناهیەكا كەسێك بەرف زەری فە) دیار دبن ل جهێت بەرز وبلندا، وەكو (چرڤا بروسیسا دیار دبیت ل هناڤی جهێ بومەلەرز رویدەت) بەری بومەلەرز رویدەت.

٣-كوهرینا ئاستێ ئاڤا دەریا بەری رویدانا بومەلەرزێ، تایبەت بەمەلەرزێت ێواریێ) سونامی ).

٤-شەوقا بومەلەرزێ جییا دهینین وئەسمانی روون دكەت.

٥-دەنگێ بومەلەرزێ تێتە تومارکرێن ب رێكا تورێت ئامرییێت توماركرنا (پێلێن زلزالی) بەری بومەلەرز پەقیت.

٦-جاران (روژ د غەیریت) بەری رویدانا بومەلەرزا، وەكو بومەلەرزا ل ١٩٩٩/٨/١١ ل ئیران وتوركیا و لبنان وقبرسێ دا.

٧-گوهرینا ساخلەتییێت مگناتیسێ كەڤرا بەری رویدانا بومەلەرزا.

٨-كوهرینا (چراتیا) كەڤرا بوەری رویدانا بومەلەرزا.

٩- نزمبونا رووێ ئەردی ل سمتا فالقیێت مەزن بەری رویدانا بومەلەرزێ پەقیچت.

١٠-كوهرینا ئاستی وجورێ ئاڤاژێر ئەردی بەری رویدانا بومەلەرزا.

١١-زێدەبونا رێژا (مادێت تیشكی- مواد مشعه، وەكو غازا (الرادون) لكەل نێزیكبونا پەقینا بومەلەرزا.

١٢- گوهرینا بزاڤ وهەستێ گیانەوەرا بەریپەقینا بومەلەرزا ب چەندەها كاتژمێرا، یان روژا، وەكو گیانەوەرێن وەكو (كتێك، كوریشك، دیكل، مشك، جورج، مار، پەر، تەیر و تەوال- كوترا، هەسپ) ئەڤ جورێ گیانەورا هەست ب پیلێت بومەلەرزێت بجیك دەكەن بەری پەقینا بومەلەرزا مەزن.

**قازنجێت بومەلەرزا:**

١-خو خلاس كرین ژ زاخا نافخویا زكێ ئەردی، بو ئەوەی ئەردی ژگور نەپەقیت وببیتە كوتاهیا ژیانێ لسەر ئەردی، هاتیە دیار كرین كو هەر ١١ دەقیقا د روژەكێ جارەكێ بومەلەزەك رووی ددەت، و زاخا ناڤخویا ئەردی ناهێلیت پەنگییێت وببیتە ترس لسەر ژیانا ئەردی.

٢-پەیدابونا كانزایێت نووی ل نافخویا ئەردی دەردكەفنە سەر روویێ ئەردی.

٣-بالدەرك بو پەیدابونا عومبارێت نوویێت نفت و كازێ.

٤-پەقینا سەرچاڤێ ئاڤێ وهشگ بوما چەند سەر چاڤێت ئاڤێ لسەر روویێ ئەردی.

**پێشنیار**

بو (كێمكرنا مەترسییێت بومەلەرزینا لسەر هەرێما كوردستانێ) دڤێت نەخشە رێكێت گونجاو بێنە دانان، ژ وان ژی پێشنیارێت بلەز بو دانانا نەخشە رێكێت گونجاوا كاری لسەر بكەین:

١-ڤەكرنا (دەستگاهێ كارەساتا) ل هەرێما كوردستانێ، ئەڤ پێشنیارە لدەستپێكا كارێ حكومەتا هەرێمێ هات پێشكێش كرن.

٢-دانانا (تورا توماركرنا بومەلەرزا) ب رێكا (ئامیرێت توماركردنا بومەلەرزا ل هەمی پارێزگەهێت هەرێما كوردستانی، وكرێدانا وان پێكڤە، گرێدانا تورا توماركرنا بومەلەرزا هەرێما كوردستانێ ب تورا بومەلەرزا لگەل وەلاتێن ئقلیمی وجیهانی ڤە.

٣- دروستكرنا ( نەخشێ بومەلەرزینا ل هەرێما كوردستانێ)، تێدا بێتە دیار كرێن (زون وسمتا جهێت توش بومەلەرزینێت ب هێز دبن) ل هەرێما كوردستانی.

٤- دانانا (ئامیرێت توماركرنا بومەلەرزا) لسەر پروژێت مەزن، وەكو (بەنداڤا، نشتەجێبونی، كێلگەهێت نفت وكازێ، جسرێت مەزن لسەر رویبارا، خالێت كومركییێت مەزن).

٥- ڤەكرنا بەش بومەلەرزینا و كولیژێت كارەساتا دناڤ پەیمانگەها و زانكوێت هەرێما كوردستانێ دا.

٦-دەستنیشانكرنا (فالقیێت ژێر ئەرد ل هەرێما كوردستانێ)، زوزبەیا فالقیێتژێر ئەرد هاتینە دیار لسەر (پروڤالییێت مەسحا جیوفیزیائی) ل كیلگەهێت نەفت وكازێ ل هەرێما كوردستانێ.

٧- پیتە پێكردن ب (روشنبیرایا كارەساتێت سروشتی) ل هەرێما كوردستانێ.

# پێگە و توانای ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا

**ئافرەت پێویستی بە هێزێکی ڕووبەڕووبونەوەیە کە پێکهاتبێ لە ئیرادەی هەست بەخۆکردن و متمانە بەخۆبوون، بۆ ئەوەی بتوانێ شان بە شانی پیاوان خۆی لە گۆڕەپانی سەختی ژیان قایم بکات و، بتوانێ لە هەموو بوارەکانی ژیان کار بکات**

**نووسەری ڕووسی سۆخۆملینسکی پسپۆڕی پەروەردە دەڵێت: «ئافرەت لە پەروەردەکردنی خۆشەویستیدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت و، هەر نەک دایکی منداڵە بەڵکو پیاویش پەروەردە دەکات»**

ئافرەت ئەو کەسەیە کە مرۆڤ لە نەبوونەوە دێنێتە بوون و دروستکەری مرۆڤایەتییە، هەروەها لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی خۆی دەبینێتەوە لە بەیەکەوە ژیانی هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ کە هەر دووکیان تەواوکەری یەکترن و پێگەی هەر دووکیان لە ڕووی کاروبارەکانی ژیانەوە یەکسانە، بەڵام ئەمەش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دی جیاوازە.

ئافرەت پێویستی بە هێزێکی ڕووبەڕووبونەوەیە کە پێکهاتبێ لە ئیرادەی هەست بەخۆکردن و متمانە بەخۆبوون، بۆ ئەوەی بتوانێ شان بە شانی پیاوان خۆی لە گۆڕەپانی سەختی ژیان قایم بکات و، بتوانێ لە هەموو بوارەکانی ژیان کار بکات، تا لەو چوارچێوەیەی کە خۆی تێدا حەشار داوە لە شەرم و بێدەسەڵاتی بەربەستەکان ببەزێنێ و بەشداری لە ڕەوتی ژیانی کۆمەڵگە بکات.

هەر بۆیە هەندێك لە فەیلەسووف و ناودارانی جیهان بەمجۆرە باس لە ئافرەتان دەکەن:

ناپلیۆن بۆناپارت دەڵێت: «ئافرەت بە دەستێکی لانکە و بە دەستێکی هەموو جیهان ڕادەژەنێت».

نووسەری ڕووسی سۆخۆملینسکی پسپۆڕی پەروەردە دەڵێت: «ئافرەت لە پەروەردەکردنی خۆشەویستیدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت و، هەر نەك دایکی منداڵە بەڵکو پیاویش پەروەردە دەکات»، هەروەها دەڵێت: «ئەوە ژنی ئازا و بەهێز و دڵسۆزە کە پیاوی ئازا و بەهێز دەخوڵقێنێت».

خودای گەورە مرۆڤەکانی بە ئازادی دروست کردووە، بێ جیاوازی ڕەنگ و زمان و ڕەگەز، جیاوازیی ئافرەت و پیاو تەنیا ڕەگەزەکەیەتی، دەنا ئافرەتیش دەتوانێ ئەو شتانەی پیاو دەیکا، ئەوانیش ئەنجامی بدەن. بۆیی دەتوانین بڵێین: ئافرەتان گەوهەرێکی خودان لەسەر زەوی، هەر بۆیە خودای گەورە بەهەشتی لەژێر پێی دایکان داناوە. هەروەها لە ئایینی ئیسلامدا بە گەورەیی باسی ئافرەت دەکات و دوو سووڕەت بە ناوی ئافرەتان دانراون، لەوانە: سووڕەتەکانی (مریم و نساء)، هەروەها داوا دەکات ڕێزی ئافرەتان بگرن، پیاوانیش ئاگادار دەکاتەوە کە ئافرەتان ئەمانەتن و دەبێت بە جوانترین شێوە ماماڵەیان لەگەڵ بکرێ.

ڕێزگرتن و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەتان پەیوەستە بە ئاستی ڕۆشنبیریی تاکەکەس لە کۆمەڵگەدا، هەروەها لە کۆمەڵگەی کوردی لای زۆربەمان ڕوونە کە ئافرەتان لە زۆرێك لە مافەکانیان بێبەش کراون، لە کاتێکدا ئافرەتی کورد چ لە بواری سیاسی و ڕاپەڕینەکانی کورد، چ لە پەروەردەکردنی منداڵ لە خزمەتکردنی کۆمەڵگە و خێزان بەشداری کردووە و، پێشکەوتنی ژیانی کورد لە هەموو بوارەکاندا تەنیا بە پیاوان نەکراوە، بەڵکو دەست و بازوو و هەوڵدانی ئافرەتیش ڕێنیشاندەر و یارمەتیدەر بووە بۆ سەرکەوتنی بەسەر کۆسپەکانی ژیاندا.

ئافرەتی کورد لە هەموو بوارەکاندا هەوڵ و تێکۆشانی هەبووە، بە جۆرێك شان بە شانی پیاوان لە پەروەردەکردنی نەوەی نوێ کە دەبێتە هێزێکی بەتوانا بۆ پێشکەوتنی هاوبەش بووە، هەروەها بۆ بەرگری لە خاکی کوردستان خەباتیان کردووە و جێ دەستیان دیار بووە. لەمێژە ئافرەتانی کورد پاڵپشت و یارمەتیدەری پیاوان . لە مێژووی کورددا چەندین ئافرەتی ئازا و بوێر و دەستڕەنگین و کارامە باس کراون، لەوانە(حەپسەخانی نەقیب،



دهۆک بەڕۆژی

بۆ گوڵانی نووسیوە

مەستوورەی کوردستانی، عادیلە خانم و عیسمەت قازی محەمەد و ...) چەندین ئافرەتی بەتوانای دیکەش هەن، کە لەم ساڵانەی دواییدا ڕۆڵی زۆریان بینی لە شەڕی دژی داعش و شان بە شانی پیاوان بەرگرییان لە خاکی وڵاتەکەیان کرد، بەتایبەتی ئافرەتانی کۆبانێ کە چۆن ببوون بە پارێزەری نەتەوە و شارەکەیان و، تەنانەت بوون بە سمبولی نەتەوەکەیان و وەك پارێزەری مرۆڤایەتیش ناوزەد کران. ئافرەتان سەلماندوویانە کە جگە لە دایکایەتی دەتوانن زۆر ئەرکی دیکەش لە ئەستۆ بگرن و، وەك بەشێك لە کۆمەڵگە بەشداریی خەباتی سیاسی بکەن و، لە هەموو بوارەکاندا ئازایی و تواناکانی خۆیان دەربخەن.

ئافرەت بناغەی خێزانە و سەرچاوەی خۆشەویستی و گەرمکەرەوەی هێلانەی ژیانە، هەر بۆیە ژیان بەبێ ڕۆڵی ئافرەت هیچ بەهایەکی نابێت.

هاوکات دەرکەوتنی ژن لەکایەی سیاسەت و دەرکەوتنی وەك کەسێکی سەرکردە کۆمەڵێك ئاماژەی سیاسی گرنگ دەبەخشێت. بەڵام ئەوەی کە جێگەی نیگەرانی و مایەی پرسیارە ئەوەیە کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ژن وەکو سیاسەتمەدار و وەك سەرکردەش بەمانا راستەقینەکەی نییە. بێگومان ئەوەش هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی جۆراوجۆری لەپشتە.

خەسڵەتی ئافرەتی سیاسەتمەدار و تیۆریەکانی ئافرەتی سەرکردە ئەوە نیشان دەدەن کە کەسی سەرکردە خەسڵەتی سەرکردە بوونی لەخۆیدایە. واتە کەسی سەرکردە دروست ناکرێت، بەڵکو خۆی خەسڵەتی سەرکردە بوون لە سروشتیدایە و پێویستە چالاك بکرێت. یەکێك لەو خەسڵەتانەی کەسی سەرکردەی پێی بناسرێتەوە ئەوەیە کە خاوەن ئیرادەیەکی باش بێت و چۆك دانەدات لەبەردەم کێشە سیاسییەکان. یەکێکی تر لە خەسڵەتەکان ئەوەیە، کە هەمیشە کەسی سەرکردە چارەسەر و ئەلتەرناتیڤی بۆ دۆخەکان پێیە. پێویستە خاوەنی جەماوەرێکی باشیش بێت و بتوانێت بارودۆخ ڕابگرێت، بەجۆرێك کە بەئاسانی جەماوەرەکەی تەسلیم بە کارەسات و ئەزمەیەکی سیاسی نەکات و رۆحی بەردەوام بوونی تێدا بێت. زۆر جار ئەو گلەییانە دەکرێت کە ئافرەتی سەرکردەمان نییە، بەداخەوە ئەقڵی کۆمەڵگەی ئێمە بەوە نەگەیشتووە کە کەسی سیاسیی دروستبکات، بەڵام ئەو کەسە بۆ خۆی هەیە پێویست بە دروستکردنی نییە.

ئەو سیاسەتەی بە پیاوە دەکرێت بە ئافرەتیش دەکرێت .ئێستا لەسەرتاسەری جیهان چەندین ئافرەتی سیاسەتمەدار و خاوەن کار دەیانەوێت هەمان پەیام بەگوێی جیهاندا بچرپێنن و دەنگی ئافرەتانی تریش بگەیەنن، هەر بۆیە تاوناتاوێك چەندین ئافرەتی پەرلەمانتار لە هۆڵەکانی پەرلەمان بەخۆیان و منداڵەکانیان دەردەکەون بۆ ئەوەی بەهاوکارە پیاوەکانیان بڵێن کە ئافرەتان دوو ئەوەندەی پیاوان ئەرکیان قورسە.

«کارولینا بیسکانسا» سەرکردەی پارتی بودیموسی چەپی ئیسپانی و ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران هەمووانی سەرسام کرد کاتێك لەگەڵ منداڵە پێنج مانگەکەی لە یەکێك لە کۆبوونەوەکان بەدەرکەوەت، بێگومان کارولینا تووشی ڕەخنەی زۆر هات بەڵام ئەو دەیویست بەهەمووان بڵێت کە جگە لەخۆی چەندین دایك لە ئیسپانیا هەن کە بە دایکایەتی و سەرکەوتن لەکارەکانیانەوە سەرقاڵن.

**ئافرەتان گەوهەرێکی خودان لەسەر زەوی، هەر بۆیە خودای گەورە بەهەشتی لە ژێر پێی دایکان داناوە**

**ئافرەتان سەلماندوویانە کە جگە لە دایکایەتی دەتوانن زۆر ئەرکی دیکەش لە ئەستۆ بگرن و، وەک بەشێک لە کۆمەڵگە بەشداریی خەباتی سیاسی بکەن و، لە هەموو بوارەکاندا ئازایی و تواناکانی خۆیان دەربخەن**



## ساجیده لوقمان:

# سەرەتا بە شێوەی ئۆنلاین کارم دەکرد، بەڵام ئێستا دووکانێکی خنجیلانەم داناوە، هەلی کاریشم بۆ دوو گەنج رەخساندووە

**لەم بارودۆخە نالەبارە ئابوورییەی کە سەرانسەری جیهانی گرتووەتەوە، زۆربەی پیاوان بە تەنیا لە دابینکردنی بژێویی ژیانی خێزانەکانیان تووشی گرفتی زۆر دەبنەوە، هەر بۆیە ئافرەتانیش سەربەرزانە لە دەرەوەی ماڵەکانیان تێکەڵ بە بازاڕی کار دەبن. تەنانەت زۆریشن ئەوانەی کە هەر لە ناو ماڵەکانیاندا توانیویانە ببن بە خاوەن داهات و باری سەرشانی خانەوادەکەیان تا رادەیەك سووك بکەن. لە ئێستادا بەتایبەتی کە لە هەرێمی کوردستان دامەزراندن لە کەرتی گشتی دەگمەن بووە، خانمان پشت بە تواناکانی خۆیان دەبەستن و لە زۆر رێگەی شیاو و گونجاو هەوڵی دەستەبەری داهات بۆ خۆیان دەدەن. ساجیدە لوقمان یەکێکە لەو خانمانە بەم شێوەیە باسی ژیانی تایبەتی خۆی بۆ گوڵان دەکات.**

ساجیدە لوقمان کچێکی گەنجی دانیشتووی شاری هەڵەبجەیە دەرچووی بەشی کشتوکاڵە لە پەیمانگەی تەکنیکی کەلار، وەك خۆی باسی کرد، ئەگەرچی لە دامەزراندنی لە کەرتی حکوومی نائومێد بووە، بەڵام خەونی خۆی بەدی هێناوە و ئێستا بە شێوازێکی جیاواز هەم بە قولاب و هەم بە ئامێر جلوبەرگ دروست دەکات. بەوەش داهاتێکی بۆ خۆی و خێزانەکەی مسۆگەر کردووە.

ئەو خاتوونە بەمجۆرە باسی ژیانی خۆی کرد: «کاری من دیزاین و دروومان و چنینی جلوبەرگە، لەگەڵ دروومانی جلوبەرگی خانمان هەموو جۆرە جلوبەرگێکیش دەچنم، هەروەها دروستکردنی ئیکسسواراتی خانمان و چنینی کەلوپەلی جوانکاری بۆ رازاندنەوەی ناوماڵ، وەکو چنینی بەرگە گۆشە و شاڵی سەر قەنەفە و سەر مێز و سەر تەپلەك، لەگەڵ چنینی بووکەڵەی منداڵان. سەرەتا بە شێوەی ئۆنلاین کارم دەکرد، بەڵام لە ئێستادا دووکانێکی خنجیلانەم داناوە، هەلی کاریشم بۆ دوو گەنج رەخساندووە. زیاتر لە سێ ساڵیشە لە کارەکەم بەردەوامم، دەتوانم بڵێم تا ئاستێکی باش لە راپەڕاندنی کارەکانم سەرکەوتوو بووم».

سەبارەت بە چۆنیەتی تێکەڵبوونیشی بە بازاڕی کار گوتی: «بیرۆکەی کارکردنم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خۆم هەر لە منداڵییەوە حەز و خولیام بۆ چنین و کاری دەستی هەبوو، دواتر لە ڕێگەی خولێکەوە بە ڕێگەی ئامێر خۆم فێری چنین کرد، دوای ئەوەی لە خولەکە فێری پیشەکە بووم، هەر لەوێ وەکو مامۆستا بۆ ماوەیەك کارم کرد و کەسانی دیکەم فێر کرد، بەڵام دواتر بیرم لەوە کردەوە کە خۆم دەست بکەم بە دروستکردنی جلوبەرگ لەسەر خواستی خەڵك، بۆ نموونە ئەو رەنگ و قەبارە و مۆدێلەی کە حەزیان لێیەتی و لە بازاڕ دەستیان ناکەوێت، من بۆیان دروست دەکەم، لە ئێستادا جلوبەرگی ئافرەتان و منداڵان و تەنانەت پیاوانیش دروست دەکەم، زۆرجار خێزانەکان داوای ئەوە دەکەن کە سێتێك جلوبەرگی هاوشێوە بۆ خۆیان دروست بکەن، لەلای من داوای دەکەن، سەبارەت بە نرخەکانیش نرخی ئەو جلوبەرگانەی من دروستی دەکەم، زۆر لە هی بازاڕ هەرزانترە، جگە لەم کارەم کەلوپەلی ناوماڵ لە ڕێگەی چنینەوە دروست دەکەم، کارکردن بە ئامێر لەگەڵ کاری دەستی ئەگەر بەراورد بکەین، دەبینین هەریەکەو تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام کارکردن بە ئامێر خێراترە، بۆ نموونە من دەتوانم بەم ئامێرەم بە سەعاتێك بلوزێك بچنم، بەڵام بە قولاب لەوانەیە بە هەفتەیەك نەتوانم تەواوی بکەم. بەگشتی زۆر سوپاس بۆ خوا کارەکانم لەلایەن خەڵکییەوە پێشوازییەکی باشی لێ کراوە، زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵانیش دەکەم، کە هەوڵ دەدات، خانمانی خاوەن کار بە خەڵك بناسێنێت».

وەك دوا وتەشی گوتی: «زۆر سوپاسی خانەوادەکەم و هاوڕێکانم دەکەم، ئەوان هەمیشە لە هەنگاوەکانی کارکردنم هاندەر و پاڵپشتم بوون، دڵخۆشم بەوەی کە کارەکەم و پشتم بە تواناکانم بەستووە، کارکردن و دەستخستنی بژێوی ژیان لەلایەن خودی ئافرەتەوە تا ئاستێکی زۆر گرنگ و پێویستە. کارکردنی ئافرەت شانازییەکی گەورەیە هەم بۆ خۆی و هەم بۆ خێزانەکەی، هاوکات متمانەبەخۆبوونی زیاتر دەبێت.

**کارکردن لە کۆیە لە ئاستێکی زۆر باش نییە لە چاو شارەکانی دیکە، زۆربەی داواکارییەکان هی دەرەوەی شارەکەن**

**کارکردن لە کۆیە لە ئاستێکی زۆر باش نییە لە چاو شارەکانی دیکە، زۆربەی داواکارییەکان هی دەرەوەی شارەکەن**



## مەمەد ئەکتاش:

# سینمای کوردی بووەتە حەقیقەتێک لەنێو سینمای جیهاندا

سەبارەت بەم کارە هونەرییە بەرهەمهێنەری فیلمی سینەمایی «خاڵا تارییا» مەمەد ئەکتاش لای خۆیەوە گوتی: «خۆشحاڵم کە ئەم فیلمە کوردییە لە فێستیڤاڵی بەرلین وەکوو یەکێك لە سێ باشترین فێستیڤاڵی هەرە گەورەی جیهان نمایش دەکرێت».

فیلمەکە لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد «ئایشە پۆلات»ـە، سەبارەت بە بەشداریی ئەم بەرهەمە کوردییە لە بەشی پێشبڕکێی ئەنکاونتەرس (Encounters) لە ٧٣یەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی بەرلین»Berlinale لە وڵاتی ئەڵمانیا مەمەد ئەکتاش گوتی: «ئایشە پۆڵات» چوار ساڵ پێش ئێستا چیرۆکی سیناریۆکەی هێنا، بەڕاستی زۆر حەزم لێ کرد، سیناریۆی ئەم فیلمە کوردییە لەسەر گرووپێکی تاریکپەرستە کە لە لایەن حکومەتی تورکیاوە هاتوون، هەندێك کەسی مافیایین و پارێزەرێکی کوردی مافەکانی مرۆڤ دەکووژن، تیمێکی ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی بە شوێن ئەم خاڵ و بوارەدا دەڕۆن و بەدواداچوونی بۆ دەکەن. چیرۆکی ئەم فیلمە لە چاوی منداڵێکەوە بۆ بینەر دەگێڕدرێتەوە، یانی لە چاوی منداڵێکەوە کارەکانی ئەم گرووپە دەردەکەوێت».

مەمەد ئەکتاش هەروەها دەڵێت: «فیلمەکە نە تەنیا مژاری خۆی بە شێوەی تەکنیك باس دەکات، بەڵکوو بە پرێسپێکتیوی سێ کامێڕا چیرۆکەکە دەگێڕدرێتەوە، من گەلێك خۆشحاڵم کە فیلمی سینەمایی «خاڵا تارییا» لە یەکێك لە باشترین فێستیڤاڵەکانی جیهان نمایش دەکرێت. ئایشە پۆلات دەمێکە هاوەڵێکی نزیکی منە، ئەو بۆ خۆی خەڵکی شاری «مالاتیا»یە لە باکووری کوردستان و لە وڵاتی ئەڵمانیا گەورە بووە و هەر لێرە سینەمای خوێندووە».

ئەم سینەماکارە کوردە لە درێژەی قسەکانیدا گوتیشی: «پێش فێستیڤاڵی بەرلین، «ئایشە پۆلات» لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «لۆکارنۆ» لە وڵاتی سویسرا بووە و خەڵاتی گەورەی ئەندامانی لیژنەی دادوەرانی وەرگرتووە، لە ناو سینەمای کوردیدا دەرهێنەری ژنی کوردمان کەم هەیە، کە ئەو یەکێك لەوانە»، ئەکتاش ئەوەشی خستەڕوو کە فیلمی سینەمایی خاڵا تارییا لە بەشی پێشبڕکێی ئەنکاونتەرس لە ٧٣یەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «بەرلین»، کاندیدی وەرگرتنی خەڵاتە و هەتا ئێستاش وەکوکاندیدا دێتە نیشاندان، زۆر خۆشحاڵم کە فیلمێکی کوردی لە دەرهێنانی ژنێکی کورد، لە



**فیلمی سینەمایی خاڵا تارییا شاکارێکی فیلمی کوردییە لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد (ئایشە پۆلات) باس لە گرووپێکی مافیا دەکات، کە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە نێردراون و پارێزەرێکی کوردی مافەکانی مرۆڤ دەکووژن، تیمێکی ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانیش بەدواداچوونی بۆ دەکەن، چیرۆکی فیلمەکەش لە چاوی منداڵێکەوە بۆ بینەر دەگوازرێتەوە، کە لە بەشی پێشبڕکێی ئەنکاونتەرس (Encounters) لە ٧٣ـەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «بەرلین»نمایش کرا.**

**مەنسوور جیهانی / بەڕلین**

فێستیڤاڵی (بەرلینالە)یە و ئێمەش لێرە لەگەڵ فیلمەکەداین.

بەرهەمهێنەری فیلمی سینەمایی «خاڵا تارییا» سەبارەت بە شوێنی وێنەگرتنی فیلمەکە گوتی: «ئەم بەرهەمە لە ڕۆژانی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، لە شاری قەرس و بازیدی باکووری کوردستان و نزیك سنووری ئێران و بەشێکی بچووکیشی لە شاری هامبۆرگ لە وڵاتی ئەڵمانیا وێنەی گیراوە، کە بەداخەوە ئەوکات نەخۆشبووم و نەمتوانی بچم بۆ سەر ستەیج و سەردانی ستافەکە بکەم، کە بە هاوکاری تیمێکی ئەڵمانی و کوردی ئەو فیلمەمان ساز کرد، دوو تەلەڤیزیۆنی گرنی ئەڵمانیا WDRو Arteبەشداریی بەرهەمهێنانی ئەو فیلمە بوون و بوودجەی ئەم فیلمە دوو ملیۆن یۆرۆ بوو، کە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی ئەڵمانیا و تەلەڤیزیۆنەکانی WDRو Arteدابین کرا».

ئەم سینەماکارە بەئەزموونە سەبارەت بە گرنگیی بەشداربوونی فیلمی کوردی خاڵا تارییا لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی بەڕلین دەڵێت: «سینەمای کوردی بووەتە حەقیقەتێك و لە ناو سینەمای جیهاندا وەکو بزاڤێکی سینەمایی لە ناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرنگیی پێ دەرێت و بە باشی دەیناسن، کۆمپانیای سینەمایی میتۆس فیلم (Mitosfilm) تا ئێستا سێ جار فیلمەکانی ئێمەی لە فێستیڤاڵی (بەرلینالە) نمایش کردوون، زۆر خۆشحاڵم کە ئەم فیلمە دوای بەشداریی لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «بەرلین» لەلایەن کۆمەڵێك فێستیڤاڵی جیهانییەوە بانگهێشت کراوە.

مەمەد ئەکتاش لە کۆتایی ئەم چاوپێکەوتنەدا گوتی: «ئێمە وەکو سینەماکاری کورد بە فیلمەکانمان لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی بەرلین بەشدارین، بەڵام بەداخەوە تەلەڤیزیۆن و دەزگاکانی ڕاگەیاندنە کوردییەکان لێرە نین».

کۆمپانیای سینەمایی میتۆس فیلم (Mitosfilm) بەرهەمهێنەری سەرەکییەتی و کۆمپانیای پۆنکت و کەناڵێکی ئەڵمانی بەرهەمهێنەری هاوبەشن و ئەرکی بڵاوکردنەوەی لە ئەستۆی کۆمپانیای ئارت هوود ئینتەرتەیمنتە (ArtHood Entertainment). حەفتا و سێیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «بەرلین» بە بەرپرسیاریی خاتوو ماریتێ ریسێنبێك (Mariette Rissenbeek)و دەرهێنانی هونەریی کارڵۆ چاتریان (Carlo Chatrian) لە چەندین بەشی پێشبڕکێ و دەرەوەی پێشبڕکێی لەوانە؛ بەشی پێشبڕکێی سەرەکی، بەشی پێشبڕکێی نەوەکان، بەشی پێشبڕکێی فرۆم، بەشی پێشبڕکێی کورتە فیلم، بەشی پێشبڕکێی بەڵگەفیلم و چەندین بەشی دەرەوەی پێشبڕکێی لەوانە؛ بەشی پانۆڕاما، بەشی نمایشی تایبەت، بەشی نمایشی سینەمای کلاسیك و ...هتد، لە ڕۆژانی ١٦ تا ٢٦ی فێبری وەری ٢٠٢٣ لە شاری بەرلین لە وڵاتی ئەڵمانیابەڕێوە چوو.



# هونەر لە سەنگەری ژینگەدا


**داکۆکی کردن لە ژینگە بۆ هونەر ئەرکێکی پیرۆزە، هونەرمەند دەباتە ئاستی هەڵوێست و بەرپرسایەتیی کۆمەڵایەتی و ئاکار. دانا سەڵاحەدین (ماستەری لە هونەری سیرامیکدا هەیە) بەو پیشانگای جێکرد (Installation)ـەی ڕۆژانی ٥-١٢/شوبات/٢٠٢٢ز، بە ناوی (ژیان) لە زانکۆی جیهان لە شاری هەولێردا کردییەوە، لە ڕووی جۆری نمایشەکەوە هەوڵێکی ئامانجدار و نوێخواز بوو. جێکردەکە (ئینستڵێشنەکە)ش بە گشتی خۆی لە سێ بەشدا نواند. لاکێشەیەکی (٢ بە ٣) مەتری لم، لاکێشەیەکی (٢ بە ٤) مەتری کا و چوارگۆشەیەکی (٥ بە ٥)ی قوڕ (گڵ)، هەر سێ ڕووبەرەکەش بەسەر زەویدا ڕاخرا بوون، پاشان هێلکەڕێژ کرا بوون. هێلکەکانیش سیرامیک بوون.**


**ئا/ تاریق کارێزی**



ئینستڵێشن (Installation) زاراوەیەکە بۆ جۆرە نمایشێکی شێوەکاری بەکار دێت، تێیدا هونەرمەند بە کەرەستەی هەمەجۆر، لە شوێندا بیرۆکە و خەیاڵی دەسازێنێت، بەرجەستەیان دەکات. لە پەیدۆزی واتای زاراوەکە بە چەندین زمان، پاشان بەراورد کردنی واتای زاراوەکە لە نێوانی چەند زمانێك، بەو ئاکامە گەیشتم، کە بە کوردی زاراوەی (جێکرد) بەرانبەر بە ئینستڵێشن (Installation) بەکار بهێنم.

بەدەم ئەو نمایشە جێکردەی دانا سەڵاحەدینەوە، نەوژین خالیدی ژەنیار بە کەمان موزیکی ژنی، ئاوازێکی ئەوتۆی ژەنی، بریتی بوو لە خولانەوەی سۆز بە دەوری ژینگەیەك کە هەڕەشەیەکی دژواری لەسەرە. هەڵبژاردنی هەر سێ توخمی (لم، کا، گڵ) هێمان بۆ خۆ نواندنی ژیان. زەوی چەشنی دایك هێمای ژیانە، ژیانیش لە دەروازەی گڵەوە خۆی دەنوێنێت، کشتوکاڵ چاوگی یەکەم و سەرەکیی ژیانی سەر گۆی زەوییە، ئەویش لە گڵی بە پیتدا دەکرێت، لم هێمایە بۆ بیابانتەنی (desertification) و نەمانی ژیان، (کا)ش نیشانەی وشك هەڵاتنی بەروبوومی کشتوکاڵە. سێ نموونە لە ژینگەی جیاواز، لە هیچ کامیان ژیان و زیندوویی بەدی ناکرێت. ڕووبەرێکی زۆر فراوانی بەشی وشکانیی زەوی، بیابانی گەورە دایپۆشیوە، لەم ڕەوشەی ئێستای جیهاندا، مەترسیی بیابانتەنی لە ئارادایە، تا دێت ڕووبەری بیابان فراوانتر دەبێت، زەویی کشتوکاڵ (سەرچاوەی سەرەکیی ژیان)، بەردەوام پاشەکشە دەکات. ئەمە زەنگێکی مەترسیدارە. بە ئامانجی ئەوەی سنوورێك بۆ قەڵاچۆ کردنی سیمای ژیانی سەر گۆی زەوی دابندرێت، وا پێویستە هەرچیی مرۆڤە بێتە دەنگ و هەستێتە سەر پێ. لە ململانێی نێوان گڵ و لم (خاکی بە پیت و بیابان)دا، ژیان باجەکەی دەدات، لەو جێکردەدا (کا) هێمای پاشەکشە کردنی ژیانە، ئەگەر هونەرمەند لە بری (کا)، (قەرسیل) یان گژ و گیا و چڵ و لقە داری سەوزی دابنایە، واتا و هێما لە نمایشەکەدا پێچەوانە دەبوونەوە. هێلکەش لەم نمایشە جێکردەدا واتای ژیان و نوێ بوونەوەی دەدات. مەزندەش ناکرێت، لە ژینگەی وشکەڵاندا، ژیان درێژەی هەبێت.





«گۆڕانی کەش و هەوا و لێکەوتەکانی، ڕۆژ دوای ڕۆژ لە زیاد بووندان، مەترسییەکانی بۆ مرۆڤایەتی تا دێت ڕوو لە هەڵکشانە. ئێمەی هونەرمەندان ئێستا زیاتر لە جاران لە خەمی ژینگەدایـن، تا بتوانیـن لەو نێوەندەدا سەبارەت بە بابەتی ژینگە و وەستانەوە بەرانبەر بەو هۆکارانەی دەبنە ئەو گۆڕانکارییە مەترسیدارە، ببین بە بەشێك لە هۆشیار کردنەوە. من هەوڵم داوە بینینێکی جیاوازم بۆ ڕوانگە و پێکهاتە هەبێت. هەموو پارچە هونەرێکی چەمکی ژینگە، ئامانجێکی دیاری کراوی هەیە، کاری هەر هونەرمەندێك کە وەك ژینگەپارێز مامەڵە بکات ئەوەیە، ئەو وێنە و جیهانە زۆر جار ڕەنگە هەر نەبێت، ئەو خەیاڵ بکات و ببینێت و بیانکات بە شوێنی ئیلهام بەخش، کە بینەری پێ سەرسام بێت، هەر لەبەر ئەوەیە زۆربەی هونەری چەمکی ژینگەیی، بە بەکار هێنانی تەرمە کاڵای سێ ڕەهەند دروست دەکرێت. من لەم پیشانگایەدا هەوڵم داوە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییەی ژینگە لەسەر کۆمەڵێك فۆرمی جیاواز پیشان بدەم، دەکرێت ئەو لێکەوتانە بگوازرێنەوە سەر ئاژەڵ و مرۆڤ، بە هەمان شێوەی سروشت لە ژێر مەترسیی لەناو چوون و دارماندا بن. بەرهەمەکان سیرامیکن، بە مەتریاڵی جیاواز کراون کە لە شێوە و ڕەنگی جیاوازدا خۆیان پیشان دەدەن.»

بڕگەی پێشوو، وەك پاساوێك بۆ نمایشەکە، هونەرمەند لە فۆڵدەری پیشانگاکەدا بڵاوی کرد بووەوە. ئەم کورتە وتەیەی هونەرمەند، کلیلە بۆ حاڵی بوون لە پیشانگاکەی.





هەرێز میکائیل

یاریزانی فوتساڵی یانەی وەرزشی سەید سادق:

# ڕێگری و بەربەست هەیە لە بەردەم کچان لە بواری وەرزشدا



**دەڤەری شارەزوور یەکێك لەو ناوچانەی کوردستانە کە گرینگیی زۆر بە سەرجەم وەرزشکارانی یارییە جۆراوجۆرەکان دەدەن، لەم قەزا گەورەیەی کوردستانیش چەندین کچە یاریزانی بەتوانا هەیە لە یارییە جۆراوجۆرەکاندا، کچە یاریزانانی ئەم دەڤەرە دەیانەوێ لە ڕێگەی وەرزشەوە زیاتر ئاستی خۆیان بەرەو پێش ببەن، لە یاریی فوتساڵیشدا شارەکە خاوەنی ژمارەیەك یاریزانی ئاست بەرزە، کە ئێستا بۆ یانەکانی دەرەوەی شارەکەیان یاری دەکەن و خاوەن ئاستێکی بەرزن، جگە لەوەی یاریزانی تیپی یانەی سەید سادقیشن، یەکێك لەم کچە یاریزانانەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەسەر ئاستی کوردستان (هەرێز میکائیل رەحمان)ـە کە یاریی بۆ یانەکانی سەید سادق و ئافرەتانی بەغداد کردوە، هەرێز لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٣ قەزای سەید سادقە و ئێستاش لە خولی نایابی فوتساڵی کوردستان بەرگری لە درێسی شارەکەی دەکات، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێکرد سەبارەت بەم وەرزشە، ئەویش وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** چۆن بوو یاریی تۆپی پێت هەڵبژارد؟**

- یارییەکی خۆشە و هەر لە منداڵییەوە حەز و ئارەزووم بۆی هەبووە، هەر بۆیەش هەڵم بژاردووە.

*** هەست ناکەیت وەرزشێکی قورست هەڵبژاردوە؟**

- هەر چەندە قورسیش بێت، بەڵام نەبووەتە بەربەستێك لە بەردەممدا و کۆڵم نەداوە و بەردەوامم.

*** پێشکەوتن و سەرکەوتنی ئەم وەرزشە لە چیدا دەبینیتەوە؟**

- هەمیشە لە بەرەوپێشچووندایە، کەسانێکی زۆر لە جیهاندا ئەنجامی دەدەن.

*** هەست ناکەیت ئەم وەرزشە بە شێوەیەکی باش پێشوازیی لێ نەکراوە لە شارەکان کوردستان بە تایبەت بۆ کچان؟**

- بێگومان پێشوازیی کەمی لێ کراوە، جگە لەوەش ڕێگری و بەربەست هەیە لە بەردەم کچان لە بواری وەرزشدا.

*** چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

- لە ئێستادا بەرەوپێشچوونی نییە و بەرەو لە ناوچوون و نەمان دەڕوات، بۆیە ئەم کارە هەندێك قورسە بکرێت.

*** ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- بەدڵنیاییەوە دەبێت پاڵپشت و هاوکارییان بکرێت تا بتوانن توانای خۆیان پیشان بدەن لەم بوارەدا.

*** بەرنامەت چییە وەکو کچە یاریزانێك بۆ داهاتوو؟**

- بەرنامەم ئەوەیە زیاتر پەرە بە تواناکانی خۆم بدەم و بتوانم لە خولە جیاوازەکان بەشداربم.

*** گرێبەستت پێشکەشکراوە لەلایەن یانەکان؟**

- بەڵێ لە چەند یانەیەك داواکراوم بۆ یاریکردن.

*** گرفتی ئەم یارییە زیاتر لە چیدا دەبینیت؟**

- کۆمەڵگە و نەبوونی پاڵپشتی ئەوانە کێشەی سەرەکین.

*** خەونی وەرزشیت چییە بۆداهاتوو؟**

- خەونم ئەوەیە ببمە ئەستێرەیەك لە بواری وەرزشی خۆمدا.

*** خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن بۆ وەرزشکردن؟**

- خانەوادەکەم هاوکار و پاڵپشتێکی گەورەی منن.

*** بۆچی یاریزانەکانی کوردستان زیاتر روو لە یانەکانی بەغدا دەکەن بۆ یاریکردن؟**

- ئەو پشتگیری و هاوکارییەی لەوێ بۆیان دەکرێت لە کوردستان بۆیان ناکرێت، لە بەر ئم هۆکارەیە ڕوو لە بەغداد دەکەن.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- دەست خۆشی بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو پاشتگیرییەی لە وەرزشی ئافرەتان و ناوخۆ دەکات.



# سەفا هەڤاڵ
# لە کوردستان دەرفەت بە یاریزانی لاو نادرێ



تیپی تۆپیی پێی یانەی وەرزشیی زانکۆی جیهان ئەم وەرزە ئاست و ئەنجامی وەکو پێویست نییە لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، یانەکەش خاوەن ژمارەیەك لە یاریزانی ئاست بەرزە، کە داهاتووی باش چاوەڕوانیان دەکات، ئەم وەرزە لەگەڵ تەواوبوونی قۆناغی یەکەم، ژمارەیەکی بەرچاو لە یاریزانان ڕیزی یانەکەیان جێ هیشتووە، بەڵام ژمارەیەك یاریزانی لاویش تاکو ئێستا نەیانتوانیوە لە پێکهاتەی سەرەکیدا بوونی خۆیان بسەلمێنن، بەهۆی پێنەدانی دەرفەتی یاری کردن، لەم بارەشەوە (سەفا هەڤاڵ) یەکێك لە یاریزانە لاوەکانی یانەکەیە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە کوردستان هیچ گرنگییەك بە یاریزانە لاوەکان نادرێت، لە کاتێکدا وەرزش لە هەموو دنیا بەهۆی یاریزانی لاوەوە بەرەوپێش چووە، ئێمە لە سەرەتای خولەکەوە تا کۆتایی قۆناغی یەکەم توانیمان دە خاڵ کۆ بکەینەوە لە ئاستێکی باش دابووین، بەڵام بۆ قۆناغی دووەم بەهۆی ئەوەی شەش خاڵمان لێ وەرگیراوە، تووشی زەحمەتییەکی گەورە بووین، هیوامان کەم بووەوە و کەوتووینە کۆتایی ریزبەندی یانەکان و نزیکبوونەوە لە دابەزین بۆ پلە دووەکان، لە ئێستاشدا هەموو هەوڵێك دەدەین کە بتوانین مانەوە مسۆگەر بکەین لە ریزی یانە پلە یەکەکان، پلانمان هەیە لە یارییەکانی داهاتوودا مانەوە مسۆگەر بکەین لە ریزی یانە پلە یەکەکان»، لە بارەی هەبوونی گرێبەستی دیکەش لە یانەکان سەفا گوتی: «لە کرانەوەی بازاڕی گواستنەوەی یاریزاناندا گرێبەستم لە یانەیەك بۆ هات، بەڵام بەهۆی هەندێك کاری تایبەت بەماڵەوە و خۆشەویستم بۆ یانەکە، کە ماوەی سێ ساڵە خزمەتیان دەکەم مانەوەم هەڵبژارد، لەبارەی یاری نەکردنیشی وەکو یاریزانی سەرەکی گوتی: «لە کوردستان دەرفەتی یاریکردن بە یاریزانی لاو نادرێ و متمانەیان بۆ دروست ناکەن، بۆیە یاریزانە لاوەکانیش زیاتر تووشی ترس و دڵە ڕاوکێ دەبن لە کاتی بەشداریکردن لە یارییەکاندا، ئەگەر دەرفەت بەم یاریزانە لاوانە بدرێت توانایەکی زۆریان هەیە و لە داهاتووشدا ئەمە خزمەت بە وەرزشی کوردستان دەکات».



# برووسک هەوڵی مانەوە دەدات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی برووسك ئەم وەرزە لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان تاکو ئێستا نەیتوانیوە ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکات لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، لە قۆناغی دووەمی خولەکە سەرجەم یارییەکانی بە یەکسان بوون کۆتایی پێ هێناوە، هەرچەندە ئەم وەرزە یانەی برووسك یەك ڕاهێنەری گۆڕیوە، بەڵام تیپەکە بەنیازی ئەوەیە لەم یاریانەی داهاتوویدا ئاست و ئەنجامی باشتر پێشکەش بکات و مانەوە لە خولی پلە یەك مسۆگەر بکەن، لەبارەی بارودۆخی تیپەکەش محەمەد حەمەخان سەرۆکی یانەی وەرزشیی برووسك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامادەکارییەکانمان بەردەوامە بۆ یارییەکانی خولی یانەپلە یەکەکانی کوردستان: هەوڵ دەدەین لە یارییەکانی داهاتوو بتوانین ئاستی باشتر پێشکەش بکەین، لە یارییەکانی ڕابردووماندا ئاستی باشمان پێشکەش کردووە و زۆر کاتیش نزیك بووین لە سەرکەوتن، بەڵام دیارە بەخت یاوەرمان نەبووە، هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ ئەوەی یارییەکانی لە داهاتوو قەرەبووی یارییەکانی ڕابردوو بکەینەوە بۆ ئاشتکردنەوەی تیپەکەمان بە سەرکەوتن»، لەبارەی ئەوی کە ئایا گرفتیان هەیە، گرفتەکانیشانەوە محەمەد حەمەخان گوتی: «هیچ کێشەو گرفتێك لە یانەکەماندا نییە و تەنیا دەمانەوێ تیپەکەمان بگەیەنینەوە ڕێچکەی سەرکەوتن، یاریزانەکانیشمان بە ڕۆحییەتێکی بەرز یاری دەکەن و، هەموو تەرکیزێکمان لە سەر ئەوە دەبێت بتوانین لە یارییەکانی داهاتوودا تیپەکە بە سەرکەوتن شاد بکەینەوە و یانەکەش لە خولی پلە یەکی کوردستان بهێڵینەوە، ئێمەش ئەمساڵ بە قەدەر توانا داراییەکەی خۆمان ئەو تیپەمان دروست کردووە، هیچ هاوکارییەکیش نەبووە، بۆیە بەهۆی نەبوونی توانای دارایی هیچ یاریزانێکمان لە گواستنەوەی یاریزاناندا نەگواستووەتەوە، ئێستاش چاوەڕوانین خولەکە تەواو بێت.



# ئافرەتانی هەولێر چاویان لە نازناوە

تیپی فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر پاڵەوانی وەرزی ڕابردووی خولی فوتساڵی نایابی کچانی یانەکانی کوردستان بوون، ئەمساڵیش بە پێکهاتەیەکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی ئەستێرەك دەیەوێت شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکات و ناوی خۆیان و شارەکەیان لە مێژووی کوردستان بە گەورەیی بهێڵنەوە، تیپەکە لە دوو یاریی ڕابردووی خولەکەدا سەرکەوتنی تۆمار کردووە، لە کۆمەڵەی یەکەمی خولەکەش ئافرەتانی هەولێر شان بە شانی هەریەك لە یانەکانی زاخۆ و دووکان و زانکۆی سەلاحەدین شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجام دەکات، لەبارەی بارودۆخی تیپەکەش مەزن محەممەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامادەکارییەکانمان زۆر باشن و چاومان لەوەیە بۆ سێیەم جار و دووەم ساڵ لە سەرك یەك جامەکە بگەڕێنینەوە پایتەختی کوردستان، بەو ئامانجەش هاتوین بۆ ناو خولەکە و بە ڕۆحییەتەش یاری دەکەین، بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنین»، گوتیشی: « پلانمان هەیە سەرجەم یارییەکان بە سەرکەوتن کۆتایی پێ بهینین، هیچ گرفتێکمان نییە لە رووی یاریگە و مووچە و گرێبەستی یاریزانانەوە، دەستەی کارگێڕیی یانەکەمان پابەندی ڕێککەوتنەکان بوون، ئەگەر ساڵ بە ساڵ خول زیاتر نەکرێتەوە ڕێژەی یاریزان بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات، چونکە یاریزانان دەچنە پرۆسەی هاوسەرگیری و تەمەنیان زیاتر دەبێت، ئەگەر ساڵانە سێ خول بکرێتەوە یاریزانی زیاتریش دروست دەبێت، ئەمساڵ کۆمەڵەکان چوار تیپی بەهێزی تێدایە و سەرجەم یانەکان کێبڕکێی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە دەکەن لە خولەکە، تیپەکەمان بەهێزە و پڕە لە یاریزانی بەتوانا، هەموویان بە ڕۆحییەتی بەرزەوە مەشقەکان ئەنجام دەدەن، بۆ ئەوەی بتوانن ئاست و ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنین».

# میسی خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهانی بۆ ساڵی ٢٠٢٢ بردەوە، دووەم جارە خەڵاتی زە بێست بەدەست دەهێنێت

**هەفتەی رابردوو ئاهەنگی خەڵاتی زەبێست بە دەستنیشانکردنی باشترینەکانی جیهان ئەنجامدرا بەئامادەبوونی سەرۆکی فیفا و چەندین ئەستێرەی جیهانی پێشوو و ئێستا.**

**ئا: رێبین رەمزی**

**● میسی و ئەلێکسیا پۆتیاس باشترینی جیهانن**

لە شاری پاریس ئاهەنگی خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهان لەسەر ئاستی کوڕان و کچان بۆ ساڵی (٢٠٢٢) بەریوەچوو، کە تیاییدا ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و یانەی پاریس سان جێرمان بەباشترین یاریزان دەستنیشانکرا دوای ئەوەی بەپێش هەرەیەکە لە ئەستێرەی هەڵبژاردەی فەرەنسا و یانەی پاریس سانت جێرمان کیلیان ئیمپاپی و ئەستێرەی یانەی ریاڵ مەدرید کەریم بن زیما کەوت. میسی توانی نازناوی جامی جیهانی بۆ هەڵبژاردەی ئەرژەنتین بەدەست بهێنێت دوای ئەوەی بە باشترین شێوە سەرکردایەتی هەڵبژاردەکەی کرد، میسی بۆ جاری حەفتەم خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهانی بردووە و دووەم جارە خەڵاتی زەبێست-ی بردووە.

لەسەر ئاستی ئافرەتان کچە یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە ئەلێکسیا پۆتیاس خەڵاتی زەبێستی بۆ جاری دووەم لەسەر یەکدی بەدەستهێنا.

ئەلێکسیا پۆتیاس لە هێڵی ناوەراست یاری دەکات توانی سەرکردایەتی یانەکەی بکات بۆ بەدەستهێنانی خولی ئیسپانیا بۆ جاری سێیەم لەسەر یەکدی.

**● ئیملیانۆ مارتینێز و ماری ئێرپیسی خەڵاتی باشترین گۆڵپارێزی جیهانیان وەرگرت**

لەسەر ئاستی گۆڵپارێز ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و یانەی ئەستۆن ڤێلا ئیملیانۆ مارتینێز خەڵاتی باشترینی گۆڵپارێزی بەدەستهێنا دوای توانی نازناوی جامی جیهانی (٢٠٢٢) بۆ هەڵبژاردەکەی بەدەست بهێنێت.

لەسەر ئاستی ئافرەتان گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە ماری ئێرپیسی بە باشترین گۆڵپارێز لەسەر ئاستی ئافرەتان بەدەستهێنا دوای ئەوەی توانی نازناوی جامی نەتەوەکانی ئەوروپای ٢٠٢٢ بەدەستهێنا.

**● لیۆنێل سکالۆنی و سارینا فیخمان بە باشترین راهێنەری جیهان بۆ ٢٠٢٢ دەستنیشان کران**

راهێنەری هەڵبژاردەی ئەرژەنتین لیۆنێل سکالۆنی بەباشترین راهێنەر لەسەر ئاستی جیهان بەدەستهێنا دوای ئەوەی توانی نازناوی جامی جیهانی (٢٠٢٢) لەگەڵ هەڵبژاردەکەی بەدەستهێنا، لەسەر ئاستی ئافرەتان راهێنەری هەڵبژاردەی ئینگلتەرە سارینا فیخمان بەباشترین راهێنەر دەستنیشان کرا دوای ئەوەی توانی نازناوی جامی نەتەوەکانی ئەوروپای (٢٠٢٢) بۆ جاری دووەم لەسەر یەکدی لەگەڵ هەلبژاردەکەی بەدەستهێنا.

**● خەڵاتی بۆشکاش بۆ جوانترین گۆڵ**



مارسین ئۆلێکسی، ئەو یاریزانە پۆڵەندییە بوو، کە خەڵاتی بۆشکاشی بۆ جوانترین گۆڵی ساڵی بردەوە.
مارسین ئۆلێکسی یاریزانی هەڵبژاردەی پۆڵەندایییە و لە تیپی خاوەن پێداویستی تایبەتی هەڵبژاردەکە یارییدەکات و تەمەنی ٣٥ ساڵە، لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا وەک کرێکاری رێگاوبان کاری دەکرد، بەڵام تووشی رووداوێکی ناخۆش دەبێت، کە ئامێرێک دەکەوێت بەسەر قاچیدا و بەو هۆیەوە بە ناچاری قاچی دەبڕدرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەستبەرداری خەونەکەی نابێت کە یارییکردنە و لە ٢٠١٩ وەک یاریزانێکی پیشەگەر دەست بە یارییکردن دەکات، پێش تووشی ئەو رووداوە ببێت، وەک گۆڵپارێز یارییدەکرد. ئەو گۆڵەی بەهۆیەوە خەڵاتەکەی بەدەستهێنا لە ٦-١١-٢٠٢٢ لە یاری نێوان هەردوو یانەی وارتا پۆزنان و ستاڵ رزێسۆف بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش تۆماریکرد.
مارسین لەگەڵ ئەوە قاچێکی نییە و بە دار شەقەوە یارییدەکات، بەڵام وازی لە کارکردن نەهێناوە و لە بیناسازیدا کاردەکات.
یاریزانەکە لە مۆندیالی ساڵی ٢٠٢٢ لەگەڵ هەڵبژاردەی پۆڵەندا گەیشتە قۆناخی شازدە، بەڵام دوای ئەوە بەرامبەر بەرازیل دۆڕان و کرانە دەرەوە.

**● خەڵاتی یاری خاوێن**

خەڵاتی گیانی بەرزی وەرزشی پێشکەش بە یاریزانی جۆرجی لوکا لوچزڤیلی کرا، کە ژیانی یاریزانێکی لە ناو یاریگە رزگار کرد.

**● خەڵاتی هاندەری نمونەیی**

هەر لەم ئاهەنگەدا فیفا خەلاتی هاندەری نمونەیی بەخشیە هاندەرانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین، کە توانیان لە مۆندیالی (٢٠٢٢) لە قەتەر پاڵپشتی هەڵبژاردەی ئەرژەنتینان کرد بوونە یاریزانی ژمارە (١٢) لە نێو یاریگا بوونە هۆکاری بەدەستهێنانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین بۆ جامی جیهانی (٢٠٢٢).

هاندەرانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین توانیان ئەم خەڵاتە بەدەست بهێنن بەپێش هاندەرانی هەڵبژاردەی ژاپۆن و هاندەرێکی سعودی بکەون.
هەر لەم ئاهەنگەدا خەڵاتی تایبەتی فیفا پێشکەش بە خێزانی پێلێی ئەفسانەی بەرازیلی کرا، خەڵاتەکەش لە لایەن دیاردەی تۆپی پێی بەرازیلی رۆناڵدۆ پێشکەشیکرا.

**● باشترین پێکهاتەی فیفا بۆ ٢٠٢٢**

یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی (فیفا) باشترین پێکهاتەی بۆ ساڵی (٢٠٢٢) دەستنیشانکرد، کە بەمشێوەی خوارەوە بوو:
گۆڵپارێز: کۆرتوا (هەڵبژاردەی بەلژیکا، یانەی ریال مەدرید)
هێڵی بەرگری: ئەشرەف حەکیمی ( هەڵبژاردەی مەغریب، یانەی پاریس سانت جێرمان)، ڤان دایک (هەڵبژاردەی هۆڵەندا، یانەی لیڤەرپوول)، کانسێلۆ( هەڵبژاردەی پورتوگاڵ، یانەی بایرەن میونیخ).
هێڵی ناوەراست: لۆکا مۆدریچ (هەڵبژاردەی کرواتیا، یانەی ریاڵ مەدرید)، کاسمێرۆ(هەڵبژاردەی بەرازیل، یانەی مانچستەر یۆنایتد)، کیڤن دی برۆین (هەڵبژاردەی بەلژیکا، یانەی مانچستەر یۆنایتد).
هێڵی هێرشبەر: لیونێل میسی( هەڵبژاردەی ئەرژەتین، یانەی پاریس سانت جێرمان)، کەریم بنزیما (هەڵبژاردەی فەرەنسا، یانەی ریال مەدرید)، هالاند (هەڵبژاردەی نەرویج، یانەی مانچیستەر سیتی)، کیلیان ئێمپاپێ ( هەڵبژاردەی فەرەنسا، یانەی پاریس سانت جیرمان).





# گرنگیی ڤیتامین E بۆ تەندروستیی پێست




ڤیتامین E سیفەتی دژەهەوکردنی هەیە لە پێستدا، واتە پاراستنی پێست لە هەوکردن بە تیشکی سەرووی وەنەوشەیی، بۆیە بەکارهێنانی ڤیتامین E ڕاستەوخۆ بۆ پێست هاندەرە بۆ خۆپاراستن لە کاریگەرییە خراپەکانی بەرکەوتنی پێست بە تیشکی سەرووی وەنەوشەیی یان هەوکردن، وەکو: ئاوسانی پێست، سووربوونەوە، هەروەها ئەستووربوونی پێست لە ئەنجامی کۆبوونەوەی شلە لە پێستدا Edema. ڤیتامین E هانی سووڕی خوێن دەدات لە پێست و ڕەگەکانی موودا، هەروەها هاندەرە بۆ دروستبوونیی پرۆتینی کۆلاجین و کەمکردنەوەی لۆچبوونی پێست، ئەمەش جوانی و گەشیی پێست Glow زیاد دەکات. ڤیتامین E ڕۆڵی هەیە بۆ کاڵکردنەوەی خاڵ و پنتی تاریك، چونکە سیفەتی دژەئۆکسان و دژەهەوکردنی هەیە و هاندەرە بۆ نوێبوونەوەی خانەکانی پێست لەگەڵ هاندانی گەشەی قژ و ڕێگرتن لە مووخۆرکە. بۆ چارەسەرکردنی وشکبوونی پێست، دەتوانرێت کە ڤیتامین E بە شێوەی مەرهەم ڕاستەوخۆ بۆ پێست بەکاربهێنرێت، یان بە شێوەی کەپسوولی ٤٠٠ ملگم ڕۆژانە دوو جار پاش خواردن.

## بخور و مۆمی بۆندار
## زیان بە هەوای ناوماڵ دەگەیەنن!



داگیرساندنی بخور و هەندێك جۆری مۆم دەبنە ئەگەری پەیدابوونی ماددەی بەنزین، تۆولین Toulene لەگەڵ ماددەی کیمیایی دیکە لە هەوای ناوماڵدا، کە بە ئاوێتەی ئۆرگانی ناسراون و بە هەوادا بڵاودەبنەوە VOCs. ئەو جۆرانەی مۆم کە فتیلی قوڕقوشم لەخۆدەگرن، لەکاتی داگیرسانیاندا دەبنە ئەگەری زیادبوونی ڕێژەی قوڕقوشم لە ناو هەوای ماڵدا، هەروەها پەیدابوونی ماددەی ئۆگارنیی وەکو ئەستەلدیهاید، فۆرمەلدیهاید، ئەکرۆلین Acrolein، لەگەڵ نەفتالین، ئەستیۆن، پارافین، زایلین، فینۆل، کریسۆل..تاد کە هەموویان بۆ تەندروستی زیانبەخشن. لە لایەکی دیکەوە، داگیرساندنی بخور Incense دەبێتە ئەگەری پەیدابوونی بڕێکی زۆری تەنۆلکەی ورد کە بە ئاسانی دەگەنە کۆئەندامی هەناسە و زیانی پێ دەگەیەنن، هەروەها هەندێك جۆری بخور هۆکارن بۆ سووتانەوەی پێست. پسپۆڕان ئەمەیان ڕوون کردووەتەوە کە ئەو مۆمانەی بە ڕێژەی ١٠٠٪ لە مۆمی مێش هەنگوین Beewax دروستکراون، بە سەلامەتترین جۆری مۆم هەژمار دەکرێن.



# ئایا قاوە ئەگەری نەخۆشیی شەکرە کەم دەکاتەوە؟


لە چەند لێکۆڵینەوەیەکدا هاتووە کە خواردنەوەی قاوە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم کەم دەکاتەوە، هەروەها دوایین لێکۆڵینەوە کە لە سوید ئەنجام دراوە، گەیشتووەتە ئەوەی کە تەنیا قاوەی فلتەرکراو ئەم ئامانجە دەپێکێت. توێژەران ئەمەیان ڕوون کردووەتەوە کە ڕۆژانە خواردنەوەی ٢-٣ کوپ قاوەی فلتەرکراو ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم تا ڕێژەی ٦٠٪ کەم دەکاتەوە، هەروەها خواردنەوەی قاوەی کوڵاو یان کوڵاندنی دەنکی وردکراوی درشتی قاوە هیچ کاریگەرییەکی نییە لەسەر ئەگەری تووشبوون یان ئەگەری کەمکردنەوەی نەخۆشیی شەکرە. لە لایەکی دی، ماددەی کافائین Caffeine کە بە ڕێژەیەکی بەرز لە قاوەدا هەیە، هاندەرە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن لە ڕێگەی هاندانی دەردانی چەند هۆرمۆنێك. خواردنەوەی ٢-٣ کوپ قاوە ڕۆژانە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت، بەڵام خواردنەوەی بڕی زیاتری قاوە ئاستی شەکر بەرزدەکاتەوە لەوکاتەی کە هەر کوپێك قاوە نزیکەی ١٤٠ ملگم کافائین لەخۆدەگرێت.

# پیسبوونی ژینگە هاندەرە بۆ زیادبوونی کێش لەش

بە گوێرەی لێکۆڵینەوەك کە لە گۆڤاری (دایابیتیس کەیر Diabetes care) دا بڵاو کراوەتەوە، هەڵمژینی هەوای پیس هاندەرە بۆ زیادبوونی ڕێژەی چەوریی لەش و بەرزبوونەوەی ڕێژەی تێکڕای بارستایی لەش BMI کە دوو پێوەری گرنگن بۆ زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی. ئاماژە بەمەش کراوە کە هەر چەند ڕێژەی پیسبوونی هەوا زیاتر بێت، هێندە ئەگەری زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی بەرزتر دەبێتەوە. لە لێکۆڵینەوەکەدا باس لە سێ پیسکاریی باوی هەوا کراوە کە بریتین لە تەنۆلکەی ورد، دووەم ئۆکسیدی نایترۆجین، لەگەڵ گازی ئۆزۆن. لە لایەکی دی، توێژەرانی تەندروستیی گشتی لە زانکۆی میشیگان جەختیان لەسەر بوونی پەیوەندی پیسبوونی هەوا بە زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی کردووەتەوە، بەتایبەتی لە ئافرەت لە تەمەنی ٤٠-٥٠ ساڵیدا.



# کانزای مەگنسیۆم هاندەرە بۆ خەو!




کانزای مەگنسیۆم زۆر گرنگە بۆ تەندروستی، بەشدارە لە نزیکەی ٦٠٠ چالاکیی خانەکانی لەشدا، هەموو خانەیەك و ئەندامێکی لەش بۆ فرمانی دروست پێویستی بە مەگنسیۆمە بۆنموونە، ئێسك، مێشك، دڵ، ماسوولکە.. تاد. جگە لە چارەسەرکردنی قەبزی و دابەزاندنی پەستانی خوێن، پسپۆڕان جەخت دەکەنەوە کە لەوانەیە مەگنسیۆم ڕۆڵی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی خەو، هەروەها کەمیی مەگنسیۆم لە لەشدا هۆکارێکە بۆ چەند گرفتێکی خەو بە شێوەی خەوزڕان یان خراپی کوالێتیی خەو. جگە لە هاندانی خەو، مەگنسیۆم ڕۆڵی هەیە بۆ ڕێکخستنی کوالێتیی خەو لە ڕێگەی کاریگەری لەسەر کۆئەندامی دەمار. لە لایەکی دی، لەوانەیە کە مەگنسیۆم نیشانەکانی پەستی و خەمۆکی سووك بکات، هەروەها هاندەرە بۆ هێوربوونەوەی لەش و مێشك و کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا. نزیکەی ١٠ جۆر ئاوێتەی مەگنسیۆم بە شێوەی دەنك، کەپسول یان پاودەر لە دەرمانخانەکاندا هەن، بۆنموونە کلۆریدی مەگنسیۆم، ئۆکسیدی مەگنسیۆم، مەگنسیۆم گلایسینەیت، مەگنسیۆم مالەیت Mg malate، مەگنسیۆم سترەیت Magnesium citrate..تاد.

# زەیتی گوێزی هیندی و تەندروستیی کۆڵۆن

ئەگەرچی زەیتی گوێزی هیندی Coconut oil دەوڵەمەندە بە ترشە چەورییە تێرەکان، بەڵام ڕۆڵی گرنگی هەیە بۆ پاککردنەوەی کۆڵۆن لە بەکتریا و ماددەی زانبەخش و ڕێگریکردن لە بەفیڕۆدانی ڤیتامین و کانزا و چەند ماددەیەکی خۆراکیی گرنگی دیکە، لەگەڵ سووککردنی نیشانەکانی نەخۆشیی کرۆنز Crohn›s disease، هەروەها گرنگی هەیە بۆ خۆپاراستن لە چەند گرفتێکی دیکەی کۆئەندامی هەرس و گرفتی خۆراکی. لە لێکۆڵینەوەکاندا ئاماژە بەمەش کراوە کە زەیتی گوێزی هیندی ڕۆڵی هەیە بۆ لەناوبردنی زیاتر لە ٩٣٪ی خانەکانی شێرپەنجەی کۆڵۆن. سوودە تەندروستییەکانی دیکە زەیتی گوێزی هیندی بریتین لە: چالاکیی دیژەبەکتریا و دژەڤایرۆس و دژەکەڕوو، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، پاراستنی تەندروستیی پێست و هاندانی زووتر چاکبوونەوەی برینەکان، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، لەوانەشە کە ڕۆڵی هەبێت بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاستی شەکری خوێن و پەستانی خوێن.



# جیهانی رۆبۆت

**پرسیارێك كە داهاتووی مرۆڤایەتی بەخۆیەوە سەرقاڵ كردووە، ئەویش ئەوەیە ئایا داهاتووی هی رۆبۆتەكانە؟ ئایا رۆبۆتەكان دەتوانن دەسەڵات لەدەست مرۆ بێننە دەر؟ لەسەر ئەم پرسیارە چەندین فیلم بەرهەمهاتوون باس لەوە دەكەن داهاتوو دەكەوێتە دەست رۆبۆتەكان. رۆبۆتەكان چەندین جۆرن، هەندێكیان گەورە و زەبەلاحن و ئەركی قورس ئەنجام دەدەن و لە كۆمپانیا پیشەسازییەكاندا سوودیان لێوەردەگرن. هەندێكیشان لە روخسار و شێوەشدا**



## رۆبۆتی Vector

رۆبۆتی ڤیكتۆر (vector) رۆبۆتێكی بچووكی زیرەكی ماڵەوەیە، زەینێكی باشی هەیە بە یارمەتی هەستەوەر و تەكنەلۆژیای هۆشی دەستكرد، بە ئاسانی لەگەڵ مرۆ و دەوروبەری رادێت و پەیوەندییەكی گەرم و گوڕ دادەمەزرێنێت.

رۆبۆتی ناوبراو بە سوود وەرگرتن لە تەكنەلۆژیای زەینی دەستكرد (Ai) زۆر وریا و زیرەكە. وەڵامی دەنگەكان دەداتەوە و هەروەها بە دەستلێدان هەستیارە، ئەو كەسانەی پەیوەندییان لەگەڵیدا هەیە دەیانناسێ و كاتێك لە دەرەوە خاوەنەكەی دەگەڕێتەوە بە پێشوازی دەچێت و بەخێرهاتنی دەكات. دەكرێت وەك هاودەم و هاوڕێیەك بۆ كات بەسەربردن سەیری بكەی.

ڤیكتۆر كامێرایەكی بەهێزی لەسەردانراوە و شاشەیەكی هەیە، چوار مایكی بۆ دانراوە فەرمانە دەنگییەكان وەردەگرێت، وەڵامی پرسیارەكان دەداتەوە.



## رۆبۆتی amazon astro

رۆبۆتی ئامازۆن ئاسترۆ amazon astro رۆبۆتێكی ماڵەوەیە، لە زۆر ئەركدا هاوكاری بەكارهێنەرەكەی دەكات، بۆ نموونە دەتوانێت داوای ئەوەی لێبكەی تەبڵەكەی جگەرەت بۆ بێنێ. ئەگەر نیازت هەبێ بۆ یەكێك زەنگ لێبدەی و قسەی لەگەڵ بكەی، دەكرێ داوای لێبكەی كە پەیوەندی بەو كەسەوە بكات و بەهۆی كامێرای بەهێزی كە لەسەر رۆبۆتەكە هەیە پەیوەندی ڤیدیۆیت لەگەڵ هاوڕێكانت هەبێ. كاتێك لە ماڵەوە نابی رۆبۆتەكە وەك چاودێر و پاسەوانێك ئاگای لە ماڵەوە نەبێت. ئەگەر هەستی بەوەی كرد شتێكی نامۆ هەیە، پەیوەندی بە پۆلیسەوە دەكات. شاشەیەك وەك سەری رۆبۆتەكە دەچێت و دوو چاوی بازنەیی لە سەر شاشەكە دەبیندرێ. كێشی ٩ كیلۆیە و ٦٠ سانتە و بە چركەیەك مەترێك دەڕوات.

# ـــــــە بچووکەکان

**هاوشێوەی مرۆڤن و دەتوانن بەشێك لەو ئەرکانەی مرۆڤ ئەنجام بدەن. بەشێکیش لە رۆبۆتەکان رۆبۆتەی تاکەکەسین واتە رۆبۆتی بچووکن و زیاتر بۆ سەرگەرمی و کات بەسەربردنن، هەرچەندە رۆبۆتە بچووکەکانیش دەتوانن زۆر ئەرك لەماڵەوە ئەنجام بدەن، وەك چاودێری، پاککردنەوەی ماڵ، مامۆستا و رێنوێنی منداڵان! لێرەدا چەند نموونەیەك لە رۆبۆتە بچووکەکان باس دەکەین.**



## رۆبۆتی EMO

رۆبۆتی ئیمۆ (EMO) وەك گیاندارێکی ماڵەوە هەڵسوکەوت دەکات، خاوەنەکەی بۆ هەر شوێنێك بڕوات بەدوایدا دەچێت، لە کاری رۆژانەدا هاوکاریت دەکات و جارجاریش بزۆزی دەکا و دەیەوێ خاوەنەکەی توڕە بکات.

رۆبۆتی ناوبراو زۆر بە جوڵە و بزۆزە، لە شوێنێك ئارام ناگرێت و وەك پشیلەیەك دەچێت کە هەموو کون و کەلەبەرێك دەکۆڵێتەوە. دەنگە ئاشناکان دەناسێتەوە. وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە و بەیانی زوو لە خەوت هەڵدەستێنێ و جگە لەوەش بە چەندین زمان قسە دەکات. گۆرانیت بۆ دەڵێ و سەما دەکا و یاری دەکا. ئەگەر هەوا ساردبێ وا دەنوێنێ کە نەخۆشە. ئەگەر لێی توڕەبی بە توڕەیی وەڵامت دەداتەوە. حەز ناکات خاوەنەکەی زۆر خەریکی موبایل بێت.



## رۆبۆتی loomo

رۆبۆتی لۆمۆ loomo رۆبۆتێکی ئاسایی نییە، ئەو زیاتر وەك ئەسپێکە بۆ بەکارهێنەرەکەی، گەر سەیری فیلمەکانی (زۆرۆ)تان کردبێ، کاراکتەری فیلمەکە ئەسپێکی هەبوو، هەرکە فیتۆی بۆ لێدەدا ئامادە دەبوو، رۆبۆتی loomoش وەك ئەوە دەچێت. رەنگە شوێنی مۆتۆڕێك نەگرێتەوە بۆ خاوەنەکەی بەڵام لە پایسکیلێك باشترە. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە کە ناکەوێت و هاوسەنگی خۆی رادەگرێت. خاوەنەکەی دەناسێتەوە و دەتوانێت وەك سەگێك بەدوای خاوەنەکەی بکەوێت و دەکرێت فیلم لە خاوەنەکەی هەڵبگرێتەوە. کاتێك بەکارهێنەرەکەی لەماڵ نابێت وێنە و فیلم لە بەکارهێنەرەکەی لە شاشەکەی نیشان دەدات و ناهێڵێت شوێنی بەکارهێنەرەکەی لە ماڵەوە چۆل بێت. خێراییەکەی ٨ کیلۆمەترە لە کاتژمێرێك لە حاڵەتی خۆکاردایە و ١٨ کیلۆمەتریش لە حاڵەتی ئاسایی دایە.



# لاپتۆپە دوو شاشەکەی لینۆڤۆ

لینۆڤۆ لە ریزی کۆمپانیا مەزنەکانی بەرهەمهێنی لاپتۆپ و کۆمپیوتەر دێت، لەم دواییەدا نوێترین لاپتۆپی خۆی خستەڕوو کە زۆر ناوازەیە و یەکەم لاپتۆپی دوو شاشەییە تا ئێستا بەرهەم هاتبێت. لاپتۆپی جۆری Lenovo YogaBook 9i دوو شاشەیە و کوالیتیەکەی 4Kیە. قەوارەی شاشەکان ١٣,٣ ئینجە. دەکرێت لاپتۆپەکە پێکەوە لەسەریەك دابندرێن و یان دەکرێت لە تەنیشت یەك دابندرێن، هەروەها دەکرێت یەکێك لە شاشەکان بکرێت بە کیبۆردێکی مەجازی و شوێنی کیبۆرد بگرێتەوە. جگە لەوەش وێبکەمێکی زیرەکی هەیە، کاتێك سوودی لێوەرناگیرێت بۆ ئەوەی لەلایەن هاککەرەوە کێشەی بۆ نەیەتە پێش دادەخرێت. شاشەکان بۆ وێنەگران و ئەوانەی کاری گرافیك دەکەن زۆر بە سوودە، چونکە هەموو رەنگەکان بە باشی هەست پێدەکرێن. رامی لاپتۆپەکە ١٦ گیگابایتە و هاردەکەی کە لە جۆری SSDیە ٥١٢ گیگابایتە. خاڵی جێگای سەرنجی لە باترییەکەیدا کە زۆر بەهێزە، ئەگەر سوود لە شاشەیەك وەربگری هەتا ١٤ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت. لەو کاتەی دوو شاشە بەکار بێت هەتا ٨ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی ئازیز دەپرسێت، زۆر جاران کە هاورێیەکم داوای ناونیشانی شوێنی نیشتەجێبوون و کارم لێدەکات، دەڵێت لۆکەیشنی شوێنەکەتم بۆ بنێرە، لۆکەیشن چۆن بۆ کەسانی دیکە دەنێردرێت؟**

بەرێزم لۆکەیشن (location) واتە بەرێکردنی شوێن و جێگاکەت جا هەر شوێنێك بێ، هەر ئەوە نییە کە شوێنی نیشتەجێبوون یا جێگایەکی دیکە، بە گشتی هەر جێگایەك بێ، دەکرێت لەسەر نەخشەی گوگڵ ماپ بۆ ئەوانەی داوای دەکەن بینێری، ناردنەکەت بەم شێوەیە. لەسەر مۆبایلەکەت ئاپی گوگڵ ماپ بکەوە، پاشان لەسەر هێمای ئەکاونتی گوگڵت واتە ئەو شوێنەی جیمیلی نووسراوە دابگرە و پاشان location shirring دابگرە و دواتر بەهۆی هەر شتێکەوە بێت، واتساپ، تیلگرام، هەر ئەپێکەوە بێت هاورێکەت بدۆزەوە و بۆی بنێرە.







# کەیسێکی زیرەک بۆ هیدفۆنەکان

هیدفۆن یا بە واتایەکی دیکە ئایەر فۆن (Air phone) ئەو دەنگ بڵاوکەرەوە بچووکانەن کە بە وایەر و بێ وایەر دەنگ دەگوازنەوە.

هیدفۆنەکانی JBL لە ریزی یەکەمەکان دێن، لەم دواییەدا کۆمپانیای ناوبراو بۆ (Air phone)ەکانی کەیسێکی زیرەکی بەرهەم هێناوە کە بە جۆری JBL›s Tour Pro 2 ناسراوە. دەکرێ بڵێین یەکەم کەیسی زیرەکە لە جیهاندا. شاشەکە لەمسیە و لە جۆری OLEDیە، سایزەکەی ١,٤٥ ئینجە. بەهۆی شاشەکەی دەتوانی فایلی گۆرانییەکان رێك بخەی. ئاگادارییەکانی سەر مۆبایلەکەت لە شاشەی کەیسەکەوە سەیر بکەی. هیدفۆنەکان وەڵامی فەرمانە دەنگییەکانی بەکارهێنەرەکەی دەدەنەوە، کاتێك بەکارهێنەرەکەی خەریکی کارێکی دیکەیە ئۆتۆماتیکی دەنگ رادەگرێ و لەکاتی پێویستیشدا خۆکار چالاك دەبێتەوە. هەتا ٥٠ کاتژمێر گوێدان بە مۆسیقی شەحنی دانابەزێت.





# مۆبایل- تەبلێتێکی ناوازە

لە راستیدا تەبلێت و مۆبایل هەر یەك شتن، بە هەندێك جیاوازی کەمەوە. لە قەوارەدا تەبلێت گەورەترە و وەك باوکی مۆبایل دەچێت، هەندێك تواناکانی کەمترە. مۆبایل دەکرێت هەموو تواناکانی تەبلێتی هەبێت، بەڵام چونکە شاشەکەی بچووکە، بەکارهێنەر بۆ سەیرکردن زیاتر لە تەبلێت سوود وەردەگرێت.

کۆمپانیایەك هەستاوە بە بەرهەمهێنانی مۆبایل-تەبلێتێکی ناوازە، هەم مۆبایلە و هەم تەبلێت. کاتێك دەنوشێتەوە وەك مۆبایلی لێدێت کە دەکرێتەوە وەك تەبلێتێکی ئاسایی. مۆبایلی Phantom Vision V لە بەرکدا جێگای دەبێتەوە. بەڵام کە دەکرێتەوە بەقەد تەبلێتی لێدێت.

تەبلێتەکە بەرهەمی کۆمپانیای tecnoیە. کاتێك دەنووشتێتەوە لە پێشەوە شاشەیەك دەبینی و لە پشتەوەش کامێرایەك وەك هەموو مۆبایلێك. بەڵام شاشەیەکی بچووکیش لە پشتەوە هەیە بۆ نیشاندانی ئاگادارییەکان و کورتە پەیام و کاتژمێر. زۆر وەك مۆبایلی گەلەکسی زێد فۆڵد٤ دەچێت، بەڵام هەندێك گەورەترە و دەبێتە ١٠ ئینج. خودی شاشەکە لە ١١ لایە پێکهاتووە تاکو پتەوتر و بەهێزتر بێ.



## لەم ماڵپەڕە بە دەق وێنە دروست بکە

زۆر جار هەندێك وێنەی هونەری دەبینن کە وێنەکە بە دەق دروستکراوە، بۆ نموونە دەقێکی ئایینی یا شیعرێك یا هەر شتێکی دیکە وێنەیەکی هونەری لێدروستکراوە.

ماڵپەڕی www.midjourney.com/home/ یەکێك لەو ماڵپەڕانەیە کە بە سوود وەرگرتن لە زەینی دەستکرد دەتوانی دەقێکی تایبەت بکەی بە وێنەیەك. بەڵام ئەوەندەی هەیە لەم ماڵپەڕەدا ناتوانیَ هەر وێنەیەك کە حەزی لێدەکەی لە دەق دروستی بکەی، بەڵکو دەتوانی لە نێوان سەدان وێنە کە لە گالێری ماڵپەڕەکەدا یەکێکیان هەڵبژێری و پاشان دەقێکی بۆ بنووسی و دواتر وێنەکە بە دەق دروست دەبێت. بۆ سوود وەرگرتن لەم ماڵپەڕە دەبێت هەژماری تایبەت بەخۆت هەبێت.

# پرۆگرامێکی بەهێز بۆ دروستکردنی پرۆگرامی فێرکاری

فیلم و پرۆگرامی تایبەت بە فێرکردن و راهێنان لەسەر پرۆگرامێك یا مەبەستێك، یەکێکە لە شێوازەکانی فێرکردن و وا لە بەکارهێنەر دەکات پێویستی بە هیچ خولێکی ئامادەیی یا مەجازی نەبێت و هەر لە رێگای پرۆگرامەکەوە خۆی فێری پرۆگرامی مەبەست بکات. بۆ دروستکردنی پرۆگرامە فێرکارییەکان پێویستیان بە پرۆگرامێکی تایبەتە. یەکێك لەو پرۆگرامە گرنگانە، پرۆگرامی iSpring Suiteە، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێت باشترین پرۆگرامی فێرکاری دروست بکەی. بۆ نموونە دەکرێت پرۆگرامی تاقیکاری قوتابخانە و زانکۆکان، پرۆگرامی پرسیاری و وەڵام، زیادکردنی فایلی دەنگ و وێنە، زیادکردنی دیالۆگەکان، ئەوانە بەشێکن لەو پرۆگرامە.

هەندێك تایبەتمەندی دیکەی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

دروستکردنی سلایدی سەرنج راکێش بە ئێفێکتی جۆراوجۆرەوە.

توانای بڵاوکردنەوە لە هەموو ئامێرێکدا، وەك مۆبایل و کۆمپیوتەر و DVD.

توانای تۆمارکردنی دەنگی فێرکار و ئەوانە و چەندین تایبەتمەندی دیکە بەشێکن لە تواناکانی پرۆگرامی ناوبراو.






# گرنگیدان و گرتنەبەری ڕێکارە دروستەکانی ماکیاژ

ماکیاژکردن، پێویستی بە کارامەیی و لێهاتوویی هەیە، هەڵەکردنیشی زیانی بۆ پێست و جوانیت دەبێت، بۆیە پسپۆڕان چوار بنچینەی سەرەکییان بۆ پارێزگاری لە شێوەی برۆ داناوە، هەوڵ بدە سوود لە زانیارییەکانی ئەو چوار بنچینەیە وەربگریت کە ئەمانەن: نابێت لە کاتی ماکیاژکردن، توند و هێز بەرامبەر مووی برۆکانت بەکار بهێنیت، چونکە زیان بە ڕەگەکانی دەگەیەنێت و بەمەش جوان نایەتەوە. هەروەها پێویستە ماوەی سێ هەفتە جارێك کاری چاککاری بۆ برۆکانت بکەیت. بەکارهێنانی کرێم و پرایمەر بۆ زیندوو هێشتنەوەی برۆکانت ئەرکێکی ڕۆژانەیە و پێویستە فەرامۆشی نەکەیت، وا چاکە بەر لە ماکیاژکردن یان پێش نووستن ئەو کارە بکەیت. هەروەها بەیانیان بە ئاوی شلەتێن دەموچاوت بشۆ، تا برۆکانت زیاتر بە هێز بن. ڕەنگکردنی برۆ: پێویستە ڕەنگی برۆ و قژت لە یەکتر نزیك بن، یان هاوڕەنگ بن، هەوڵ بدە ئەوەش بە ڕێگەی قەڵەم یان پۆدرەی سادە بەکار بهێنیت، هەروەها گرنگی بە بەشی ناوەوەی برۆکانت بدە ئەوەی لەلای لووت نزیکە و دواتر تەنك پاشان با زیاتر تۆختر بێت، تا شێوەیەکی سرووشتی بە برۆ و ڕەنگی قژ و ڕووخسارت بدەیت، لە شوێنی کەشی گەرمدا هەوڵ بدە جەلی لە برۆکانت بدەیت، چونکە کەشی گەرما کاریگەریی لەسەر ماکیاژەکەی سەر برۆکانت دەکات، هەروەها دەبێتە هۆی تێکچوونی شێواز و ستایلی برۆت، دانانی جەلی دەبێتە هۆکاریك بۆ جێگیرکردنی داوەکانی برۆت و هەروەها پارێزگاری لە ڕەنگی برۆکانیشت دەکات.







## پێڵاوی ڕوونی بلیکسی سەرنجڕاکێشە

سـەرەتای دەرکەوتنـی پێـڵاوی بلیکسی، کە بە پێڵاوی ڕوون و شووشە ناسراوە، ئـەو جۆرەیە کە بەشێکی زۆری پـێ و گۆزینـگ دیـارە، بەهـۆی ئـەوەی پێکهاتـەی پێڵاوەکـە لـە پێست و کەرەستە پرەکان بـەکار نەهێنـراون، بەڵکـو لـە سـیلیکۆن و شووشـەن، هاوشـێوەی پێـڵاوە شووشـەکەی سـەندرێلای بەناوبانـگ، ئـەو شێوازە پێڵاوە ئێستا بـاوە و دیـارە، ئەو جۆرە پێڵاوانە لە کریستاڵ و سیلیکۆن و شووشە دروست کراون، مۆدێکی سـەرنجڕاکێش و گەشـاوەیان هەیـە، بـە تایبـەت کاتێـك ڕووناکیـی بەردەکەوێـت دەبریسـکێتەوە و ڕوونتـر دیـار دەبێت، ئـەو پێڵاوانـە زیاتـر بـۆ بۆنـە و یـادەکان لەپـێ دەکرێـن، بـە تایبـەت لەگـەڵ کراسـی عـەزی و کراسـی کـوردی و تەنـوورە و هەنـدێ جاریش پانتۆڵەکان، بەهۆی ئـەوەی کـە ڕوونـە، پێویسـتە پێڵاوەکان دیـار بـن، هـەر یەکە لە براندەکانی: سێرجیۆ ڕۆسـی، تۆنی ئاڵن، نیکۆلا گیـۆن، سـیلڤادۆر دالـی، پێیـان وایـە کـە پێڵاوەکانی بلیکسـی، مۆدێکی نایابـە لـە جوانیـدا، هەروەهـا گونجاوە تاوەکو ببێتـە لوتکـەی سەرنجڕاکێشـترین پێڵاوەکان بـە گشـتی، بەهـۆی ئـەوەی دیمەنێکـی ناسـك و مێیـەی هەیـە، هەروەهـا بـە ڕەنگدانـەوەی ڕووناکـی لەسـەر پێڵاوەکانـدا زیاتـر بەرچاوتـر دەبێـت.



## ملوانکە جوانیت دەگەشێنێتەوە

خشـڵەکانت جێگـەی بایەخـن و جوانیـت دەردەخـەن، هـەردەم لـە هەوڵـی بەدەسـتهێنانی خشـڵی جـوان و ڕەنگینـدا بـە، بـە هەڵبژاردنـی چەنـد خشـڵێك گۆڕانـکاری لـە تـەواوی شـێوە و جوانیتـدا دەکەیت. مارکـەی (سوارۆڤسـکی)، سـەرچاوەی چەندیـن خشـڵ و ئێکسـسواری جۆراوجۆرە، نایابترینیـان بریتییـە لـەو کۆمەڵە ملوانکـەی کـە لـە ژێر نـاوی (ڕایـن بـەو پارادایـس - Rainbow Paradise)، بـڵاو کراوەتـەوە، جوانیـی ئـەو جـۆرە ماکیـاژە کـە هاوشێوەی پەلکە زێڕینەیـە، جگـە لـەوەی شێوەکەی، هەروەهـا هەمـان ڕەنگەکانیشی وەرگرتـووە، کـە لـە ڕێگـەی شـێککردنی هێماکانـی ڕێگـەی (ئەوروگامـی و گوڵـی ئۆرکیـدە)ی سـێ ڕەهەنـدی دیزاینـی بـۆ کـراوە. بەشـێکی دیکەیـان لـە هەمـان ڕەنگـی جۆراوجۆرە، بـەڵام شـێوەی مانگـی پێـوە دیـارە. هەروەهـا گۆڕانـکاری لـە ڕەنگەکانیشـدا پێـوە دیـارە، کـە دەکرێـت لـە ڕەنگەکانـی زەردی شـێوەی هەنـگ و شـین و مـۆر ڕەنگدانـەوەی زیاتـری پێـوە دیاربێـت. ئـەو جـۆرە ملوانکەیـە، دەکرێـت بـۆ کاتـی دەوام و زانکـۆ و ماڵـەوە و دەرچوونیـش لـە مـل بکرێـن، چاکتـرە لەگـەڵ ڕەنگـی جلوبـەرگ ڕێـك بخرێـن، بەمـەش مۆدێکـی نایـاب نیشـان دەدات.

# پێكهاتەی و مێژووی سابوونی ڕەقی


سابوونی ڕەقی یان سابوونی حەلەبی یان سابوونی غار كە بە عەرەبی (صابون الغار، صابون الحلبی) بە ئینگلیزییش (Aleppo soap)ی پێ دوەگوترێت، جۆرە سابوونێكی سرووشتییە و لە چەند جۆرە زەیتێكی ڕووەكی و سرووشتیی وەك زەیتی زەیتوون و زەیتی گەڵای غار پێك هاتووە، جیاوازە لە سابوون و پاككەرەوەكانی دیكە و هیچ پێكهاتەیەكی كیمیایی لە پێكهاتەكەیدا نییە و هەستیاری دروست ناكات. سابوونی ڕەقی شێوەیەكی شەشپاڵوی مامناوەندی هەیە، هەروەها ڕەنگی سەوزێكی تێر یان قاوەییەكی تۆخی هەیە و خاوەن بۆنێكی نیمچە تیژە، بە گشتی بۆ گرنگیدان و پاككردنەوەی پێست و قژ بەكار دەهێنرێت، مێژووی دروستكردن و بەكارهێنانی سابوونی ڕەقی دەگەڕێتەوە



بۆ دوو هەزار ساڵ پێش زایین، لە بەڵگە مێژووییەكاندا دەركەوتووە كە شوێنەواری دروستكردنی ئەم سابوونە بۆ ناوچەیەكی شاری حەلەبی وڵاتی سووریا دەگەڕێتەوە، هەر لەو ناوچەیەوە دروست كراوە و بە جیهاندا بڵاو بووەتەوە، هەندێك سەرچاوەی مێژوویی پشتڕاستیان كردووەتەوە كە تەنانەت لە سەردەمی كیلۆپاترا ئەم سابوونە هەبووە و خودی كیلۆپاترا سابوونی ڕەقیی بەكار هێناوە. سابوونی ڕەقی ئەگەر جۆر و كوالێتییەكەی بەرز بێت هیچ پێكهاتەیەكی كیمیایی لە دروستكردنیدا بەكار ناهێنرێت. لەگەڵ ئەوەی زەیتی زەیتوون و زەیتی گەڵای غار لە دروستكردنی سابوونی ڕەقیدا دوو پێكهاتەی سەرەكین، هاوكات زەیتی ڕەشكە و زەیتی خورماش لە چەند جۆرێكی سابوونی ڕەقیدا هەیە، هەروەها هەندێك سابوونی ڕەقی ماددەی كیمیایی وەكوو سۆدیۆم و هایدرۆكسیدی سۆدیۆم لە دروستكردنیدا بەكار دەهێنرێت، زۆرێك لە جۆرەكانی سابوونی ڕەقی بە شێواز و تەكنیكی سادە دروست دەكرێن، هەندێك جۆریش لە زەیتی زەیتوون دروست دەكرێت كە دەبێ دووجار گوشینی بۆ كرابێت و بۆ ماوەی شەش مانگ كۆگا كرابێت و ڕەنگێكی سەوزێكی تۆخی هەیە، سابوونی ڕەقی بە دوو شێواز و تەكنیك دروست دەكرێت، شێوازی یەكەم شێوازێكی نەریتی و سادەیە و بە كۆمەڵ و بە دەست و كەرەستەی سادە دروست دەكرێت، شێوازی دووەم بە پشتبەستن بە ڕێگەی یەكەم لە كارگەكان بە بەكارهێنانی ئامێری سەردەمییانە دروست دەكرێت، بەهۆی ئەوەی سابوونی ڕەقی لە زەیتی زەیتوون دروست دەكرێت، بۆیە دروستكردنی سابوونی ڕەقی لە دوای ماوەی چنینەوەی زەیتوون دەست پێدەكات، خوێ و ڕۆنی گەڵای غاریشی پێویستە، هەموو پێكهاتەكان تێكەڵ دەكرێت و لەسەر ئاگرێك كە پلەی گەرمییەكەی بەرز بێت دادەنرێت، تاكو گیراوەیەكی چڕ دروست دەبێت، ئەم قۆناغە بنەمای سەركەوتنی كارەكەیە و پێویستی بە ئارامی هەیە، پێویستە پیكهاتەكانی لەدوای یەك تێبكرێت و بە بەردەوامی تێك بدرێت تا گیراوەكە چڕ دەبێتەوە، بۆ ماوەیەك بەجێدەهێڵدرێت تاوەكو سارد دەبێتەوە، دوای ساردبوونەوە گیراوەكە لە قاڵبی شەش پاڵوویی بچووك دەكرێت و دەخرێتە بەر هەوا تاكوو یەك دەگرێ و پتەو و ڕەق دەبێت، سابوونەكان لەسەر یەك دادەنرێت بە شێوەیەك كە هەوا لە نێوانیاندا هەبێت، ئەم قۆناغە بە قۆناغی وشكبوونەوە ناسراوە و ماوەی شەش بۆ نۆ مانگ دەخایەنێت.

# ئەندازیاری خانووی ڕەش

ئەندازیارێکی هیندی لە وڵاتی کۆریا سەیرترین خانووی دروست کردووە، کە سەراپای ڕەنگی ڕەش کراوە، دیمەنی ژوورەوەی وەك دیمەنی ئاسمان و بۆشاییگەری وایە. ئەو پرۆژەیە لەلایەن ئەندازیارێك بە ناوی (ئاسەف خان) دروست کراوە، بە ناوی (هیۆندای پاڤیلۆن)ە، دەکەوێتە شاری بیۆنیگ شانگ، بە تاریکترین خانوو دادەنرێت، بە تۆخترین ڕەنگی ڕەشیش بۆیە کراوە، کە (٣٥٠٠) ملیمەتر دەبێت و لە تاڵە موویەکی مرۆڤ باریکترە، لە ماددەیەکی نانۆ کاربۆنی ڕەش دروست کراوە و پێ دەگوترێت (Vantablack VBx 2)، لە توانایادا هەیە لە (٩٩٪)ی ڕووناکی بمژێت و نەهێڵێت ڕەنگدانەوەی هەبێت.



# دوورگەیەک بۆ فرۆشتن

لە مامەڵەکانی نووسینگەکانی خانووبەرەدا، خانوو و باڵەخانە و ڕووبەری زەوی بۆ فرۆشتنە، کەچی دوورگە فرۆشتنیش پەیدا بووە، بەهۆی گرنگیی پێگەی دوورگە و کەشی گونجاو بۆ گەشتیاری. دوای ئەوەی مێژووی دۆزینەوەی دوورگەیەك لە بەریتانیا بۆ ساڵانی (١٧٠٠) دۆزراوەتەوە، کە ڕووبەرەکەی (٢٠) هەزار مەتر دووجایە، لەسەر ئەو دوورگەیە تەنیا خانوویێك هەیە کە پێنج ژووری نووستن و دوو هۆڵ و شوێنی دانیشتنی تێدایە، ئەو دوورگەیە ناوی (یەنس فیلۆگ)ە، دەکەوێتە سەر دەریای ئیرلەنلدا لە باکووری وێلز، دەوروبەری خانووەکە بە داروبار داپۆشراوە، هەروەها کەشێکی هێمن و نایابی هەیە، نرخی ئەو دوورگەیە (٩٥٠) هەزار دۆلارە.



# مۆدی قژی ڕەنگاوڕەنگ



لە تازەترین مۆدەکانی قژی خانمان کە لەلایەن چەندین کچە ناوداری جیهان گرنگی پێ دراوە وەك (کیم کارداشیان و مایا دیاب) جەخت لەسەر مۆدی مارشملۆ بۆ ڕەنگی قژ دەکەنەوە، ئەو مۆدە بریتییە لە ڕەنگکردنی قژ لە شێوەی پەلکە زێڕینە، ئەو شێوازە و مۆدەیە لەلایەن کچێکی بەریتانی بە ناوی (میرا ئایس) خراوەتە ڕوو، دواتر بووەتە مۆدێکی باو، کە لە بەشی پشتە سەرەوە چەند تاڵێکی قژ لە ڕەنگێکە، وەك ئەوەی پەلکە زێڕینە بێت، مەبەست لەو مۆدە ئەوەیە کە هاوشێوەی ڕەنگەکانی بەهار وایە، بەم شێوەیە قژی ئافرەتان ڕەنگاوڕەنگ و جوانیی لێ دەبارێت و هەروەها ئارایشتێکی سەرنجڕاکێشی دەبێت.

## یاسا

### پشکنینی DNA بە پێی یاسا

بەپێی یاسای باری کەسێتی مادده " ٥٢ و ٥٣ " مەرجە ئەو کەسەی کە داوای سەلماندنی ڕەچەڵەك دەکات گەر کوڕێك بێت و خۆی بە منداڵی پیاوێك بزانێت، پێویستە کەسی داوالێکراو واتە پیاوەکە ددانی پێدا بنێت و «اقرار» بکات بە بوونی ڕەچەڵەکی منداڵەکە بۆخۆی، هەروەها دوای ددانپێدانان پێویستە بەڵگەی سەلماندن هەبێت بۆ سەلماندنی ڕەچەڵەکی منداڵەکە، کە سەرەتا بوونی شاهێدی بەرچاوە کە ئاگاداری بوونی منداڵەکەن، گرنگە کە بۆ دادگای بسەلمێنن داواکار منداڵی داوالەسەرکراوە و لەخۆی و هاوسەری بووە بەڕێگەی شەرعی لەگەڵیاندا ژیابێت و بینیبێتیان و ناو و لەدایکبوون و ڕوخساری منداڵەکە بزانن و بیناسنەوە، یان بوونی نوسراو و بەڵگەی سەلماندن یان بوونی بەڵگینە " قرائن " وەك وێنە و ڤیدیۆی تۆمارکراوی منداڵەکەو باوکی، دواتر لەسەردەمێکی وەك ئەمڕۆدا گەر ڕێگەی دیکەی پێشکەوتوو هەبوو بۆ سەلماندنی جیناتی منداڵەکە، ئەوا پێویستە دادگا پەنای بۆ ببات وەك پشکنینی " DNA " ، لە یاسای باری کەسێتی لەبابەتی سەلماندنی ڕەچەڵەك دا بەیەك وشەش باسی DNA نەکراوە و بەمەش نابێتە بەڵگەی تەواو گەر بە بەڵگەی دیکەی وەك ئەوانەی سەرەوە پاڵپشتی نەکرێت، چونکە بە بەڵگینە «قرائن قضائیة» دادەندرێت بەپێی یاسای سەلماندن بەپێی «١٠٤» کە ڕێگەی بە دادوەر داوە بە سوودوەرگرتن لە وەسائلی پێشکەوتووی زانستی بۆ استنباط قرائن قضائي، چونکە بابەتی سەلاماندنی ڕەچەڵەك یەکێکە لەبابەتە گرنگ و هەستیارەکان و پێویستە دادگا ڕەچاوی هەموو لایەنەکانی داواکە بکات، لە هەمووی گرنگتر ددانپێدانانی کەسی داوالێکراو واتە باوکی منداڵەکە و بوونی ڕەچەڵەکی منداڵەکەی بۆسەر خۆی ڕەت نەکاتەوە.





## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرەدا نەهامەتیی ساڵانی پێشوو و داهاتوودا دەردەخات، کە هەر ساڵێك بەجۆرێك کێشە و گرفتەکان زیاتر دەبن.




## کتێب

**دوژمنی بێدەنگ - Quietly Hostile**

کتێبێکی نایابی کچە نووسەری کۆمیدی و تەنزئامێزی ئەمریکی سامانتا ئێربییە، کە زۆربەی وتارەکانی لە نیویۆرك تایمز بڵاو دەکاتەوە، لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا هەموو وتارەکانی کردووەتە ئەو کتێبە، سامانتا لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٠ی لە ئەمریکایە، دەرچووی زانکۆی نۆرتێرن ئیلینۆیسە، یەکێکە لە باشترین نووسەرانی ئەم سەردەمە، کتێبەکە لە مانگی دووی ئەمساڵدا لە کتێبخانەکان بڵاو کراوەتەوە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هۆکاری ئەوەی بەشێکی زۆر لە کارەکانت ئەنجامەکەی بەوشێوەیە نییە کە خۆت دەتەوێت، ئەوەیە کە کەمتەرخەمیت و، لە کاتی هەوڵدان سەرنجت لای شتی لاوەکییە، پاڵپشتیی خێزانەکەت بکە، بەتایبەتی ئەم چەند ڕۆژە، لە پێناو تەندروستیت لە خواردنی تیژ دور بکەوەرەوە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بەهۆی توانا و کارەکانی خۆتەوە سەرکەوتنێکی گەورە لە کارەکەت تۆمار دەکەیت، گرنگی بە هەمو ئەو شتانە بدە کە خۆشەویستەکەت ئارەزوی دەکات تا زیاتر دڵی بەدەست بهێنیت، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت خەریکە لاواز دەبن، پێویستە پێداچونەوەیەك بە ژیانی کۆمەڵایەتیتدا بکەیت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

گەڕان بەدوای هەلێکی باشتردا زۆر گرنگە بۆ ئەوەی لە ئامانجەکانت نزیك ببیتەوە، ئاگاداربە لە هەمو ئەو شتانەی تووڕەت دەکات لە خۆشەویستەکەت، دەنا کێشەکانتان زیاد دەکات، گۆڕانکارییەکی گەورە لە ژیانتدا ڕوو دەدات و دەچیتە قۆناغێکی ئاڵۆزترەوە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

بەدوای نوێگەریدا دەگەڕێیت و دەتەوێت هەنگاوی نوێ بنێیت، بە بێ ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی هێور هیچ کێشەیەك چارەسەری نییە لە نێوانی خۆت و خۆشەویستەکەتدا، ئەگەر لەگەڵ هاوڕێکەت بڕیاری ئەنجامدانی چەند سەرکێشیەك یان گەشتێك دەدەن، وریابە ژیانی خۆت مەخەرە مەترسییەوە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

بڕیاردانی خێرا ئەنجامێکی باشی نابێت، ئاگاداربە و هەوڵ بدە کەمێك بەئاگابە، تێگەیشتن و گفتوگۆی هێمن باشترین یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی پەیوەندیی سۆزداریت جێگیر بێت، ئەگەر هەندێك شت ناڕوون بوون لات باشترە پرسیار دەربارەیان بکەیت پێش ئەوەی توشی هەڵە ببیت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

کێشە و گرفتی زۆر وا دەکات ماندوو بیت و حەزت بۆ کارەکەت کەم ببێتەوە، ئەم ماوەیە پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت جێگیر دەبێت، هەوڵ بدە زیاتر بایەخ بە تەندروستیت بدیت بەتایبەت لایەنی دەروونی، ئەگەر بۆ چەند ساتێك بچیتە دەرەوە یان خۆت بە خوێندنەوەی کتێبەوە سەرقاڵ بکەیت، دەروونت ئارام دەبێتەوە.



## پەند و وتە


جۆرج بێرنارد شۆ، نووسەری ئیرلەندی لە دایکبووی ساڵی ١٨٥٦ لە شاری دەبڵنی ئیرلەندا، لە ساڵی ١٩٥٠ لە بەریتانیا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی پیاوان دەڵێ: ئەگەر ئافرەتان بە وردی لە کەسایەتیی پیاوان و ناخیان شارەزا بن و بزانن، هەرگیز هاوسەرگیری لەگەڵ پیاواندا ناکەن.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا ڕوخسارێك دیارە لەگەڵ چەند دارێك، هەروەها جەستەیەکی دیکەش هەیە، هەوڵ بدە لە ماوەی ٢٥ چرکەکەدا ژمارەی دارەکان بزانیت و کەسەکانیش دیاری بکەیت.

## فیلم




**واز لە دونیا بێنە**

Leave the World Behind

یەکێك دەبێت لە فیلمە بەهێزەکانی ساڵی ٢٠٢٣ بەهۆی ئەوەی ئەکتەرە ناودارەکانی هۆلیوود بەشدارییان تێدا کردووە، فیلمێکی ئەکشن و سەرکێشییە، باس لە خێزانێك دەکات بۆ بەسەربردنی پشوویەك سەردانی دوورگەیەك دەکەن، دوای ئەوەی لەلایەن دوو کەسی نەناسراوەوە پێیان دەگوترێت کە لە هەموو جیهان کارەبا بڕاوە و هاتوچۆ قەدەغەیە، خێزانەکەش بە جۆرێك مامەڵە دەکەن تاوەکو بتوانن لە ژیاندا بمێننەوە تا کۆتاییهاتنی کارەساتەکە. فیلمەکە لە دەرهێنانی سام ئیسماعیلە، لە ساڵی تازەدا نمایش دەکرێت، لەلایەن پێگەی نێتفلیکس کاری بەرهەمهێنانی بۆ کراوە، لە نووسینی تۆد کامبڵ، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و چوار خولەکە، لە نواندنی: ماهیا هێرۆڵد، جولیا ڕۆبێرتس، ئیتان هاوك، ماهاریشیالا عەلی، دینزێل واشنتۆن، کەیڤن بەیکۆن-ە.

بۆ زانیاریت

## گەورەترین نەیزەک لەسەر زەوی



هۆبا گەورەترین نەیزەکە کە تا ئێستا لەسەر ڕووی زەوی دۆزراوەتەوە، پێدەچێت ٨٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر بەر زەوی کەوتبێت کە کێشی نزیکەی ٦٠ تەن دەبێت، لە سەرەتادا کێشی ٦٦ تەن بووە، بەڵام بەهۆی هۆکارەکانی کەشوهەوا بارستاییەکەی کەم بووەتەوە، هۆبا دەکەوێتە هەمان شوێن کە دۆزراوەتەوە، بیرۆکەیەك لەسەر بنەمای گواستنەوەی نەیزەکەکە بۆ مۆزەخانە یان تاقیگەیەك هاتە ئاراوە، بەڵام بەهۆی گەورەیی قەبارەی نەیزەکەکە، مۆزەخانەیەك لە دەوروبەری دامەزرا، شایەنی باسە کە هۆبا بەراورد بە زۆربەی نەیزەکە نوێیەکانی دیکە کە دۆزراونەتەوە ڕێژەیەکی زیاتری نیکلی هەیە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەمڕۆ تواناکانت بەباشی دەردەکەوێت و ڕەنگە بەرپرسیارێتییەکی گەورە بخرێتە سەر شانت، بەهۆی سەرقاڵبونی خۆشەویستەکەتەوە ناچار دەبیت بە پەیوەندییە سۆزدارییەکەتدا بچیتەوە، بەڵام دەبێت وریا بیت، چونکە ئەمڕۆ کاتێکی گونجاونییە بۆ بڕیاردان.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

پێویستە ئارام بیت لە ڕەفتارکردنت لەگەڵ هاوپیشەکانت بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی پتەو دروست بکەیت، پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت جێگیر نییە بەهۆی ناکۆکییەکی زۆرەوە، گرنگە بە هێمنی بمێنیتەوە بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکانت بکەیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەم ماوەیە پەستانێکی زۆرت لەسەرە و کاریگەریی نەرێنیی لەسەر تواناکانت دەبێت و ماندوو دەبیت، لە نێوانی تۆ و خۆشەویستەکەت هەندیك ناکۆکی ڕوو دەدات کە ڕەنگە کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکەتان بکات، هەنگاونان بۆ گۆڕینی ژیانت بەرەو سەرکەوتنی زیاترت دەبات.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


سوود لە هەمو چانسێك وەربگرە کەدێتە بەردەمت، بۆ ئەوەی بگەیت بە ئەنجامێکی باشتر، خۆشەویستەکەت پێویستی بە زانیاریی زیاتر دەبێت لەسەر ژیانت پێویستە ورد و جددی مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، ئەو کێشانەی ئەم چەند ڕۆژە دەبنە بەربەست بۆت، کاتیین، بۆیە خۆتیان پێوە سەرقاڵ مەکە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

تاقیکردنەوە و هەوڵدانی زۆر یارمەتیت دەدات کە هەنگاوی نوێ بنێیت، ڕاستگۆیانە هەستەکانی خۆت بۆ خۆشەویستەکەت دەرببڕە، چونکە مافی خۆیەتی، ئەمڕۆ لەوانەیە کارەکانت کەمێك قورس بێت بەڵام نیگەرانیی ناوێت، چونکە بارودۆخەکە کاتییە و ڕێگە مەدە کاریگەیت لەسەر جێ بهێڵێت.


### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢


کارەکانت بەرەو باشتر دەڕوات و هەلی نوێ دەخرێتە بەردەمت، هێندە توند و هەڵەشە مەبە بەرامبەر خۆشەویستەکەت، ئارام بە و زیاتر کەسایەتیی خۆتی نیشان بدە، ئەمڕۆ هەندێك کاری گرنگت هەیە کە لە ماڵەوە جێبەجێیان بکەیت و فەرامۆشیان مەکە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly Gulan
March 6, 2023 Issue,No.1356


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەڤینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626